


# سیمای موحەممەد

نووسینی:

دوکتۆر عەلی شەریعەتی

وەرگێڕ: صدێق بورەکەیی «صفی‌زادە»



# سیمای موحەممەد

نووسینی: دوکتۆر عەلی شەریعەتی

وەرگێڕ: صدیّق بۆرەکەیی «صفی‌زاده»

سروش

تهران، ۱۳۵۹

سیمای موحەممەد ـ نووسراوی دوکتۆر عەلی شەریعەتی ـ
صدێق بۆرەکەیی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو ناونامەو
فەرهەنگی بۆ ڕێکخستووەو پێشەکی بۆ نووسیوەو
یادداشتەکانی ساغ کردووەتەوە.

سروش

تهران، خیابان استاد مطهری، نبش خیابان مبارزان، ساختمان جام‌جم
چاپ اول: مهرماه ۱۳۵۹
حروفچینی: لاینوترون انتشارات سروش
از این کتاب ده‌هزار نسخه در شرکت افست (سهامی‌عام) چاپ و صحافی شد.
همهٔ حقوق محفوظ است.

# پێشەکی

**خوێنەری بەڕێزو هێژا!**

ماوەیێك بوو ئـەمویست بۆ زیندوو کردنەوەو پێش‌خستن‌و بەرز کردنەوەی زمانەکەمان منیش هەنگاوێك هەڵگرم‌و ڕاژەی زمان‌و وێژەی نەتەوە دواکەوتووەکەم بکەم. وە بەم هیوایە چەندین نووسراوی ئاینی‌و وێژەییم لە زمانەکانی فارسی‌و عەربی‌یەوە وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی کە خواحەزکات یەك لەشوێنی یەك لە داهاتوودا لە چاپ ئەدرێن.

بێ‌گومان خۆم بە بەختەوەر ئەزانم کە دووهەمین ژمارەی زنجیرەکەمان پەڕاوی «سیمای موحەممەد»ە کە نووسراوی دوکتۆر عەلی شەریعەتی‌یە. ئەم نامیلکە هەر وەها سەرنجی ئەدەن کەسایەتێیکی تازەو نوێی لەسیمای پێغەمبەری گەورەی ئیسلامدا دەرخستووە، وە بێ‌شك بڕوای خوێنەر قوولترو بتەوتر ئەکاتەوە، وە ئەگەر بڵێم گەلێك بەهۆی خوێندنی ئەم پەڕاوە بیرو ڕایان لە ئیسلامەتی‌دا بتەوترو قایمتر ئەبێتەوە فیشاڵم نەگوتووە.

ئەوەش ئەبێ بڵێم، لەبارەی چۆنیەتی ژیانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامەوە گەلێ پەڕاوو نامیلکە بەزمانەکای جۆربەجۆر نووسراوە، بەڵام پەڕاوێ بەم تیەن‌و بچوکیە، وەبەم چەشنە سادەو ڕەوان تا ئێستا بڵاو نەبووەتەوە، وە لەسەر هەموو موسڵمانێکە کە ئەم پەرتووکە بە وردی بخوێنێتەوەو لە ڕووداوەکان‌و کارەساتەکان‌و خەباتی بێ‌وچانی موسڵمانانی چواردە سەدەی لەمەوپێش ئاگەدار بێ.

لێکۆڵینەوەی ڕەوان‌ناسی‌و کۆمەڵ‌ناسی نووسەری ئەم پەڕاوە، لە مێژووەکانی ئیسلامدا بێ‌وێنەیەو هیچکام لە نووسەران کە بەسەرهاتی پێغەمبەریان

نووسیوه، بەم چەشـنە نەکەوتوونەتە ناو توێژینەوەو لێکـۆڵینەوە. جـا هەر چـەندە بەپێویستی نازانم لەمە زیاتر بە پەڕاوەکەدا هەڵبڵێم، چونکە حەز ئەکەم خـوێنەری بەڕێز خۆی سەرپشك بێ لەمەدا.

ئیتر هیوام ئەوەیە کە خوێندەوارانی خۆشەویستی کورد دەسـتی یارمەتیمان بۆ درێژکەن و لەگەڵ ئێمەدا هەنگـاو هەڵگـرن بۆ پێشــەوە لەرێی ئـامانجی بەرزی نەتەوەو نیشتمانە پیرۆزەکەماندا.

تاران ١٣٥٩ - بۆرەکەیی

# بە ناوی خوای مەزن

روومەتەکانی ئاشکراو دیاری کراوی مێژوو: قەیسەرەو زانایە و پێغەمبەر. قەیسەر، هەروەها کە مێژوو پیشانی داوە، زەلامێکی بەسامو گێچەڵبازە، بە چاوانێکی بێ بەزەییو ئەندامێکی زبرو بەسام، دەستێکی هابە شمشێری ڕووتەوە کە هەمووده‌م خوێنی تازەی لێ ئەتکێ، وە لە پەراوێزا، روومەت گەلێکی بەناوبانگ وەکوو نەسەقچیو هونەرو وشکەڕنو نووسەرو خواجەی هەندەروون و بەکرێ گیراوی دەشتو دەر لەبەر دەستیایە، وە سەرمایەی هەر زێوو زێڕەو سەرگەرمی ئەو هەر بەزم و ڕەزمەو ئیتر هیچیتر.

روومەتێکی تر، روومەتی زانایە، ڕۆشنبیرو دەسکە گوڵی هەر خولو هۆزێك. هەندێ جار ئەو لەبارەگای قەیسەرا لە ژێر ئەژنۆو چۆکی نەسەقچیو وشکەڕنو خواجەدا ئەبینین، وە بڕێ جاریش لە کونجێکەوە دانیشتووەو سەری ناوەتە سەر ئەژنۆی بیرو ئەندێشەی خۆیەوە، وە بەشاباڵی بەرزی کە لکەلەی جوانی خۆی سەربانە بەرزەکانی ئاسمانی بڕیوەو زەمانی لەبیر چووەتەوە.

ئەوەندە ئەسپی بەشەو لنگداوە　　　کە هۆشی بەلای خۆیەو نەماوە[1]

ئەو لە دووی ڕاستەقینە دایەو بیریهەر هابەلای زانستو زانینەوە، وەدڵیهەرهابەلای بیروئە ندێشەی خۆیەوە، وەلەژیان و پێداویستی یەکانی کۆمەڵ گەلێ دوورە و بە ویستەکانی خەڵك بایەخ نادا.

تروووسکە دارترین روومەتی ریئۆنیو زانین لەمێژووی مرۆدا، بێ هیچ قسەو باسێ سوقراتە. کە سێ کەقسەکانی لەدرێژایی بیستو پێنج سەدەدا بووەتە خوردو

خۆراکی بیرەکان‌و شەرابی بلیمەتان‌و تێ‌گەیشتوان، ئەم ئادە میزادە بە ئاوەزو ژیرە کە دۆزەرەوەی سەرزەوی‌یەکان‌و لووتکەبڕی لووتکەبەرزەکانی زانستە، وە تا ئەودەمە هەنگاوی هیچ‌ئاوەزێکی پێدا نەرۆیشتبوو بووە باخەوانی بلیمەتەکان، هەر لە ئەفلاتوونەوە تائەرەستوو هەتا ئەگاتە خول‌و زەمانی ئوگوستن‌و سن‌ئۆژن تائەگەیێتە کندی‌و بووعەلی‌سیناو ئیبنی روشد.

بەڵام ئەوچی ئەویست؟ ئەمە تەنیا پیتۆڵان‌و فەیلەسووفان ئەتوانن وەڵامی بدەنەوە، وە تەنیا گراوانی فەلسەفەو زانایانی بیری بەرز ئەتوانن ئەم مەتەڵە هەڵێنن. خەڵکی ئاتن لە قسەکانی ئەو سەر دەر ناکەن‌و هیچ زەمانێکی تریش لە ئەو تێ‌ناگەن.[٢] ئەگەر سوقرات‌و شاگردەکانی لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو لابەین چی روو ئەدا؟ تەنیا پەرتووکخانەکان‌و زانکۆکان بە هاواردێن، خەڵکیش خۆهەر تێ‌ناگەن. مەگەر هەر ئەمانە نەبوون کە دموکراسی یوونانیان بە ئاپۆرو رووشە دائەناو دەوڵەتی مەردومی‌یان بە پەتەرێکی گەورە ئەزانی؟ وە بۆ لەناوچوونی دەوڵەتی دەرەبەگان چ داخ‌و موخابنێکیان ئەخوارد؟ مافیشیان بە دەستەوە بوو، چونکە گەلێکی وا کە چەندین سەدە لەژێر قامچی‌و تازیانەی ئاغەکان‌و دەرەبەگەکانا رەنجیان ئەبردو وەکوو وڵس‌و ئاژەڵ باریان ئەکێشاو جگە لە برسیەتی‌و بێ‌دەنگی مافێکیان لە نیشتگەی ئریستوکراسی ئاتن دا نەبوو، ئێستا چۆن ئەتوانن خۆیان بنە جڵەوداری وڵاتەکەیان‌و وڵات بەڕێوە بەرن، وە بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا، بە ئەفسانەی دەوڵەتی میراتی‌و سروشتی دەرەبەگەکان کۆتایی بدەن، وە لەقوولایی‌و جوانی ئەم قسانەی سوقرات چۆن تێ‌ئەگەن کە ئەڵێ: ئەگەر لەوە نەئەترسام کە خەڵکی ئاتن رەخنەم لێگرن‌و بڵێن سوقرات دەم لە هەموو زانستە کانی جیهان ئەوەشێنێ ئەموت هیچێ نازانم»!!.

بۆ خۆرئاوا، ئیسپارتاکۆسی بێ‌سەواد لە ئاکادمیکێك کە هەموو زانستەکانی سوقرات‌و ئەفلاتوون‌و ئەرەستووی خوێندبێ بەکارترە، وە بۆ خۆر هەلات ئەبووزەڕی غەفاری کە عەرەبێکی دەشتەکی بووە لە صەدان وەکوو بووعەلی‌و ئیبنی روشدو مەلاصەدرا بە کەڵکترە.[٣]

روومەتێ تر روومەتی پێغەمبەرە، پیاوانێ کە بەم ڕوومەتەوە لەمێژوودا هەڵکەوتوون‌و سەریان هەڵداوە، لە گەڵ گشت جیاوازێی کە لە رەفتارو وتارا

لەگەڵ یەکدا هەیانە لە چەند نیشانەی زۆر بەرزدا هاوبەش‌و بەشدارن. ئەم‌پیاوانە رووومەتێکی دڵرفێنیان هەیە، وە لە رەفتاریانا، راستی و دروستی و دۆستی دەر ئەکەوێ، وە لە تەوێڵیانا تریفە یێکی شاراوە کە چاوان رائەکێشێ، دیارو خۆیایە، تریفەیێك کە بزەی بەرەبەیان‌و سپیدەی تێدا هەست‌ئەکرێ، بەڵام وەکوو رازو سوڕی شاراوەو نادیار وایە، سادەترین سرنجەکان بەسادەیی ئەبینێ‌و قووڵترین مەتەڵەکانی زانست هەڵ ئەهێنێ.

ئەو گیانانەی کە لەبەرامبەری جوانی‌و واتاو ڕازدا هەست ئەکرێن، گەرماو رووناکی‌و رازی سەرسووڕمانی ئەوان وەکوو گەرمای ئەوینێ، برووسکەی هیوایێ لەگەڵ قسەی نەستەقی دیارو نادیاردا هەست ئەکەن، وە لە تریفەی شاراوەی ڕوومەتیان‌دا و هەروەها لە رازی سرنج راکێشەری دەنگ‌و رەنگیان‌دا بۆنی مەستی بەخشی بیریان، رێ رۆیشتنیان، دانیشتنیان، ئا خەفتنیان‌و وت‌و-وێژیان، بێ‌دەنگی‌یان‌و ژیانیان ئەبینین، وە بەکورتژم لە هەموو نهێنییێکی ژیانیان ئاگەدار ئەبن، وە هەرکاتێ لەسەر لووتکەی بەرزی مێژوودا، خەڵك لەهەرشوێن‌و جێییێکدا لەدووی ئەم رووومەتە سادانەدا کۆئە بنەوە، ئەبینن کە لە کانی دڵەوە دڵیان پێیان بەستووە و رووومەتیان لەئاگرێکی شاراوەدا داگرساوە و بۆ مەرگ پەلەپەلیانە.

پێغەمبەران، فەرمانڕەوایانی بێ خەنیمی دڵەکان، ئەسپی باوو بۆرانی سەرکێشی مێژوویان لە ژێر رکێف دایەو جڵەویان بەدەستەوەیەو بەتاژانگ‌و تازیانەی ئاوەز کە شەقەی لێدانەکەی هێشتا لە ژێر ئەم ئاسمانەدا هەر دەنگ‌ئەداتەوە غاری ئەدەن، وە کاروانەکانی بە رزی مرۆڤایەتی بەرەو رێگاییێکی نوێ ئەخەنە رێ‌و پێشەنگی ئەم کاروانەیان گرتووەتە ئەستۆ.

مێژوو ئەگێرێتەوە کە هەرکاتێ کاروانێ رێ‌ی ون کردووە، وە یا کەوتووەتە دواوە، یەکێ لەم شوڕە سوارانە، کوت وپڕ لە کونجو گۆشەییێکی نادیارە وە سەری هەڵداوە و گەل‌و کۆمەڵی خستووەتە بزووتنەوە و راپەڕین، وە یا رێگاییێکی تازەو نوێ‌ی پێیان پیشان داوە.[٤]

لێرەدا قسەمان لەسەر بڕواو بێبڕوایی نیە، هەر کەسێ بەسەرهاتی مرۆی لە سەر زەوی‌دا بیستووبێ‌وە شتێکی لێ بزانێ، ئەزانێ کە لە چ قوتابخانە یێکا پێ

گەیشتووەو ئامۆژیاری ئەو کێ بووەو کێ پەروەردەی کردووە، وهەر کەسێ مێژووو خووخدەی مێژووبناسێ، ددان بەوەدا ئەنێ کە مێژوو ئایینی ترین و دیندارترینی شتانی ئەم جیهانەیە، وە بەپێی وتەی کارل: کۆمەڵەکانی مێژوو هەموویان کۆمەڵەی ئایینی بوون.٥

ئەم پێغەمبەرانە کەباسمان لێیانەوە کرد ئەبن بە دوو دەستەوە: پێغەمبەرانی ناسامی. واتە ئەو پێغەمبەرانەی کەلەئێران و هندوچین‌دا سەریان هەڵداوەو لەرەگەزی ئاری و نەژادی زەردن، وە پێغەمبەرانی سامی کە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام لەم دەستەو کۆمەڵەیە.

لێرەدا قسە زۆرەو بەداخەوە کاتیش کەمە. ئەوەی کەئەبێ باسی لێوە بکەین و نەیخەینە پشت گوێ بنج و ریشەی چینایەتی هەرکام لەم دوو دەستەیە کەبنجی لە ناویانا داکوتاوە، چونکە لێکۆڵینەوەو توژانەوە لە هەر چینێکی ئایینی‌یا رۆشنبیر بەپێی کۆمەڵ ناسی، بنەرەتێکی زانستی‌یە کەئەبێ شی‌بکرێتەوەو روون بێتەوە. وەبەهۆی لێکۆڵینەوەو توژانەوەوە، ریشەی چینایەتی هەرئایین، وە یا کەسایەتییێکمان بۆ روون ئەبێتەوە، وەئەم چەشنە لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوە نەتەنیا داوەری یەکانی ئێمە لەم‌بارەوە قووڵتر ئەکا و دڵنیاییمان پێ ئەدا بەڵکوو گەلێ شتی ترمان بۆ روون ئەکاتەوە.

گەورە ترین پێغەمبەرانی دوو نەژادی ئاریایی و زەرد، زەردەشت و بوودا و لائۆتزۆ و کونفۆسیۆسە. شکێ لەوەدا نیە کە رێگەی کونفۆسیوس، دژی رێی لائۆتزۆیە، وە ئایینی زەردەشت بە پێچەوانەی ئایینی بوودایە. کونفۆسیۆس هەر هابەبیری کۆمەڵەوە، وە لائۆتزو هالەبیری تاقە کەسێکەوە. ئەو لەبیری بێروون دایەو ئەم بەبیری دەروونەوەیە. زەردەشت روو ئەکاتە ژیان و بوودا، لەژیان هەڵدێ. ئەو جیهان بینێیکی بەرزو رووناکی هەیەو سرنجێکی دڵراکێشەرو خۆشبین، بەڵام ئەم تاریك و بەدبین. زەردەشت ئاگری هەڵکردووەو بوودا بەشوێنی‌ئاگرکوژاوەی «نیروانا» بووە.

بەڵام کۆمەڵ‌ناسێ، جیاوازی‌یەکان و تەنانەت دژگەلێ کە لەناو ئەم ئایینانەدایە نایگرێتە بەر چاو. بۆئەو ئەوەی کە گرنگە، بریتی‌یە لە پێویستەکان و دەردەکان و رێی چارە سەرکردن و بەجێ هێنانی پێویستەکان و دەرمانی دەردەکان و

سەرئەنجام پیشاندانی قەڵەمڕەوی ئەندێشەو جیهانی هەستەکان و دەرخستنی چوارچێوەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵاتی ئایینەکانە.

لێرەدایە کە بەهۆی لێکۆڵینەوە لە بەسەرهاتی ئەم ئایینانەو چۆنیەتی ژیانی ئەم پێغەمبەرانە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە هەموویان لەچینی دەرەبەگ بوون، واتە لە ترۆمی شازادەکان و گەورەکان و پیاوە ئایینی یەکان بوون.

مەهاویرا دامەزرێنەری ئایینی «جینیزم»ە کە رەچەڵەکێ بەرلە بوودا سەری هەڵدا، وە ئێستاش ئایینێکی زیندووە. «گاندی یەکێ لە پەیڕەوانی ئەم ئایینە بوو» یەکێ لە گەورەترین دەرەبەگان و میرەکانی هندوستان «کاشاتریا» یە کە باوکی راجەیێ بوو لە سەدەی شەشەمی پێش زاین دا پاتشایی ئەکرد. بووداش لە چینی کاشاتریاو لە بنەماڵەی هۆزی «ساکیا»یە. پەرەپێدەری ئایینی ئەویش «ئاشووکا» پادشای بەهێزی زنجیرەی «ماگاد»ەکان بوو کە لە سەدەی سێهەمی زاین دا ئەژیا.

شازادە «ماهیندا» لە سەیلان دا پەرەی دایە ئەم ئایینە، وە هەر ئەم شازادەیە ئایینی بووداشی پەرەپێ دا. «مینگ تی» خاقانی زنجیرەی «هان» لەسەدی یەکەمی زاین دا ئەم ئایینەی بردە چین. وە پیاوانی دەرباری وڵاتی «کورە»ش، ئایینی بوودایان بردە دەرباری ژاپون لەوێشا پەرەیان دایە ئەم ئایینە. بنەماڵەی «سوگا»ش کە سەرەك وەزیری ژاپون لەم بنەماڵەیە بوو، لەگەڵ قەراڵی ژاپون «شوتوکوتی شی»دا، ئایینی بوودایان پەرەپێ دا. قوبلای خانی مەغوولیش چەند کەسی ناردە «تەبەت» و ئایینی بوودای هێنایە دەرباری خۆی.

«نانك» دامەزرێنەری ئایینی «سیکهیزم» کە ئایینێکی تازەی هندە، لە سەدەی ١٥ی زاین دا لە بنەماڵەی پادشایی سەری هەڵدا. بەم چەشنە لە هندوستان دا ئایینەکان لە بنەماڵەکانی پادشایی دا دەر ئەکەوێ و لە سەراسەری بەژی هندو خۆرهەڵاتی دوورا، لە ناوی پادشاکانا دەست بە دەست ئەگەڕێ.

لە ناو دوو زنجیرەی ئایینی «جینیزم» و «بوودیسم»دا، دامەزرێنەران و هەموورێبەرانی ئەم دوو ئایینە لە بنەماڵەو چینی «کاشاتریا» سەریان هەڵداوە. لە خۆرهەڵاتی دوورا، ریشەی دەرەبەگی ئایینی پتر ئەکەوێتە بەرچاو. چونکە ئەفسانەکان و فەرهەنگی ئایینی چین لە بەسەرهاتی پادشایان و قەڕاڵانی کۆن

سەرچـاوە ئـەگریّو بنجو بناوانی بیری ئـایینی چین لەریّو رەوشـتی کۆنی پادشاکانەوە بەدی هاتووە. ئەم پادشایانە بریتین لە «هوانگ‌تی» و «فـوهسی» و «شن‌نونگ».

دوو پێغـەمبەری گەورەی چین، لائـوتزوّو کونفـوسیّوسە. لائـوتزوّ کە دامەزرێنەری «تائـوئیزم»ە (سـەدەی حـەوتەمی پێش زاین) لە دەرباری خـاقانی چین‌دا خـەزانەدار بووە. کونفـوسیّوسیش لە بنەماڵەی فـەرمانڕەوایانی «لوو» بووە کە لە بیست ساڵی دا چووەتە دەرباری «لوو»و پاشـان خـەریکـی خـوێندن‌و فێربوونی مووسیقی بووەو سەرئەنجام بووەتە ئامۆژیاری تایبەتی شازادەکان، وە لە پەنجا ساڵی‌دا بووەتە سەرەك وەزیری پادشای «لوو»، لەپاش لیّ‌کەوتنی، چەندین ساڵ بە دووی دەسەڵاتداران‌و میران‌دا گەڕاوە تا کراوەتە وەزیری وڵاتێك.

لەئێران‌دا زەردەشـت کە کوڕی موغێکـی گەورە یا دەرەبەگێکـی گەورە بووە سەری هەڵداوە، وە لەپاش ئەوەی کە دەسـتی کردووەتە پەرە پیّدانی ئـایینەکەی خۆی، لە ئازەربایجانەوە ڕۆیشتووەتە بەلخ‌و چـووەتە دەرباری گوشـتاسب‌و لەویّ‌دا شـاو شـازادەکان ئـایینەکەیان وەرگرتووەو بڕوایان پیّ هێناوە. لە دەربارەدا دووبرا، یەکێکیان کچەکەی داوەتە زەردەشت‌و ئـەویتر کچـی زەردەشـتی خـواستووە، وە پێوندی ئـەو لەگەڵ دەربارو چینی دەرەبەگ‌دا بتەو ترو بەهێزتر بووەتەوە، وە تا کۆتایی تەمەنی لە دەربارەدا ژیاوە.

مانی کە لە بنە ماڵەیێکی گەورەی ئێرانی سەری هەڵداوە، دایکی شازادەیێکـی ئەشکانی بووەو بەپیّی وتەی هەندیّ رەچەڵەکی باوکی ئەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی ئەشکانیان، وە وەکوو ئەڵێن‌فـاتەکی باوکی لە کاتی بوونی مانی‌دا لەسـەر تەخـت بووە، ئەو هەمیشـە لەگەڵ شـاپوورا ڕاییواردووە، تەنانەت لەکاتی تاج لەسـەرنانی شـاپوورا پیایا هەڵوتووەو سـتایشی کردووە، وە پەڕتووکی بەناوبانگـی «شـاپوورگان»یشـی بەناوی ئـەم پادشـایەوە داناوە. مانی لەم پەرتووکەدابە شانازی‌یەوە ئەڵیّ: چـوومە بارەگای شـاپوورو شـاودمـی ڕۆیشـتنمی دا، وە من چەندین ساڵ لە رکێفی ئەودا بووم، وە لەگەڵیا شارەکانی پارت‌و ئادیب گەڕاوم.[٦]

تەنانەت بناغەدانەری ئایینی مەزدەکی، زەردەشـت یابندس[٧] بووە کە دوو سـەدە بەرلە مەزدەك ژیاوە، وە بەیەکیّ لە پیاوە گەورەکانی ماداریا کە لەنزیکـی

«كوت‌العماره» دايه دێته ئه‌ژمار، پاشان مه‌زده‌ك ده‌ستی بردووه‌ته ئایینه‌كه‌ی ئه‌وو شۆڕشێكی هه‌ڵگـرساندووه، وه ویستوویه‌تی به‌رابه‌ری له‌ناو خـه‌ڵكـا بێنێته دی. به‌پێی وته‌ی بیروونی، مه‌زده‌ك له بنه‌ماڵه‌ی مووبه‌دان ده‌ر كه‌وتووه، وه له‌گه‌ڵ ئـه‌وه‌ش‌دا كه‌دژی ده‌ره‌به‌گایه‌تی بووه، به‌ڵام كاتێ له‌ئـاسمان‌و ده‌م‌و ده‌زگای ئاسمانه‌وه ئه‌دوێ، له‌گه‌ڵ چینه‌كانی ده‌رباری ساسانی‌دا پێكـی ئـه‌گرێ، وه ده‌م‌و ده‌سگای خوایی له‌گه‌ڵ ده‌م‌و ده‌سگـای ساسانیان به یه‌ك دائـه‌نێ، وه په‌یوه‌ندی ئه‌ویش له‌گه‌ڵ قوبادا ئاشكرایه.

لێره دا سرشت‌و چاره‌نووسـی هه‌موو شـتێكمان بۆ ئـاشكرا ئـه‌بێته‌وه، به‌ڵام به‌راستی دین‌و ئـایین چیه؟. ئـایا ئـایین بریتی‌یه له كۆمه‌ڵه‌یێ له فـه‌رمانه‌كان‌و بڕواكان، ئـه‌و فـه‌رمانانه‌ی كه به‌پێی بڕواكانی ده‌روونی‌یه‌وه هه‌ڵقـوڵاوه؟ وه یا به‌پێی هه‌سـته‌كانی مـرۆوه هاتووه‌ته دی، ئـه‌گه‌ر نه‌ڵێین به‌رهه‌می كۆمه‌ڵ‌و چینه‌كانی كۆمه‌ڵه، لانی كه‌م ناچارین ددانی پێدا بنین كه ئـایین، ویسـته‌كانی كۆمه‌ڵ به‌جێ دێنی‌و ڕێ‌ی ژیانی كـۆمه‌ڵ‌دائـه‌نێ‌و ده‌ردی ژیانی چاره‌سه‌ر ئه‌كا.

له كۆمه‌ڵ‌دا هه‌ر چینێ، زمانێك‌و هه‌سـتێك‌و بیرێك‌و ڕه‌وانێك‌و بڕوایێك‌و ئـاره‌زوویێك و جیهـان بینێیكـی تایبه‌تی هه‌یه‌و هه‌ركام له‌م چینانه‌ش ده‌ردو نیازو ویسـتێكی تایبه‌تیان هه‌یه. كه‌وابوو دین‌و ئـایین بریتی‌یه له كۆمه‌ڵه‌یێ بڕواو فـه‌رمان كه له یه‌ك چین‌دا دێته دی. ده‌ئیتر چـۆن ئـه‌توانێ له‌م هه‌موو بڕوایه كه چینه‌كانی‌تر هه‌یانه دووری بگرێ.

سه‌رنجی هونه‌رێكی بورژوا بده‌ن. له‌به‌ر چـی ئـه‌ناڵێ؟ ده‌ردو پێویسـتی‌یه‌كان‌و ئاره‌زووه‌كانی‌چیه؟ جیهـان‌و ژیانی له‌لا چـۆنه‌و چـۆن ئـه‌بیینێ؟ نه‌نانه‌ت زمانی بۆ چینی به‌ش خوراو، ئه‌و چینه‌ی كه له هه‌مووشـتێ بێبه‌ری بووه بێ‌ده‌نگـه. دوو كه‌س له دوو چین كه هه‌ركام به زمانی نه‌ته‌وایه‌تی خۆیان ئـه‌دون له‌زمانی یه‌ك تێ ناگه‌ن، وه وشه‌یێ بۆ هه‌ردوو چینه‌كه واتایێكی نیه. ئه‌گه‌ر واتایێكیشی ببێ، بێ‌شـك یه‌ك گیان‌و یه‌ك تام‌و یه‌ك بایی نیه. بۆ وه‌رزێرێ كه له زسـتانه سـارده‌كانا له ده‌شـت‌و چـۆڵگه‌دا گیانی كه‌ندووه، وه له دووی له‌تێ نانه، ته‌واوی سـاڵ خـوێ‌و خێزان‌و مناڵه بێ گوناهه‌كانی كار ئه‌كه‌ن‌و ده‌ست‌و په‌نجه ئه‌كه‌نه ناو خاك‌و خۆڵا. كه‌چی بۆ سه‌رمایه‌دارێك له كاتی نان خواردنیا ئه‌بێ مووسیقی لێ بده‌ن‌و سـه‌مای بۆبكـه‌ن‌و

هەموو کارەکەرو نۆکەرەکانی کاریێ بکەن کە ئەو ئیشتیای بکرێتەوە تا چەند لەتە گۆشتی تەیهووی بۆ بخوریێو لە گەرۆویا گیر نەکا. بۆئەم دوانە، نان هەرگیز واتایێك و تامێکی‌نیە.

بێگومان ئەو نانەی کە هەژاریێ ئەیخوا لەگەڵێ ئەوەی ئاغەزادەو دەرەبەگ زادەیێ ئەیخوا تۆفیری هەیە. دوو چین لەناو کۆمەڵێدا هیچکاتیێ زمانیان یەك ناگرێتەوەو بە یەك زمان نا دون، وە نەتەنیا واتای وشەیێ بۆ بە شخوراویێ کە لە هەموو شتێك بێوەری بووە لەگەڵێ واتای وشەی دەوڵە مەنێك‌دا هاو چەشن نیە، بەڵکوو ئەندازەکانی هەندازەیی‌و ئەنبووژەنیش‌لە چاوی ئەم دوو چینەدا یەك ناگرنەوە، وە تاقی‌کردنەوەی رەوان ناسی ئەمەی پیشان داوە.[٨]

لێرەدا نامان پەرژیێ کە ئایینە ئارییایی‌یەکان‌و چینی‌یەکان لە چاوی چینایەتی‌یەوە پێك بگرین، وە بە هۆی رەوانناسی‌یەوە لێکی بدەینەوەو پیشانی‌دەین کە چۆن بەدبینی فەلسەفی «بوودا_لائۆتزۆ» کاری‌کردووەتە سەرئەو ئایینانە.

ئەوەی کە لەم ئایینانە دەستگیرمان ئەبیێ ئەوەیە کە ئەم ئایینانە هەمووی بە هۆی دەرەبەگان وخاوەند سامانانەوە دامەزراوە، وە دامەزرێنەرانی ئەم‌ئایینانە، هەستیان‌بەدەردی‌کۆمەڵێ‌بەتایبەت چینی هەژار نەکردووە، ئەوان هەموو جوانی‌و بەرزییێکیان لەچینی دەرەبەگ‌دا هەست‌کردووە، وە هەموو شتێکیان بۆ ئەو چینە ویستووە. ئەو رێگەیانە گرتووە کە ئەوان گرتوویانە، ئیتر هەژارو مافی چینی هەژاریان لە بەرچاو نەگرتووەو گوییێان بەم چینە رەنجبەرە نەداوەو دەستیان‌لێیان بەرداوەو هەموو مافێکی ئەوانیان بە هیچ‌و پووچ داناوە. ئەوەش کە دەردی برسیەتی، تینوویەتی، نەخۆشی، بیێ‌ماڵی، بیێ‌کەوشی، بیێ‌دەرمانی، دواکەوتوویی، دیلی‌و ستەم وصەدان دەردو رەنجی‌تر ئاگری بەرداوەتە ئێسك‌و پرووسکی، لە گەڵێ ئەوەش‌دا ئەزانیێ کە هەزاران خەزو بەزو بەهرەی بژۆنی‌و ئەنبووژەنی هەر لەم ژیانەدا، وە لە رووی ئەم زەویەو لەژێر ئەم ئاسمانەدا هەیەو با وەکوو ئەو لە هەمووشتیێ بێوەری‌یە، بەڵام بەم گشت دەردیشەوە کە هەیەتی هەرگیز جیهان‌و ئەوەی لە جیهان‌دایە بە هیچ‌و پووچ دانانیێو تەوێلیشی گرژ ناکاتەو.

بەڵیێ هەژاریێ لە سەرماو سوڵەی زستان‌دا کە لە ماڵێکی روخاوا ئەژی لە گەڵێ

ئەوەدا ئەبینیٚ کە مناڵەکانی لەسەرمادا ئـەلەرزن‌و لێویان باری گرتووەو فـرمێسك ئەڕژێنن‌و ژیان بە چەرمەسەریٚ ئەبەنەسەر، بەم هەموو سـەختی‌یەوە وەکوو بوودا ماڵ‌و مناڵەکانی بەجیٚ نایێلیٚ. بوودا ماڵ‌و مناڵەکەی بۆ کوژانەوەی ئـاگر بەجـێ هێشت، بەڵام ئەو هەژارە هەموو تیٚ کۆشین‌و هەوڵ دانێکـی بۆ ئـاگر کردنەوەیە، ئاگر ئەکاتەوە بۆ ئـەوەی مناڵەکانی گەرم کاتەوەو لەسـەرماو سـۆڵەی زسـتان بیانپارێزیٚ.[٩]

بەڵیٚ‌ئەم پێغـەمبەرانە لەپاش سـەرهەڵدانیان ریٚی کۆشکـی پادشـایی‌یان گرتووەتە بەرو خـۆیان بە پادشـاکان نزیك کردووە تا لەژێر دەسـەڵاتی ئـەوانا ئـایینەکەی خـۆیان لەناو گەل‌و کۆمەڵا پەرە پیٚبدەن. ئـەم پێغـەمبەرانە هەڵس‌و کەوتیان تەنیا لەگەڵ شـازادەکان‌و دەرەبەگان‌دا بووە، ئیتر بە دەردی هەژاران‌و بیٚ نەوایان هەستیان نەکردووەو گویٚیان پیٚیان نەداوە.

زەڕدەشتی مادی لەئازەربایجانەوە سەر هەڵئـەداو ئـەبێتە پێغـەمبەر، بەڵام خێرا ڕێگەی بەلخ ئەگرێتە بەرو ئەڕواتە دەرباری گوشتاسب و داوا لەئەو ئەکا کە ئایینی «بادینان» وەرگریٚ، ئەویش بڕوا بە ئایینەکەی دینیٚ، وە تاکۆ تایی تەمەنی لەباخی پادشایی‌دا ژیان ئەباتە سەرو لە بەزمی دەرباریان‌و ڕەزمی لەشکریانی گوشـتاسب‌دا لەگەڵ تورانیانا کە دوژمنی گوشتاسب بوون ئەکەوێتە بەربەرەکانیٚ‌و سەرئـەنجـام لەو بەربەرەکانیٚ یەدا گیانی خۆی لەدەست ئەدا.[١٠]

کونفۆسیۆس بەشان‌و باهۆی پادشایانی باستانی چینا هەڵدەڵیٚ، وە لەشارەکان‌و سەر زەوی‌یەکانا ئەکەوێتە گەڕان تاخـۆی ئـەگەیێنێتە پادشـاو بەیارمەتی ئـەو دەولەتیٚ دینێتە چنگ‌وپاشان فەرمانەکانی ئایینەکەی خـۆی لەناو کۆمەڵ‌دا پەرەپیٚ ئەدا، ئەوسا سـەر لە دەرباری وڵاتی لوو دەر ئـەکاو لەپێغـەمبەری‌یەوە ئـەگاتە پادشایی.

پێغەمبەران‌و داهێنەرانی ئـایینەکانی «جینیزم» و «بوودایی» هەموویان بریتین لە شازادەکانی هند کە لە بەرامبەری ئایینی «هندوئیسم» دا کە خەڵکی هندوستان پەیڕەوی ئەو ئایینە بوون ڕاپەڕین.

بەڵام زنجیرەی پێغـەمبەرانی پاك داسـتانیٚ تریان هەیە. ئـەم پێغـەمبەرانە لە کەسـانیٚ بەدی هاتوون کە لە هەمووشـت بێوەری بووبوون‌و لەژیان‌دا لەهەموو

چینەکانی تر کەوتبوونە دواوە، وە زۆربەیان خەریکی شوانی و هەندێکیشیان خەریکی پیشە سازیو هونەری بوون. وە ئەم پێغەمبەرانە لە ناو کۆمەڵەکانی دەشتەکیو هەژارو رەنجبەرو بەش خوراودا سەریان هەڵدا.[١١]

کاتێ ئەم پێغەمبەرانە لەناو چینو کۆمەڵی هەژاردا سەریان هەڵئەداو ئایینەکەی خۆیان بۆ کۆمەڵ شی ئەکردەوە، دیلەکانو هەژاران لە دەوریانا کۆ ئەبوونەوە، ئەوسا ئەوانیش لەگەڵ میرانو پادشایانو دەرەبەگانو دیلفرۆشانو سوودخۆرانو خاوەنانی زێوو زێڕدا ئەکەوتنە بەربەرەکانیو پەرەیان ئەدایە ئایینەکەیان.[١٢]

ئیبراهیم لەپڕ تەورێ ئەگرێتە دەستو ئەڕواتە بتخانەو بتەکان ئەشکێنێو تەورەکە ئەخاتە ملی یەکێ لە بتە گەورەکانو بەمچەشنە پێغەمبەرایەتی خۆی دەست پێ ئەکاو پاشان تووشی ئەبێ بەتووشی نمروودو ئەشکەنجەو ئاگرو ئاوارەییو دەربەدەری یەوە.[١٣]

مووسا ناگا بە چۆخەیێکی دڕاوو گۆچانێکەوە لەگەڵ براکەیا لەدەشتو ساراوە کە بێشکەو لانکی هەموو پێغەمبەرانی سامییە ئەکەوێتە رێ تا ئەگاتە پایتەختو یەکڕاست ئەڕواتە کۆشکی فرعونو لەگەڵ ئەوو قاروونا گەورەترین سەرمایەداری ئەو دەورە ئەکەوێتە بەربەرەکانێ، وە جولەکەکان لەدیلی زرگار ئەکاوە سەرئەنجام لەپاش بەربەرەکانێیکی زۆرو زەبەند، کۆمەڵێکی ئازاد لەسەرزەوینێکی سەربەخۆدا بەدی دینێ.

عیسا، لاوێکی بێکەسو کارو ماسیگرێکی ونناو،لە کەناری دەریای سووردا کوتوپڕ سەری هەڵئەدا، وە لە بەرامبەری «سزار» دا رائەوەستێو سەرئەنجام قەڕاڵی خوێنمژو خوێنخۆری رۆم، لەژێر لێدانی گیانی پاکی ئەوا ئەروخێو پاشان داستانی ئەو داستانی ئەشکەنجەو بەربەرەکانێو کوشتو کوشتارە. داوود لەگەڵ جالووتو طالووتدا ئەکەوێتە بەربەرەکانێو یەحیا لەگەڵ هیرودیسدا.

وە موحەممەد، لاوێکی هەتیو کە لە چیاکانو دەشتە پانو بەرینەکانی عەرەبستاندا، رانو پەزی خەڵکی ئەلەوەڕان، لەپڕا لە تەریکی کونجو ئەشکەوتی «حرا»دا دێتە دەرەوە و لەگەڵ بازرگانانی قورەیشو دیلفرۆشانی مەکەو باخدارانی شاری طائفو خەسرەوی ئێرانو سزارای رۆما ئەکەوێتە بەربەرەکانێو خێرا

هەموو هەژاران و دەربەدەران و دیلان و ئـەوانەی وا لەژیان و هەمووشـــتێکی ژیان بێوەری بووبوون لە دەوریا کۆئەبنەوەو پاشان داستانی ئەو داستانی ئەشکـەنجـەو دوورکەوتنەوەو دەربەدەری و شەڕو کێشەیە.

بۆ کۆمەڵناسیێ، ناسینی ئـایینی ئـەو پێغـەمبەرانەی کە لەشـارە گەورەکانا، لە بارەگای خانیێ دائەبەزن و بەرز ئەبنە سـەراپـەردەو کۆشکـی خـاقانیێ، پێویسـتی بە لێکۆڵینەوەی هیچ زانستیێ نیە. ڕێگەو شوێن و جیهان و جیهانبینی ئەو پێغەمبەرانە بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە. وە هەروەها ئـایینی پیاوانی ون ناوو دەسـت کورتیش کە لەپڕێ واز لە ڕانەکەی خۆیان دێنن و گۆچـانەکەیان دائـەخـەنە زەوی و لەناخـــی دەشتە گەرمو چۆڵەکانی «بین‌النهرین» و «فەڵەسـتین» و «شـام» و «میصـر»دا سەر دەر ئەهێنن و شوانی خـۆیان لەدەسـت ئـەدەن، بۆئـەوەیە کە لەگەڵێ گورگانی عێل و هۆزەکەی خۆیانا بکەونە شەڕو بەربەرەکانیێو لە ناویان بەرن.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە سەرنجێکی سیمای موحـەممەد بدەین، وە لە نوێوە ئـەو بناسین، ئـــەو موحـــەممەدەی کە پێغـــەمبەری هەرەدوایی زنجیرەی پێغـــەمبەرە شوانەکانەو لە وڵکەی عەرەبستاندا ســـەری هەڵداوە. بۆناســـینی ئـــەو ئـــەبیێ لە ڕەوانناسی و کۆمەڵناسی و بەڵگەکانی مێژوویی کەڵك و سوود وەرگرین.

جا ئەبیێ ئەو لەڕیزی کەسایەتی‌یە گەورەکانی مێژوو: قـەیسـەرەکان و زاناکان و پێغەمبەرەکاندا ببینین، وە ئـەبیێ ئـەو لەکۆڕی پێغـەمبەرە گەورەکانی خـۆرهەڵات دانێین و سەرنجی بدەین. لێرەدا بۆمان دەر ئەکەویێ کە پێغەمبەرێکی وەکوو ئەو لە جیهاندا هەرگیز سەری هەڵنەداوەو جیهان ئیتر پیاوێکی وەها بە خۆیەوە نابینیێ.

بۆ ناسینی ڕاستەقینەی هەر ئایینیێ، ناسینی خواو پێغەمبەرو پەڕاوی ئەو ئـایینە پێویستە، وە ئەمە باشترین ڕەوشتی ناسـینی هەر ئـایینێکە وە ئـەم ڕێ‌وڕەوشـتە، سادەترین و بە کەڵکترین، وەهەروە هازانسـت‌ترین و دڵنیاترین ڕەوشـتی ناسـینی دێژە و ئایینێکە.

بووێنە: یەهووە خوای گەلی جـوولەکەیە، سـیماو ڕوومەتێکـی سـامدارو بەرزو بیێوێنەی هەیە. ئـــەو گەورەتر لەوەیە کە مرۆ لە گەڵیا بکـــەوێتە ڕازونیازی ئەویندارانەو ئەوی خۆش بویێ. پتر لە خۆشەویسـتی و بەزەیی ترس ئـەخـاتە دڵی بەندەکانیەوە. ئـەو خـواییێکی گەورەو بیێهاوتایەو جگـە لە دادو دادپەروەری کاریێ

تری نیە.

جوولەکەکان کە چەندین ساڵە زنجیری دیلی هاڵەملیان، ئێستا ئەبێ ڕاپەڕنو هەستنو لە بەرامبەری ڕژێمی فرعونا ڕاوەستنو شۆڕشێ بەدی بێنن، وە لەوڵاتەکەی خۆیاندا بەگەل تێکۆشنو کۆمەڵێکی ئازادو سەربەخۆ بەدی بێننو لەسەر پێی خۆیانەوە ڕاوەستنو ڕێی درێژو ناهەمواری دیلیو سەربەستی ببڕن، ئەبێ هەروابکەن تابە ئامانجیان بگەن.

تەوراتیش هەروایە، بە بنەڕە تێکی فەلسەفیو بڕواییو ڕێو ڕەوشتێکی سازگار لەگەڵ خوو خدەی گەلی جوولەکەدا دانراوە، لە تەوراتدا لە بارەی ڕازی بەدی هێنانو بەرنامەی خواییو پەیوەندی ئەو لەگەڵ مێژووی گەلی جوولەکەداو بەرپرسیارەکانی ئەو بۆ پاسداری یەکتاپەرستیو پاشان فەرمانەکانی خوایی و سنوورو کەوشەنو ڕێو ڕەوشتی مافی نەتەوایەتیو کۆمەڵایەتییەوە باس کراوە.

مووسا، ئەو مووسایەی کە نوێنگەی ڕقو قینی خواییو وێنەی مرۆڤایەتی-یەهووە لە زەوی دایە، لەشەڕی تایبەتی دووکەسا، یە کێکیان قبتی «میصری»یەو ئەویتریان سبتی «ئیسرائیلی»یە، بەجۆرێ ڕقی هەڵئەستێ کەخێرا خۆی ئەگەیێنێتە سبتییەکەو قبتییەکە بەمشتێ ئەکوژێو لەشار بۆی دەرئەچێ. پاشان لە گەڕانەوەکەیدا لەکێوی «طور» هەست ئەکا کە سامری هەوای بەربەرەکانێو دژایەتی ساز کردووە، خێرا ئارەزووی کوشتنی ئەکا، بەڵام خوا ئەو لەم کارە لائەداو ئەپارێزێ. لە چیرۆکی خضردا لەگەڵ ئەوەی مووسا بەڵێن ئەدا کە پەیڕەوی لەوەوەبکاو هەرچی بەچاو ئەبینێ دەنگ نەکا، بەڵام خۆی بۆراناگیرێو ئەیداتە زەویا تا سەری ببڕێ. مووسا سرشتی وایە، پیاوێکە بەهێنر، قەڵسو تووڕەو بێبەزەیی، پیاوێکە نەبەزو وریاو وشیار کە تەنیا ئامانجی ئەوەیە گەلەکەی ڕێو ڕەوشتی خوایی بگرنەبەر. پێغەمبەری ئایینێکی وا، کە ئایینێکی سازندەو ڕامیاریو کۆمەل پەروەرە، پیاوێکی وایەئەوی.

تئووس خوای عیسایە، ڕوومەتێکی پڕ لە بەزەیی هەیە. هەتا حەزکەی بەخشندەو دڵاوایە، خۆمانیو ئاشنایە، وە ئەوەندە لەگەڵ مرۆڤا نزیکو خزمە، لەئاسمانەوە دائەبەزێتە لای، وە تەختی بەرزو گەورەی خۆی لە ئاسمانا بەجێ دێلیو دێتە زەوی، وە لەتەنیشتی مرۆ، لەنێوانی مرۆو لەگەڵ مرۆڤا تێکەڵاو ئەبێ،

بەمەیشە قنیات ناکا، ئەبێتە بابی مرۆو لەروومەتی مرۆیێکا سەری هەڵئەداو خـۆی دەر ئەخاو خۆیا ئەبێ.

عیساش نوێنگەی تئووسە، رووەتێکـی هەیە بەپاکی فـریشتە، زەردەخـەنەی بەنازکی دەمبەیانە، پێغەمبەرێکـی گەلویسـتو کۆمەڵ پەروەرو خـۆشەویسـتە. پەیامی ئەو ئارام کەرەوەی دڵانی شـەکەتو ماندووە، ئـەو نە سـەقچـیەکانی رۆمیو سەربازانی دڕندەی سـزار بانگ ئـەکاو ئـەڵێ: شـمشێرەکانتان کە بەخوێنەوەیە لەلیواری دەریای خۆشەویسـتیدا بیشـۆرنو جـلو بەرگی خـراپەتان بگۆڕنو بەدڵێکی پڕلە بەزەییەوە بە یەکتر بنۆڕنو یەکترتان خۆش بوێ.

کاتێ کە دڕندەییو لاساری هەمووی شـێتو شـەیدا کردووەو هەر شـمشێری توڵەی خوێنی کوژراوێکی هابەئەسـتۆوەو بابی خـوێنی هەرخـوێنێ، خـوێنێکەو هەرکەسێ ئەبێ توڵەی خۆی بسـێنێتەوەو ئـەمدەورە کە دەورێکـیبەتاڵەو بەپێی ڕێو رەوشتی کۆن ئـەبێ دووپات بێتەوە، جگـە لەلێبوردن چشـتێتر ئـەتوانێ شمشێرە تینووەکان ئارام بکاتەوە؟. جگەلە خـۆشویسـتن چشـمشێرێ ئـەتوانێ توڵەی خەڵك لەناوبباو لەگەڕان بکەوێ؟.[١٤]

ئنجیلیش وائەڵێ: ئەگەر زللەیێکیان دا لەگۆنایێکت، هیچ مەڵێو ئەو گۆناکەی ترت بووە بەرەوە بۆی تازللەیێ تریش بخۆی. وە بەم چەشنە شـەڕو شـوڕ کۆتایی پێدێو دوژمنی لەناو ئەچێو دۆستی جێی دوژمنی ئەگرێتەوە.

لە لێکۆ ڵینەوەی سرشتو چارەنووسی ئـایینە گەورەکاندا، من گەیشـتوومەتە بنەڕەتێکی گەورەوگرنگیکۆمەڵناسیو مێژوویيو ئایینی ،وە ئـەو بنەڕەتە ئـەوەیە کەهەر کۆمەڵێ بەهۆی ئایینەوە ڕێكو پێك ئەکرێو سامان ئەدرێ.

کۆمەڵ وەکوو شـتێوایە کەبەهۆی ئـاڵ و گۆڕێکـەوە لە دۆخو مەرەیێکـی ڕێكوپێکـی(B) دارەنگـە بەلای (a) «بەرەو پارێزگاری» وە یا بەرەولای (C) «بەرەو تووڵانەوەو فەساد »لاربێتەوە .

هەمیشە لەمکاتو خولەدا پێغەمبەرێ سەر هە ڵئەداو ئایینێ بە دی دێنێ، لێرەدا ڕێگەی ئایینو پەیڕەوی خەڵك لەوئایینەوە بەتەواوی ئاشکرایە . ڕێی ئەو ئـایینە بێگـومان ڕێگایێکە کە کۆمەڵ ئەخاتە سـەر ڕێ ،وە ئـەوڕێگـەش ڕێگـایێکە کە بەپێچەوانەی ڕێی پێشوو کەخەڵکی لێ گۆڕاوە هاتووەتە دی .

لەپاودانو ڕەویەتی هەوەڵا بۆ بانگێشتنی ئایین ، واتەهێزێ کە ئایین بۆ ڕێکخستنو ڕاستکردنەوەی کۆمەڵ لەC —— A یە. «وەکوو ئایینی مووسا، کونفوسیوس، زەردەشتو ئایینەکانی یوونانیو ڕۆمی» وە لەپاودانی دووەمدا لەC —— Aیە «وەکوو لائوتزوو تائوئیزمو بووداییسمو ئایینەکانی و دایی‌و مەسیحی‌و هەندێ ڕێو ڕچەی تر».

لە ئەو کاتەدا کۆمەڵ بەتونی‌و تیژی « وەکوو A» لار ئەبێتەوە، پێغەمبەرێ پەیدا ئەبێو بە هێزی ئایینەکەی، هێزێ بە پێچەوانەی لاربوونەوەی (—— A C) دێنێتە دی. بڵاوبوونەوەو پەرەسەندنی ئەم ئایینەو پێویستی کۆمەڵ بەو ئایینە ئەبێتەهۆی ئەوە کەئەم هێزە پترو بەهێزترو کاریگەرتربی‌و لەئاکامدا لەپاش چەند سەدە کۆمەڵ لەورێگەوە کە لار بووەتەوە بەرامبەر ئەبێو لە پاودانی (B)دا ڕائەوەستێ. بەڵام لە پەیڕەوانی هیچ ئایینێکەوە شتێك بەئێمە نەگەیشتووە کە ئەوان بە ڕێو ڕەوشتەکەی خۆیان کۆتایی‌یان هێنابێ. لەئاکامدا ئەم ئایینانە هەروەها لەڕێی هە میشەیی خۆیانەوە تەوژمیان بۆکۆمەڵ هێناوەو ئەوانیان بەرەو جیهان پەرستی (C) بردووە، وە لەم دۆخەدا لەبەرئەوەی کۆمەڵ بەپاودانی‌بەرامبەری (B) گەیشتووە لەوەوپاش ئایین گیانێکی سرگومو نادیار پەیدا ئەکا، بێ‌ئەوەی سرشتی بگۆڕێو ڕێی لاربێتەوە.

کۆمەڵ کە بەرەو (C) لاربووەوە، بێ‌گومان ئەگلی‌و لەناوئەچی‌و کوتوپڕ ئایینێکی‌تر کە چەرخو زەمان پێویستی‌پی‌یە پەیدا ئەبێو لەبەرامبەری ئایینە پێشووەکەی تردا ڕائەوەستێ تاکۆمەڵ لەگلانو لاربوونەوە ڕزگارکاو بیانگەڕێنێتەوە سەر ڕێو ڕچەی ڕاست، وە ئەم ڕەچاوکردنە هەمیشە لە مێژووی مرۆڤەکانو فەرهەنگەکانو شارستانیەتەکانو ئایینەکاندا ئەبینین.

تائوئیزم لە کۆمەڵی چیندا پەیدا ئەبێ، ئەو کۆمەڵەی کە لەناو تووڵانەوەو بەزمو کەیفو ئاهەنگو ستەمو ئاستەمو قرنووسی‌و ڕژدی‌و خۆپەرستی‌و ڕێورەوشتی دەرەبەگایەتی‌و پی‌وەندو زنجیری چینایەتی‌دا نوقم بووبوو، وە بەجۆرێ خەڵك‌لەژیانو تەقەلاو کۆشش بۆ ڕێكو پێکی ژیانو بەهرەبردن لەپیتو پینری ئەم جیهانەو شارنشینی ئەبێزێنێ کە لەئاکامدا کۆمەڵ بەرەو پاك کردنەوەی دەروونو خۆپارێزی‌و لادان لە خۆشی‌یەکانی جیهان هان‌ئەداو ئەوان بەرەو (تائۆ)

رائەکێشی. کونفوسیوس ئامانجی ئـایینەکەی خـۆی بە پێچـەوانەی لائـۆتزۆ کە خەڵکی بۆزیندوو کردنەوەی (تائـۆ)[15] و «لی[16]» هان ئـەدا، داناوە، وخـەڵکـی بۆژیانێکی رێكوپێكو باش هان داوەو تێ کۆشاوە کە کۆمەڵ لەبیری لائـۆئزۆ کە خەڵکی لەشارو شارنشینی بەرەو سروشت راوئەنا، لاداو بیانگەڕێنێتەوە سـەرری و رچەی خۆیان.

چێژوزەوقی تەنكو کە لکەڵەی نازکی هندی، وڵاتی پڕپیتو پیزی هندوسـتان، وە رێو رەوشـتی کۆمەڵایەتیو چـۆنیەتی ژیانی راجـەکانو تەمبەڵیو تەوەزلی ئـەم هۆزە ئاریاییە سەرئەنجام چینەکانی دەوڵەمەندو ناونجی ئەم وڵاتەیە بەرەو جـوان پەرەسـتیو خـۆویستی لەژیانی ئـەنبووژەنیو رابوارد نو تووڵانەوە (C) لار کردبووەوە.

پاشان ئایینی ودایی، صـۆفیەتیو دەروێشـی لەبۆ دڵهەڵکـەندن لەجیهـانو خۆشییەکانی جیهانو ئـەشکـەنجـەکانی بەدەنی (A) پیشـاندایە کۆمەڵ، بەجۆری کە وڵاتی راجـەکانو ئـەفسـانەکانی رابواردنیانی کردە وڵاتێ خـواناسیو دەروێشـی، وە بووداش لـەگـەڵ ئـەم رێورچـەدا کەوتە بەربەرەکانێ، بەڵام سەرنەکەوت وەگەلێکی وشیاروکارا کە هەزاران سـاڵ لەمەوپێش فـەرهەنگێکـی دەوڵەمەندو ژیارێکـی پێشکـەوتوویان هەبووەو بیری قـووڵیان سـەیرترینو گەورەترین کەڵکەڵەو بیرو هەسـتی بەدی هێناوە، نەتەنیا لەژمارەو پیشـەسـازیو هـونـەردا دەسـتێـکی بەرزیانهەبووە، بەڵکـوو بەدی هێنەریژیار لەجیهـاندا ئەمانەبوون، پاشان سەریان کردە دەریای ئەندێشەو بیری خۆیان، وە لەجـوانترین بیری خواناسیو دەروێشی (A)دا نوقمبوون، وە لەجیهـانو کاریجیهـاندا، وەها دوور کەوتبونەوە کە چـەندین سـەدە بوونە بووکە شـووشەی تورکانی غەزنەویو مەغووڵو ئەفغانیو ئیرانو کـەڵـەگایی ئینگلیسو شتێکیانیش هەستنەکرد.

قەڕاڵی رۆم لە درێژەی هەزار سـاڵ نوێنگـەی هێزی سپاییو رامیاری خـۆرئاوا بوو، وە هەمیشە دەسەڵاتی بەسەر خۆرهەڵاتەوە هەبوو. چەندین سـەدەش بەسـەر مدیتەرانەو ئاسیای بوچكو بینالنهرینو ئـەرمەنسـتانو باکووری ئـەفـریقادا فەرمانڕەوایی ئەکرد.

رۆم، وجاخو کوانووی گەرمی هێزوتیکۆشـینو شـەڕو کێشـەو قـڕەو

شارستانیەتی ئەنبووژەنیو سەرچاوەی بەکوڵی ژیانو دەسەڵات و ژنو زێڕ بوو. خەڵکی ڕۆم ڕێی ڕاستیان لێ ونبووبوو، وە هەموویان خەریکی ڕابواردنو پیاوکوژیو پارەکۆکردنەوە بوون. مەسیح لە بەرامبەری ئەم هەموو زۆرو ستەمو چەوت چەوێڵیەدا ڕاپەڕیو خەڵکی ڕۆمی بۆ پەرستنی خوای تاقانە بانگ کردو تێکۆشی کە ئەوان لەڕێی چەوتو چە وێل لاداو بیانخاتە سەر ڕێی ڕاست، وە هەروەها دیمان کە چپیرۆزییێکی گەورەی بەدەست هێناو ڕۆمی کردە بنکەی خۆشەویستیو خواپەرستی، ئەو ڕۆمەی کە نرۆنەکانی، خەڵکیان ئەکوژیو خوێنیان ئەمژی، کەسیتری بەخۆیەوە نەئەدی،وە لەژێر ئاسمانیا جگەلە ناڵەو هاواری دیلەکان کە شێرە دڕندەکانیان ئەخستە گیانیان شتێتر نەئەگەیشتە گوێ، پاشان بووە بێشکەو لانکی پەروەردە کردنی گیانانی پاكو خاوێن وەکوو: سنپلو سنژنواو سنئارس و سنئوگوستن، وە لەجێی ڕاوێژگەی ترسناکی ڕۆمو لەجیاتی ئەو هەموو کۆشکانەی کەبۆ قەیسەران سازئەدرا و ئەو هەمو زیندانە گەورانە کەبۆ دیلان دروست ئەکرا، کلیسا پیرۆزە کانیان دانا کە جوانترین سروودی ئاسمانی تێدا ئەخوینرایەوەو دەردی دەردەدارانی پێ ساڕێژ ئەکرا

ئایینی مەسیحی بەجۆرێ مەسیحییەکانی نوقمی خۆپارێزیو گۆشەگیری کردبوو کە علاءالدین کوڕی کە یقوبادی سەلجووقی، وە صلاحالدینی ئەیووبی، ئەو ڕۆڵە کوردە نە بەزە کە لەکوردەکانی شامبوو، ئەوانی تێشکاند، وە لەگەڵ ئەوەی وڵاتی ئیسلامی لەو دەمەدا ناوەندی تێكڕوخابووو هێزەکانی پچڕپچڕ بووبووەوە هەرگۆشەیێکی کەوتبووە دەستی خانو خاقانێك، مەسیحییەکانی خۆرهەڵاتی بەجارێ تێشکاند، وە ڕایەخوبساتی لایەنگرانی مەسیحی لە ئەمبەری مدیتەڕانەوە فڕەدایە ئەوبەرو ئەوانی تا دڵی ئوروپا ڕاوناو قەیسەرییانی پێ کردە کونەمشك، وە قوستەنتەنیە کە بنکەی جیهانی مەسیحییەکان بوو بەجارێ لەناوچوو، وەبەناویئەستەموولبووە بنکەی جیهانی. سەرئەنجام کۆمەڵی بە هێزیڕۆم تاهەزارساڵسەریبەرزنەکردەوەهەتابزووتنەوراپەڕینێكبەناویرینسانس ڕوویداو ئەوانی وریا کردەوە، وە ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوە هێنرێکیان بەپێچەوانەی ڕێی مەسیح بەدی هێناو خەڵکیان بۆ جیهانێکی تر کە جیهانی تێکۆشین و خەباتو پێشرەوت بوو پاڵ پێوەنا، کەچی ئێستە ئەبینین ئوروپا بووەتە ئوروپای

نرۆن‌و ژۆل‌سزارو گلادیاتۆره‌کان‌و...... وه ئـوروپاییی‌یه‌کان دیســانه‌وه تینووی مه‌سیحیّ ترن.

به‌لاّم ئیسلام‌و موحه‌ممه‌دو قورئان شتیّ‌تره.

لیّره‌دا بیّ‌ئه‌وه‌ی ره‌گ‌و ده‌ماری ئـایینی یا دژی ئـایینیمان ببزویّ، ئـه‌بیّ بلّیّین که‌ئیسـلام، ته‌نیا ئـایینیّکه ئــه‌توانیّ ببیّته به‌رنامه‌ی ژیان‌و داهاتووی هه‌رگه‌ل‌و کۆمه‌ل‌و نه‌ته‌وه‌یێ، وه.بیّ‌گومان هیچ کۆمه‌لیّ لار ناکاته‌وه، به‌لکــوو ئــه‌گه‌ر هه‌رگه‌ل‌و کۆمه‌لیّ به‌ریّ‌و ره‌وشـتی راسـته‌قینه‌ی ئیسـلام بجـوولیّته‌وه، نه وه‌کو لاربوونه‌وه‌ی بۆنیه، به‌لکوو له‌هه‌ر دووجیهانا سه‌ر ئه‌که‌ویّ‌و ناگه‌ویّ.

جا با هه‌مووتان بزانن ئه‌مه‌م چـۆن بۆ ده‌رکه‌وتووه‌و له‌کویّوه په‌یم پیّ بردووه؟.

ئه‌مه‌م له‌ریّ‌ی ناسینی خــواو قــورئان‌و موحــه‌ممه‌دو یارانّ‌و شـــارو مه‌دینه‌ی موحه‌ممه‌ده‌وه بۆ ده‌رکه‌وتووه. چونکه موحـه‌ممه‌د ته‌نیا پیّغـه‌مبه‌ریّکـی جیهـانه که کۆمه‌لیّکــی به‌رزو بیّ‌ویّنه‌ی به‌دی هیّناوه‌و ریّبه‌رایه‌تی کردووه، وه به‌هۆی لیّکۆلّینه‌وه‌و هه‌لّسه‌نگاندنی ئه‌م پیّنج رووه‌ته‌وه راسته‌قینه‌مان لیّ روون ئه‌بیّته‌وه.

خــوا، جــانووسیّکی[17] راســته‌قینه‌یه، خــواییّکه که رووه‌تی «یه‌هووه» و «تئــووس»ی هه‌یه، وه دوونیشـانه‌ی هه‌لّبژیّراوی خــه‌نیم به‌یه‌کی «دلاّزار» و «لاّوا»ی هه‌یه. وه‌کوو یه‌هووه که «تولّه‌سیّن» و «زۆردار» و «دلاّزار»و «ره‌نج پیّ گه‌یێنه‌ر»ه و ها له‌ســه‌ر «ته‌ختی گه‌وره‌یی وزه‌بروزه‌نگــی» و له ســه‌رایه‌رده‌ی فریّشته‌کان دایه.

جـیّ‌و مه‌لّبه‌ندی ئـه‌و «ماوری»و «ماســوی»یه، وه هه‌موو له‌ژیّر باره‌گای پاتشـایی ئـه‌ودان!، وه له بناغه‌ش‌دا وه‌کوو «تئــووس» دلاّواو دلۆوان‌و به‌به‌زیی‌و به‌خشــنده[18]یه که دیّته‌رووی زه‌وی‌یه‌وه، لـه‌گه‌لّ مرۆقــا خــووئه‌گریّ‌و ئــه‌بیّته هوگری، وه ئــه‌و به‌ویّنه‌ی خــوّی ده‌ردیّنیّ‌و مزگیّنی پیّ ئــه‌دا که پاك‌و خــاویّنی بکاته‌وه‌و بیگه‌یێنیّته پله‌و پایه‌یّکی به‌رز،وه به‌جۆریّ له‌گه‌لّ مرۆڤا ئـه‌بیّته دۆسـت‌و ئاشنا که له‌شاره‌گی گه‌ردنی به‌ئه‌و نزیکتر ئه‌بیّته‌وه.[19]

خوائه‌و خوایه‌یه که کیّوی ئاسن ئه‌گه‌ر ده‌نگی ببیسیّ له‌ترسا تیّ ئه‌شکیّ‌و وردو خاش ئه‌بیّ.[20] له وه‌لاّمی مرۆیّیکی گوناهکارا که چه‌ند جـار لیّ ئـه‌پاریّته‌وه ئـه‌لیّ: «ئه‌ی فریّشته‌کانی من، من له‌به‌نده‌م شـه‌رمه‌زار بووم، چـونکه ئـه‌و جگــه له‌من

کەسیٚ تری نیە، ئەوا لەگوناهی ئەو بوردم». [21]

قورئانیش کە بریتی‌یە لەئنجیل‌و تەورات، داگری فەلسەفەو زانیاری‌و چیرۆك‌و بڕواو ڕەوشتی باشی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و ڕامیاری‌و ڕیٚورەوشتی ئـەنبووژەنی‌و بژۆنی‌یە، وە لەفەلسەفــەی ســرشت بوون و زانیاری خــوایی‌یەوە بگــرە هەتا دەستوورەکانی ســاخیەتی‌و ڕی‌و ڕەوشــتی کۆمەڵایەتی‌و خــوردو خــۆراك و ژیانی ســاویلکەو هەروەها لە پەروەردە کردنی منالەوە هەتا ڕیٚك‌و پیٚك کردنی ژیانی ئەنبووژەنی‌و ئـازادی و شـارستانیەت‌و هاو بەشــی کۆمەڵ لەهەموو کاروباریٚکــی ژیانیا باس کراوە. قورئانی پیرۆز خەڵك بۆپەرســتنی خـوای تاقـانەو بی‌هاوتا بانگ ئەکاو لەبارەی جیهان‌و ڕۆژی پەسڵان‌و پەرستنی خواو ڕۆشـنایی دڵ‌و گەشـانەوی گیان‌و هەروەها لەبارەی فیٚربوون‌و بیرکردنەوەو سەرنج‌دان‌و هەست‌کردن تا ئامادە بوون‌و کۆکردنەوەی هیٚزو سپاو ئەسپانی شەڕی [22] و ئامادەبوون بۆ تۆڵە ســەندنەوە دواوە وە بەم چەشنە بیری کۆمەڵ پی‌ئەگەیێنی‌و ڕووناکی ئەکاتەوە.

موحەممەد کەگیراوەییٚکە لە مووسـا و عیســا، هەندیٚ جـار ئــەو لە مەیدانی مەرگباری شەڕدا ئەبینین کە لە شــمشیٚرەکەی خــویٚن ئــەتکــیٚ وهالە بەردەمی سپاکەیا و ڕیٚبەری‌یان ئەکا، وە یارانی ئەو کە لە شەڕەکان دا بەشـداری ئـەکەن و بۆ کوشتن یا کوژران بیٚ ئارامن، لە بەرامبەری بانگیٚشتنی خـویٚن دا کەس ناتوانیٚ ئەوان ئارام بکاتەوە. پیٚغەمبەر هیٚرش ئەباتە سـەر بت‌پەرسـتان و مشـــتیٚ خــاك هەڵئەگریٚ و ئــەییــژێنیٚتــە ڕوومەتی دوژمنانا و هاوار ئــەکا: «شُــدّوا» واتە بیانبەستن، ئەوسا شمشیٚرەکان ئەکەونە سـەما و پیٚغـەمبەریش سـرنجی ئــاگری گەشی شەڕ ئەدا، ئەو ئاگرەی کە خۆی گەشانوویەتەوە بۆ ئەوەی ئـایینی پیرۆزی ئیسلام بە هۆی تیشکی ئەو گڕەوە پەرەبستیٚنیٚ.

بڕیٚ جاریش ئەو ئـەبینین کە هەموو ڕۆژیٚ لەســەر ڕیٚگــاکەیا جــوولەکەیٚی لەسەربانی ماڵەکەیەوە، خۆڵەکەوو ئەکاتە سەریا و ئەویش بە ئـارامی، ئـارامتر لە مەسـیح، وەکوو بایەزید بی‌ئــەوەی خــۆی گرژ کاتەوە،بزەی بۆ ئــەگریٚتەوە. وە ڕۆژیٚتر کە لەبەرماڵی جوولەکەکەوە تی‌ئەپەڕیٚ چاوی بەئـەو ناکەویٚ و لە خـەڵك ئەپرسیٚ کە هاوڕیٚکەمان ئیمڕۆ دیار نیە و نازانم لەبەرچی نەهاتووەتە شـویٚنمان؟ ئەوانیش پی‌ی ئەڵیٚن نەخۆشە و پیٚغەمبەریش ئەچیٚتە دیتنی.

لەکاتی دەسـەڵاتداری‌دا، لە کاتێکـا کە سپاکەی مەکەیان گرتووە و دوژمنیان گەمارۆ داوە، پێغـەمبەری گەورەی ئیسـلام لەپاڵی کابەوە رائـەوەسـتێ و دەهەزار شمشێریش تینووی تۆڵە سـەندنەوە لە هۆزی قـورەیشـە، ئـەو هۆزەی کە یارانی پێغەمبەری ئەشکەنجە و ئـازار داوە و ئـەوانی لە مەکە ئـاوارە و دەربەدەر کردووە، سپاکەی پێغـەمبەر لە مەکەدا ماتڵی فـەرمانی پێغـەمبەرن کە تۆڵەی خـوێنی کوژراوانی ئیسلام لە ئـەبووسـوفیان و هندە و عکـرمەی کوڕی و هەندێکـی‌تر بسێنێتەوە، ئەو هندەی کە جەرگی حـەمزەی لە تۆڵەی باوك و براکەیا خـوارد بوو. ئینجا پێغەمبەر روو ئەکاتە هۆزی قورەیش و لێیان ئەپرسـێ لاتان وایە چیتان‌گەڵا ئـەکـەم؟. قورەیش کە سـیمای مەسـیح لە روومەتی ئـەودائـەبینن وەڵامی ئـەدەنەوە: تۆ براگەورە و برازاگەورەی ئێمەی. پێغـەمبەر بێ‌ئـەوەی لەو هەموو چەرمەسەری‌یە کە هێنابوویانە سەریا شـتێ بدرکێنێ پێیان ئـەڵێ: «دەبڕۆن ئـەوا هەمووتان ئازادن»!.

کێ بڕوا ئـەکا کە پیاوێ لە نیوە شـەوی کپ و بێ‌دەنگ دا لە ماڵ و لە شـار دەربچێ‌و لە گۆڕستانی «بەقیع» دا سەردەربهێنێ‌و سەربکاتە ناو نازکترین هەسـتی خواناسی‌و کاتی خـۆی لە گەڵ ئـارەزووەکانیا بباتە سـەرو سـەربداتەیەك‌یەکی گۆڕەکان‌و لەگەڵیانا رازونیاز بکـاو دەردی دڵی‌خـۆی بۆیان هەڵڕێژێ‌و لەگەڵ دانیشتوانی بێ‌دەنگی گۆڕەکانا لە خەڵك‌و لە ژیان گازندەو گلە بکـا. ئـەو هەر ئـەو پیاوەیە کە لە بازاڕی مەدینەدا لە بەرامبەری چاڵەقـووڵەکانا کە بە فـەرمانی خـۆی هەڵیان‌کەند بوو، بەئارامی دانیشـتبوو و دەسـتە دەسـتە جـوولەکەکانی «بەنی قورەیظە»یان بەکۆت و زنجیرەوە ئـەهێناو لە بەردەمی ئـەوا سـەریان ئـەبڕی و چاڵیانیان ئەکردو ئەویش بە ئارامی سرنجیانی ئەدا و تەماشایانی ئەکرد بێ‌ئـەوەی لێوی ببزوێنێ. ئـەمانە نامەردانە بە کۆمەڵ گزی‌یان کرد بوو، موحـەممەدیش ئەوانی گەیاندە سـزای خـۆیان. بەڵێ، موحـەممەد لە بەرامبەری ناخـوایی‌دا بەو چەشنە بوو.

جێ‌ی سـەرسـووڕمانە کە عەرەبێکـی رەمەکی لە دەشـتەوە دێتە مزگەوت‌و لە بەرابەری خەڵکا بە ئەو ئەڵێ: ئەی موحەممەد، ژنەکەی من لەشێکی چرچ‌و رەشی هەیەو ژنەکەی تۆ جوان‌و شۆخ‌و شەنگە، بێ‌ماوەیێ ئەولەگەڵ ژنەکەما بگۆڕەوە!.

ئەویش بە ئارامی و بەرووی خۆشەوە کە مەسیح دێنێتە سەرسوورمانی پێی ئەڵێ: «برا، ئەگەر ئەمتوانی وامە ئەکرد بەڵام ناتوانم...»![٢٣]

ئایا باوەڕ ئەکرێ پیاوێ لەماوەی کەمتر لە دەساڵا شەصتو پێنج لەشکرکێشی کردووە؟ پیاوێ کە گۆشەگیری ئایینەکەی خۆی بەشەڕ ئەزانێ، تەنانەت گۆشەی ئارامی میحرابی مزگەوتەکەی ئەکاتە رەزمگا، لەدڵی ئەم پیاوەدا گیانێکی بەرزو قووڵ بەبەرزیو قووڵایی بژۆنی بوودا، وە لەمێشکیا بیرێ بەنازکی ئۆپانیشادەکان، وە لە قسەیا ئاوەزیێبە بتەویو قایمی ئاوەزی سوقرات، وە لەچاوانیا سەرنجێ بەجوانیو نازکی سەرنجی «لۆپی»[٢٤] هەست ئەکرێ.

بەیارانی خۆی ئەفەرمێ: «ئەگەر پێم رانەسپێررایە کە تێکەڵاوی خەڵك بمو لەناوی خەڵکا ژیان بەرمەسەر، چاوانم ئەبرێە ئاسمان، وە ئەوەندە رائەوەستامو سەرنجی ئاسمانم ئەدا هەتا خوا گیانمی ئەکێشا.»!

لە پەروەردە کراوەکانی ئەو بۆ نموونە عەلیو ئەبوزەر ناو ئەبەین، چونکە ئەم دوانە لە ئەونو هەموو شتێکیان پێوەندی بە ئەوەیەو بە دەستی ئەو بەخێو کراون. ئەبووزەر ناوی جوندوب کوڕی جونادەیە. ئەم جوندوبە چۆڵگەرێکی نیوە رەمەکی بوو کە ئیسلام ئەوی کردە ئەبووزەر، وە ئەویتر واتە عەلی، منداڵێکی عەرەبی هەشت ساڵە بوو کە لەماڵی موحەممەدا بووە عەلی.

ئەبووزەریش پیاوێکە خاوەنی دوو خوو وخدە، پیاوی شمشێرو نوێژە، پیاوی تەنیاییو کۆمەڵە، پیاوی ئایینو رامیاریێە، پیاوی بەربەرەکانێیە، بەربەرەکانێ لەگەڵ دیلیو برسیەتیدا، بەربەرەکانێ بۆ بەدەست هێنانی ئازادیو وەرگرتنی مافی هەژاران، پیاوی شەڕو بیرو بڕواو موتاڵایە، موتاڵا بۆتێگەیشتن لەقورئانو ناسینی راستەقینەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.[٢٥]

لەبارەی عەلیەوە بڵێم! چکەسێ ئەتوانێ و ێنەی سیماو روومەتی ئەو بکێشێ؟ گیانێکی بەرزو بێ وێنەی هەیە، وە لە روومەتیا گەورەیی خواکانی ئەفسانەیی دەر ئەکەوێ، ئەو لە هەموو کارێكدا کارامەوکارایە، وە قارەمانو پاڵەوانێکی بێ وێنەیە، قارەمانی شمشێرو قسەیە، قارەمانی ئاوەزو ئەوینە، قارەمانی بڕواو راوێژە، قارەمانی رامیاریو پارێزکاریێە، قارەمانی قینو بەزەییو تووڵەولێ بوردن وباسەریو سەرکزیو گۆشەگیریو کۆبوونەوەو سادەییو

گەورەیی‌یە.

لە کووشەنگەی خوێنینی شەڕدا، شمشێری بەناوبانگی ئەو، لەگەڵ پۆلی دوژمن‌دا گەمەو یاری ئەکرد، وە سپای دوژمن وەکوو گەنمە جاڕی بەقەم، لەدەمی شمشێری دوودەمیا، ئەکەوتنە سەریەکا، وە لە دڵی شەوانی بێ دەنگی مەدینەدا وەکوو گیانێکی تەنیاو دەردەدار کە بەهۆی تەنگو چەڵەمەو سەختی ژیانەوە بێ‌تاووتووان بووبوو، وە ژیان تەنگی پێ هەڵچنی‌بوو، جێگەی بەجێ دێڵی‌و لەپەنای شەو کە لەگەڵیا بووبووە هوگرو هاوراز، لەسێبەری دارە خورماکانی بێ دەنگی شاردا بەهێدی تێ ئەپەڕی‌و سەر ئەکێشێتە ناو بیرو چاڵاوی بیرو کەڵکەڵەی خۆیاو وەکوو بێگانەیێ ئەناڵێنیێ، وەکوو ئەوەی کە دنیای بەسەرا روخاوەو هەناسەدانی لێ‌سەخت‌و دژوار کردووە.

لە شمشێرەکەیەوە مەرگ ئەباری‌و لەزمانیەوە هونراو، ئەو هەم جوانی زانست ئەناسی‌و هەم خوا، وە هەم دڵی ئەکەوێتە لێ‌دان بۆ ئەوەی کۆمەڵی خۆش بوێ، لەگەڵ ئەوەش‌دا پیاوی مەیدانی شەڕو سووتاوی بێ‌دەنگی گۆشەی میحراوو ویرژیلی دانتەو رۆستەمی فردەوسی‌و شەمسی مەلای رۆمی‌یە.

ئەوە چی‌ئەڵێم، مەگەر ئەتوانم بە وشە لەبارەی عەلی‌یەوەبدوم؟ بابێ‌دەنگ بم‌و بزانم بێ‌دەنگی لە بارەی ئەوەوە چی ئەڵێ. چونکە ئەو لەگەڵ عەلی‌دا ئاشناترە. عەلی خۆی موحەممەدێ ترە، وە سەرسوڕمان ئەوەیە کەلە سیماو روومەتی عەلی‌دا موحەممەد ئەبینرێ. ئەو موحەممەدەی کە لەپاش چواردە سەدە لە چاوانی کەم سۆمای ئێمە بزروپێوار بووە، ئەو موحەممەدەی کە روانگەی خواوقورئانە، وە ئێمە ئەبێ لە روومەتی عەلی‌و ئەبووزەرو بنەماڵەی بەڕێزی خۆی‌دا ئەو ببینین، ئەو بنەماڵەیە کە مێژوو شانازی پێوە ئەکا.

مەدینەو شاری موحەممەدیش زانستگایێکی گەورەیە، کە ئەگەر ئەم شارە لەگەڵ شارە بەناوبانگەکانی مێژوودا وەکوو: ئاتن، ئسپارت، ئەسکەندەریە، رۆم، هلیوپۆلیس، بنارس، هەگمتانە هەڵسەنگێنین، بایی مەدینەمان بە تەواوی بۆ دەرئەکەوێ.

ئەو شارانەی کە ناومان برد هەرکامیان دەروازەیێکیان هەیە و رووداوەکانیان لە مێژوو دا تۆمار کراوە بۆ وێنە لە دەروازەی رۆم و هەگمتانەو ئسپارت داپیاوانێ

هێرش ئەبەنە سەر خـەڵك كە هەموویان ئـەندامو لەشـێكی بە هێزو روومەتێكـی زبرو درێیان هەیەو دەست بە چەكەوە خۆیان بۆ كوشتنی خەڵك ئامادە كردووە. ئـەو شارانەی كە حیلەی ئەسپانی شەڕیو نەڕەی پاڵەوانانو شەڕكەرانی هەموو دەم لە گوێی مێژوو دا دەنگ ئـەداتەوە بریتین لە: نرۆن، كراسـۆس، ژۆل‌سـزار، سوورن، ئسپارتاكۆس، وسپاسین، ئەژی‌دەهاك، كوورش، خەشایارشا....

بەڵام لە دەروازەی ئـاتن و هلیۆپۆلیس و بنارس و ئـەسكـەندەریەوە... پیاوانێ دێنە شـوێنی مێژووەوە كە هەموویان هالنە بیرێكـی قـووڵاو لە شـەپۆلی ناپەیدای بیری خۆیان دا نوقمن، وە ئەمانە سەرمایەدارانی گەورەی زانیاریو فەرهەنگن كە لە درێژایی مێژوو دا پەیدا بوون و بریتین لە: كونفـۆسیۆس، لائـۆتزۆ، لۆپی، مەهاویرا، بوودا، سوقرات، ئەفـلاتوون، ئـەرەسـتوو، ئپیكـور، رواقیەكان، فلۆتینەكان، ئوپیكت.

بەڵام، یەثرب، مەدینە و شاری موخەممەد، شارێكە لەگەڵ دوو دەروازەی كراوە بە رووی جیهان دا، لە یەكێكیا «لەشكری كەوو» دێتە دەرەوە، وە جگە لە كوشتن بە شتێ تر بیر ناكەنەوە و جگە لە خوێن رژتن كارێكی تریان نیە. لەئەم دەروازە دا پیاوانی شەڕی كە شمشێرەكانیان تینووی خوێنی خەڵكـە، دێنە دەرەوەو لە مەكۆی نیوە شەوێكی تاریك و تاریكەورێكی ترسناك دا لەپڕ ئـەرژنە سـەر هۆزێكو هەموو شتێكیان بە چەپاوو تاڵان ئەبەنو پیاوانیشیان بەدیل ئەگرنو ئـەگەڕێنەوە، وەكوو ئەڵێی لە دەروازەی رۆمەوە تێ‌پەڕیون.

وە لە ئـەو دەروازەكەی تریەوە، روومەت گەلێكـی ئـارامو میهـرەبانو پڕ لە بەزەیی كە تریفەی ئەوینی خوایی لە روومەتیان دا ئەدرەوشـێتەوە و لە تەوێڵیان دا بڕواو باوەڕ شەپۆل ئـەداو داوێنیان پاكو خـاوێنو رازاوە بە خـۆپارێزی‌یە چـاویان بڕیوەتە زەویو دلیان بەستووەتە ئاسمان، ئەڵێی كە حـەواری‌یەكانی مەسـیحن، پیادە یا سوارە دەستە دەستە هەركام بە سواری لۆكێ ریێی دەشتەكانی ترسـێنەرو ئاگرینی «نجد» و «نفوذ» و «ربع‌الخالی» ئەگرنەبەرو ئـەیبرنو پەیامی ئـاشتی و دۆستی بۆ دانیشتوانی ئـەو شـوێنانە ئـەبەنو دڵانی پڕ لە قینو گیانانی ئـاڵوودە بە ئاوی پاكو خاوێن كە لە سەر چاوەی سـرۆشی خـوایی‌یەوە هێناویانە ئـەشـۆرنو بۆنی خۆشی ئـەوینو بڕواو تۆمی پیرۆزی و ئـازادیو بینایيو مزگێنی لە دەروونی

هۆزەکانا ئەوەشێنن.

ســەرنجــی مزگەوتی مەدینە بدەن. هەم «راوێژگەی رۆم»ەو هەم «کۆڕی زانیاری ئاتن» و هەم «پەرستگای زەرْدەشت»ە!.

اهل الصــفه:[٢٦] ئــەمانە کە بەدیهێنەری گەورەترین رووداوی مێژووی مرۆو وێرانکەری گەورەترین قەراڵستانی جیهان بوون، کەس ناتوانێ لە مەیدانی شــەڕ دا ئەوان لە سەربازانی رۆمی و پارتی جیاکاتەوە. ئەم دەســتە کە لەســەر ســەکۆ دا ئەژیان، لە پیاوانی ئایینی هندیو یارانی بووداو مەسیح بەرترن ، وە لە هەرچی کە لە ژیان دا هەیە چـاویان پۆشــیو ســەکۆی مزگەو تێکیان هەڵبژاردو شــەو و رۆژ لەگەڵ خوادا رازونیازیان ئەکردو خــەریکــی پەرســتنی خــوای تاقوتەنیا بوونو کاروکرداریان هەر خواناسیو خواپەرستی بوو، وە بە جۆرێکیش سەرگەرمی باسو تۆژانەوەو لێکۆڵینەوە بوون کە ئەڵێی شاگردانیباخی ئــەفــلاتوونو قــوتابیانی زانیاری ئاتن، وە لە شەڕیشــا کاتێ فــەرمانیان لە موحــەممەد وەرئــەگرتو شمشێرەکانیان ئەگرتە دەستەوە تا دوژمنیان شکســت نەدایە نەئـەگەڕانەوە، وە بە جۆرێ شەڕیان ئەکردو دوژمنیان ئەبەزان، ئەتوت شەڕکەرانی سزارن.

ئــەمەیە ســیمای ئــایینێ کە رێبەرایەتی داهاتووو پاشــەرۆژی مرۆی گرتووەتە ئەستۆ، بۆیە کراسی کۆتایی دان بە پێغەمبەری پێ ئــەکەوێ کە خــوای ئــەو هەم سیمای یەهووەی هەیەو هەم سیمای تئــووس. پەڕاوەکەی هەم زانیاری تەوراتی تیایە، وە هەم پەندەکانی ئنجیل، وە پێغــەمبەری هەم مێشکــی مووســـای هەیە و هەم دڵی عیسا، وە بەخێوکەرانی ئەو هەم ســیمای چــریکیان هەیە و ژیان تەنیا بە شەڕ ئەزانن، شەڕ بۆ بەدەست هێنانی ئازادیو سەربەستی، وە لایان وایە ئەو ژیانە تەنیا بە بڕواو بەربەرەکانێ دێتە دەســت،[٢٧] وە هەم ســیمای هۆزانێکیان هەیە کە مرەکەوی زانایانیان لە خــوێنی کوژراوان پیْخــۆشترە،[٢٨] وە بە پیْنووس و نووسراویش سوێند ئەخۆن، وە هەم سیمای خواناسێکیان هەیە کە لە ناوونیشانو فــریوەکانو یارییە پەســتەکانی ژیان دڵهەڵکــەنە بوون و دوور لە جیهـــان، جیهــانێکیان لە خــۆیانا بەدیهێناوە، وە لەگەڵ ئـــەوینە گەورەکانو دەردەهێژاکانا ئاشنا بوونو لە تەریکیگەورەو جــوانی خــۆیانا ئــەژینو شــەمی کۆمەڵی تەنیای خۆیانن.

موحەممەد خۆی بە دووخەتی جوان و ئاشکرا، سیمای ئەمانەیە کێشاوە کە خۆپاریزانی «شەون و شێرانی رۆژ». بەم چەشنە موحەممەدو ئاینەکەی ئەمەیە لیٚ‌ئەوەشیٚتەوە کە هیواو ئارەزووی گەورەی مرۆی ئەمرۆ بەدی‌بینیٚ و بە هیوای بگەیێنیٚ.

تاقی‌کردنەوەیٚکی تالٚ کە لە چارەنووسی شارستانیەتەکانی میٚژوو دا هیٚناومانەتە دەست، هات‌و چۆو جم‌و جوولیٚکی هەمیشەیی کۆمەلٚەکانە لە نیٚوانی ئەمرۆو رۆژی دوایی‌دا، لە نیوانی بژۆنی‌و ئەنبووژەنی و تاکی‌و کۆمەلاٚیەتی‌و لەش‌و گیان‌و گەورەیی‌و خوو رەوشت و هیٚزی ژیان‌و قوولاٚیی فەرهەنگ‌و بەرزی و بلٚندی شارستانیەت‌و دلٚ‌و میٚشك‌و ئاوەزو هەست‌و چیٚژو پاریٚزکاری‌و جوانی‌و سوود دا، وە سەرئەنجام لە نیٚوانی راستی‌و راستەقینەو رئالیسم‌و ئیدەئالیسم دا کە هەموو دەم بەرەی مرۆی نەخۆش و زەدەدارو بیٚوەری‌و بەش‌خوراو کردووە، وە بە جۆریٚ ئەوی لە ریٚی راست لاداوە و تەنگی پیٚ‌هەلٚچنیوە و کوورٚو نائومیٚدی کردووە، ئیٚستاش لە دریٚژایی تەمەنی دریٚژی ئەو لە سەر ئەم زەوی‌یە داپتر لە هەر دەمیٚ لە نەخۆشییٚکی سەخت، رەنج‌و دەرد ئەکیٚشیٚ، دەردو رەنجیٚ کە جیهانی بەم هەموو فراوانیە لیٚ تەنگ کردووە، وە ئاسۆی روونی ژیانی لە بە رچاو رەش‌و شووم کردووە.

بەلٚیٚ ئەم شارستانیەتە بووەتە هۆی بەدبینی‌و دوودلٚی مرۆ، وە وایە لیٚ‌کردووە کە بیر لە سرشت بوون‌و رۆژی دوایی نەکاتەوە، ئەم نەخۆشی‌یە بەجۆریٚ کاری کردووەتە سەر رەگ‌و دەمارو هەست‌و بیری ئەو کە هەموو شتیٚکی لا، وەکوو کاو باوایە، وە ئەم چەشنە بیرە بووەتە ریٚ‌و رچەی رۆشنبیرانی ئەمرۆی جیهان. مرۆ بە جۆریٚ لە ژیان دردۆنگ‌و دوودلٚ بووە کە هەموو رۆژیٚ ئەبیسین چەندین کەس خۆیان کوشتووە، وە یا ئاوەزیان تیٚك‌چووە، وە بەم جۆرە، خۆکوشتن‌و بیٚ‌ئاوەزی بووەتە هاودەمی‌فەرهەنگ‌وشارستانیەتی گەورەی ئەمرۆی مرۆ، وەئەم رەوشتەبەپەلە بەرز ئەبیٚتەوە و داهاتوو و پاشەرۆژی ئەو ترسناك ئەکا.

مرۆی ئەمرۆ کەئەم ئەزموودەو تاقی‌کردنەوە گەورەیە لەمیٚژوو فیٚربووە، وە نەخۆشی و کەم‌و کورتی شارستانیەتی ئەمرۆی جیهانی باش ناسیوە، بەهیوای ئەوەیە کە گیانی بە دووباڵی «ئاوەز»و «هەست» بفریٚ، بە «ئاوەز»ی سوقرات

بیر بکاتەوە، وە بەدڵی مەسیح ئـەویندار‌بێ، وە وەکوو ئـەبووعەلی «زانا»و وەکوو ئـەبووسـەعید «بینا»بێ[٢٩]. کۆمەڵێ بەدی بێنێ کە نە وەکوو هند لە شـارستانیەت بێوەری بێ، وە نە وەکوو ئـوروپا لەبزۆنیو خـواپەرسـتی دوور بێ. کۆمەڵێ بێ کەکراسی شارستانیەتی کردبێتە بەرو بەگیانو دڵ ئایینی وەرگرتبێ، بە چەشنێ بێ کە «ئارنۆڵدتاین» بەهیوایەتی.

ویستی رۆشنبیرانی ئەمرۆی جیهـان ئـەوەیە کە شـارستانیەتی ئـوروپا لەهندا دامەزرێنو رێو رچەی خواناسی هندیش بدەمێننە ئەندامی ئەنبووژەنی ئـوروپادا، زیو زیرەکی خۆرهەڵات ببەنە خۆرئاواوە، وە ژیاری خـۆرئاوا ببەنە خـۆرهەڵات. بە ئاگری شەمس گیانی ئەرەستوو بسووتێنن، وە بەچاوانی وشکـی «بیکـن» دڵۆپێ فرمێسك ببەخشن، شمشێری قەیسەر بدەنە دەستی مەسیحو بێئـارامی و بێتاوی «حـەلاج» بننە دڵی «کانت». بەشـوورەی ئـاتن، دەروازەیێ لەرۆمدا بکـەنەوە، وە سەرئەنجام لە «راوێژگەیرۆم» و «کۆڕی زانیاری ئـاتن» و «کلیسـای عیسـا»دا «مزگەوتێ» دروسـت کەنو بەپێی وتەیئلکسـیس کارل: هەم جـوانی زانسـت بناسنو هەم جوانی خوا، وە بە قسەکانی پاسکال هەروەها گوێ بدەن.

فرانتز فانوون، پەیامێکی بۆ رۆشنبیرانو زانایانی جیهانی سـێهەم هەیە کە لەم پەیامەدا دەردی مرۆی ئەم چـەرخو خـولە دەر ئـەبڕێو داهاتوویێکـی باش بۆ مرۆیئەمرۆ دەست نیشان ئـەکا، هەتا بەرێی راسـتو پلەی بەرز بگـا، ئـەو کە مێژوو و زەمانی تاقی کردووەتەوەو بەدەردو رەنجـی مرۆ هەسـت ئـەکا لەم بارەوە ئەڵێ:

[هاوەڵان، بێنو ئیتر لە ئـوروپاوە مەدون، ئیتر لە لاسـایی کردنەوەی مەیموون ئاسای ئوروپا دەست هەڵگرن، ئێمە نابێ لە بەژی ئەفریقاو ئـاسیادا، ئـوروپایێ تر بەدی بێنین، ئیتر ئەزمووده و تاقی کردنەوەی ئەمریکا بۆ ئێمەو بەرەی مرۆ بەسە. هاوەڵان، ئەبێ بیرێکـی نوێبهێنینە دی، ئـەبێ رەگەزێکـی نوێ سـرشت کەینو ئەبێ تێکۆشین تا مرۆیێکی نوێ هەستێو لەسەرپێ راوەستێ.]

«مرۆیێ هەم نیوە خـاك بێو هەم نیوە خـوا» مرۆیێ کە هەم فێری تاقـی کردنەوەی رۆم بێو هەم فێری ئـەزموودەی هندوسـتان، مرۆیێ کە بەتەنیایی دووباڵی هەبێو بە جـەماوەردوبیر. مرۆیێکـی وا ئـەگەر بێتە دی، هەم پارێزگاری

شەوەو هەم شێری ڕۆژ،[٣٠] وە هەمیشە پێ بەندی ئایینەو لەرێ ڕاستەوە ژیان ئەباتە سەر، وە ئاینییێکی وا، ئایینی «پەڕاو» و «تەرازوو» و «ئاسن» ە.![٣١]

# یادداشته‌كان

١ـ دیاردی‌یه بۆ تاكێكی سه‌عدی، كه‌ له‌ ستایشی خواناسان دا وتوویه‌:

فرس كشته از بس كه شب رانده است سحرگه پریشان و درمانده است

واته‌: ئـه‌وه‌نده‌ ئـه‌سپی ره‌تاندووه‌و شـــه‌وی پێ بڕیوه‌، كه‌ له‌به‌ ره‌به‌یانیش دا په‌رێشـان و داماوه‌.

٢ـ ژماره‌زانی به‌ناوبانگی فـه‌رانسـه‌ (شـوارتز) له‌ كۆبوونه‌وه‌یێك دائـه‌یوت: «یوونانی‌ـیه‌كان به‌و هه‌موو بلیمه‌ته‌ی كه‌ له‌پیتۆڵی‌و هونه‌ر دا هه‌یانبوو نه‌یانتوانی چـه‌رخـێ دروسـت كه‌ن، چونكه‌ دیله‌كان و كۆیله‌كان‌و هه‌ژاران باره‌ قورسه‌كانیان ئه‌كێشاو ژماره‌ی ئه‌مانه‌ به‌ ئـه‌ندازه‌یێ زۆر بوو كه‌ رۆشـنبیران، خـۆیانیان له‌م چینه‌ به‌ غه‌واره‌و نامۆ ئـــه‌زانی، وه‌ هیچ ده‌ردێكی ئه‌وانیان چاره‌سه‌ر نه‌ئه‌كرد. ئه‌فلاتوون له‌ چاوی زانسـتی و پیتۆڵی‌یه‌وه‌ بڕوای له‌ سه‌ر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ هه‌ندێ له‌ بنه‌ڕه‌تا به‌ كۆیله‌یی له‌ دایك ئه‌بن و سرشتی خۆكردی مرۆڤه‌كان به‌ ئـازادو كۆیله‌ دابه‌ش ئـه‌كرێ و ئـه‌گه‌ر كۆیله‌و ژێرده‌ســـه‌ له‌ ناو كۆمه‌ڵ دا به‌رزه‌و بێ و سه‌ركه‌وێ، كۆمه‌ڵ ئالۆس ئه‌بێ. ئـه‌م چـه‌شـنه‌ بیره‌ له‌ ئێرانی كۆنیش دا هه‌بووه‌، وه‌كوو چیرۆكی نه‌وشـێروان‌و كه‌وش دروو یێ كه‌ تكـا ئــه‌كا له‌باتی وه‌رگرتنی مزه‌كه‌ی، ودمو ده‌سـتوور بدا كوڕه‌كه‌ی له‌ فێرگه‌ دا بخـوێنێ، نه‌وشـێروان به‌و هه‌موو پێویسـتی‌یه‌ كه‌ له‌و ده‌مه‌دا به‌ پووڵ‌و پاره‌ بۆشـه‌ڕ هه‌یبووه‌، به‌م كاره‌ رووی خـۆش پیشـان نادا، له‌به‌رئـــه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر كه‌وش‌درووه‌كه‌ وانه‌ بخوێنێ، ئه‌بێته‌ ده‌ویرو راوێژیاری شـازاده‌كان‌و ده‌ره‌به‌گه‌كان. سوقرات‌و ئه‌فلاتوون‌و ئه‌ره‌ستوو كه‌ له‌ خولی له‌ ناوچوونی ده‌وڵه‌تی ئیریستوكراسی ئاتن‌و ده‌وڵه‌تی گشتی دائه‌ژیان، هه‌میشه‌ به‌ ده‌وڵه‌تی كۆمه‌ڵ به‌دبین بوون، وه‌ ده‌وڵه‌تیش ئه‌وانی به‌ لایه‌نگرانی رژێمی ده‌ره‌به‌گ ئه‌زانی.

٣- ئەمە بە پێچەوانەی قسـەی ئـەو دەسـتەو کۆمەڵەیە کە لایان وایە کۆمەڵ بە هۆی پیتۆڵی‌و زانسـت و پیشـەسـازی‌و هونەرو ویژەوە دارێژراوە، بە ڵام کۆمەڵ و ژیارو شارستانیەت بە هۆی برواو ئیدئۆلۆ ژی‌یەوە دائەرێژری‌و دائەمەزری. ژیاردەستکردی ئـەو کەسـانەیە کە ئـامانجێکی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤـایەتی یان هەیەو لەم رێگـەوە بەربەرەکانی ئەکەن. ئەمانە رێگا ئەکەنەوەو پاشان بلیمەتەکانی پیتۆڵی‌و زانیاری و هونەری لەم رێگەوە ئەرۆن‌و پی‌ئەگەیێن. خۆرهەڵات ئێستا بۆ ژیار بوون پێویستی بە بڕوایێکی نوی‌و بتەو قایم هەیە، ئیتر شارستانیەت‌و ژیاری ئوروپایی بۆ ئەو بێهوودەو پڕ لە زیان‌و پڕ لە زەوەندە.

٤- واتە هەم ماتۆری مێژوون‌و هەم چرای مێژوو.

٥- لەم بارەوە بڕواننە پەڕاوی «پاڕانەوە» وەرگێڕاوی دانەر لاپەڕەی ١٥- ئەم پرسـیارە هەمیشـە دێتە بەرباس کە بۆچـی هەمووی ئـایینەکان لە خـۆرهەڵات دابەدی‌هاتوون‌و پەیدابوون؟ بەڵام‌هەرگیز وانیە.تەنانەت سوور پێستەکانی ئەمریکـای باکووری و عێلەکانی ئـوسترالیایی هەر کام ئـایین‌و بڕوایێکـی تایبەتیان هەیە، وە کۆمەڵ ناسـەکان لەم دووسـەدەی داویی یە دائـەمەیان بۆمان روون کردووەتەوە. لە قـورئانیش دا هاتووە: «و لِكُلِّ أُمَّةٍ جَعَلنا مَنسَكاً هُم ناسِكوهُ...» واتە: بۆ هەر نەتەوە و گەلی ری‌و رەوشتێکمان دانا کە لە شـوێن ئـەو ری رەوشـتە بڕۆن. (لەم بارەوە بڕواننە کارەکانی بە نرخ و بایداری: ئسپنسـر، مولر، مارسـل مۆس، لوی برول، دورکهیم، ماکس‌وبر....) بە ڵام کاتی ئێمە لەبارەی پێغەمبەرانی گەورەوە ئەدوین، ئەبی بڵێین کە فـەرهەنگ‌و شـارستانیەت هەمووی لە خۆرهەڵات داپێگـە یشـتووەو ئـایینە گەورە کانیش وەکوو شـارستانیەتە گەورەکان لە خۆرهەڵاتەوە رۆیشتووەتە خۆرئاوا.

٦- بڕواننە پەڕاوی: ئێران لە زەمانی سـاسانیان دا- نووسـراوی: کریسـتنسن لاپەڕەی ٢٢٠

٧- تەبەری لای وایە مەزدەك خـەڵکـی «الندریە» بوە، کە بە بڕوای کریسـتنسن «الندریە» هەر «مادەرایا» یەو لەم بارەوە ئـەڵی: ئـەم شـارە تا سـەدەی نۆهەمی زاین نیشتگەو شوێنی پیاوە گەورەکانی ئێران بووە. لەم بارەوەبڕواننە پەڕاوی:(G. le strange وڵاتەکانی جـی نشـینی خـۆرهەڵاتی لاپەڕەی ٣٨) بە پی‌ی وتەی مالالاس، ئـەو سەرکەوتووی خۆش ویستووە، چونکە سەرکەوتوو تیشکەو تی شکاو تاریکـی‌یە! (بڕواننە پادشایەتی قوبادو سەرهەڵدانی مەزدەك ـ نووسراوی: کریستنسن لاپەڕەی ٥-١٠٤)

٨ـ لەسەر تەختە یا قاقەزێکا چەند کونا بە ئەندازەی سکەی دەشایی و یەك قـرانیو دوو قرانی و پێنج قـرانی و دە قـرانی دە ربێنن و بیدەنە دوومناڵ، یەکێ دەرەبەگزادەو ئـەویتر مناڵی هەژار، کە هەر کام لەو سکانە بخاتە ناو کوناکەی خـۆی، کە چـی هەڵەی ئـەم دوو مناڵە بە پێچە وانەی یەکترە، یە کەمی سکـەکان ئـەخـاتە کونا بچکـۆلەکانو دووهەمی، سکەکان لەکونا گەورە کانەوە دەرئەکا.

٩ـ ئەم پرسیارە ئـەکەن کە بۆچـی ئـایینەکان لە نێوانی کۆمەڵ دا خـۆی را گرتووەو پەرەی سـەندووە؟ لە وەڵاما ئـەبێ بڵێین: ئـەم ئـاییننانە لە پاش ماوەێی تایبە تیـیە کانی بەرزوبڵندی خۆیان لە دەست ئەدەن. (ئایینی مەسـیحیو ئیسـلام مەگەر وانە بوو؟) جگـە لەوەش بە بڕوای من، سـەرهەڵدانی دەردەکانو ئێشـەکانو هەسـتەکان، کەوشـەنو سنووریکیان هەیە، بە ڵام پەرەسەندیان سنوورو کەوشەنێکی نیەو سـەرتاسـەری ئـەندامی کۆمەڵ ئەگرێتەبەر، مەگەر ئێستاگەلێ لە ئـارەزووەکانو هەسـتەکانو پێویسـتی یەکانو چێژەکانی هونەریو وێژەییو کۆمەڵایەتی و بیرو کە ڵکەڵەی پیتۆڵیو هەر وەها جیهانبینی تایبەتی بورژوازی ئـوروپایی نابینین کە بە چ توندو تیژێی لە نێوانی چینەکانی ناونجـیو بەشخوراوی کۆمەڵەکانی دواکەوتووی ئاسیاییو ئەفریقایی دا باوی سەندووە؟.

١٠ـ بڕواننە ئێران لە زەمانی ساسانیان دا- مێژووی ئـاییـنەکان لە ٥ بەرگ دا بە زمانی فەرانسەوی ـ مەزدیسنا لە وێژەی فارسی دا.

١١ـ نۆح دارتاشەو ئیبراهیم کوڕی ئازەر پەیکەر سـازو (ئـەسـتێرە ناسـی نمرووده! = شـیکردنەوەی صـافی ـ وە هەندێ لایان وایە ئـازەر باپیری ئـەوە! ـ بڕواننە پەڕاوەکانی قامووسو راقەی همزیە بن حجر المکی...) بە ڵام لێکۆڵەرانو شیکەرانی قورئان وشەی (أب)یان بە واتای (مام) داناوە!، چـونکە بە پێی بیرو ڕای ئـەوان، شـیاو نیە کە باوکی پێغەمبەر، پیاوێکی خراپ بێ ئەویش بت تەراش! جا قسـە لە سـەر ئـەوەیە کە کوڕی بت تەراش ئەبێتە سـەر زنجیرەی بت شکێنانی مێژوو. وە ئـەمە زۆر جـوانە، بەڵام بە داخـەوە ئارایشتگەرانی بێ چێژ گە لێ لەم جوانی یانەیان بە ئامرازی (شی کردنەوەو راقەکردن) ەوە خراپ کردووە. وە داوودیش دە نگخۆش و زرێچنو کە زێیچـن بووە. وە جگـە لەمانە بە پێی وتەی پێغەمبەرو بە ڵگـەکانی مێژوویی، ئـەوانیتر هەموویان شـوان بوون. ئـەم پیشەوەرانەش لە ناو وەرزێرانو هەژاران داسـەریان هەڵداوەو لە بە شـخوراوترینو بێبەریترین چینەکانی کۆمەڵایەتی بوون. داوود باوەکوو دەنگی خۆش بووەو هونەرەکەی پەرەی سەندووەو باو بووە، بە پێی وتەی عەلی کوڕی ئەبوو تالب، ئەو لە کەزییو حەسیر

شت گە لێکی ئەچنیو ئەیگوت چ‌کەسێ ئەمانە لە من ئەستێنێ؟ داوود لە بایی ئەوانە چەند کولێرە جۆی ئەسەندو ئەیخواردو پێی ئەژیا. (بڕوانە «نهج‌البلاغە»شی کردنەوەی موحەممەد عەبدۆ)

١٢- پێغەمبەران، هەمووەم لەگەڵ سەرمایەدارانو زۆردارانا کەوتوونەتە بەربەرەکانێ. لە تەورات دا هاتووە: ئەگەر تەنافی لەنگەری کەشتی بڕواتە کونای دەرزێیك دا، سەرمایەدارێکش ئەڕواتە بەهەشت. لە قورئانیش دا خوای مەزن ئەفەرمێ: وَالَّذينَ يَكنِزونَ الذَّهَبَ وَالفِضَّةَ وَ لا يُنفِقونَها في سَبيلِ اللهِ فَبَشِّرهُم بِعَذابٍ أليم...» واتە: ئەوانەی کە زێوو زێڕ کۆئەکەنەوەو لە ڕێی خوا دا نایبەخشن و لە ڕێی ئەودا هەنگاو هەڵناگرن، ئەی پێغەمبەر، مژدەی ئەشکەنجەیێکی دەردناکیان پێبدەو لەو ڕۆژە دا تەوێڵو کەمەریان بەو زێوو زێڕانە نوقرەداخ ئەکرێ، لەوێش دا پیان ئەوترێ ئەمەیە سەرئەنجامی گەنجێ کە کۆتان کردبووەوە، بەس باش چەشکەی بەرهەمی گەنجەکەتان بکەن.

١٣- ئەمەم لە ڕووی نەزانییەوە نەوتووە، بەڵکوو ڕشتەی توێژانەوەو لێکۆڵینەوەو هەر وەها وانە دانم، مێژووی ئاینەکانو شارستانیەتەکانو فەرهەنگەکانە، جگە لەوەش گیانی من بە چەشنێ گیرۆدەی ئاینیەکانی هندییەو لە بە ڕامبەری بیرو ئەندێشەکانی سەرسوورمانو جوانی فەرهەنگی بوودا و قوتابخانەی جینو بە تایبەت پەڕاوەکانی ئۆپانیشاد دا، وەها بێ ئارامو بێ ئۆقرە بووم، هەموو دەم لە دڵەوە ئارەزوو ئەکەم کە خۆزگە ڕاستە قینەم لەگەڵ بیرو قسەی جوانو هۆنراوو کەڵکەڵە دا سازگار ئەبوو، بەڵام بەداخەوە وانیە!؟».

١٤- دەوری بەتاڵ Cercle vicieux. بێشك تۆڵەسەندنەوە بە پێی قورئان پشتیوانی ژیانی کۆمەڵە، بەڵام قورئان، بە خشینی لە تۆڵەسەندنەوە بە بەرتر زانیوە، وە بە خشینو لێبووردن و لێخۆشبوون تەنیا ڕێی لە ناوچوونی شەڕو کێشەو خوێن ڕێژتنە. واتە: هەر تۆڵەسەندنەوەیێك، تۆڵەسەندنەوەیێکی لە دوایەو ئەم دەورە پشت بە پشت ئەگەڕێو ئەبێتە هۆی تیاچوونی چەندین کەس، وە بۆیە پێی ئەڵێن دەوری بە تاڵ.

١٥- ئاتۆ: تابڕووی سرشتو کۆمەڵە

١٦- لی: ئابڕوو و تائۆی کۆمەڵ.

١٧- جانووس: خوای دوو ڕوومەتی یوونان (ئاگا لە ڕابردوو و داهاتوو)

١٨- خوای مەزن لە سیپارەی پیرۆزا ئـەفـەرمێ: «هوَاللّهُاَلَّذی لااِلهَ الاّ هوَ عالِمُالغَیبِ وَالشّهادَةِ هُوَالرَّحمنُ الرَّحیم.» واتە: ئەوخوایەو جگـە لە ئـەو خـوایێ ترنیە، وە ئـەو داناو زانای هەموو نهێنییێكو ئاشكراییێكەو ئەو بەخشدەییێكی دڵاواو دڵۆوانە.

١٩- خوای گەورەو مەزن لەقورئانی پیرۆز دائـە فـەرمێ: «وَنَحـنُ اَقـرَبُ الیهِ مِن حَبلِ الوَرید» واتە: ئێمە لە شاڕەگی گەردنی بە ئەو نزیكترین.

٢٠- خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزا ئەفـەرمێ: «لَو اَنزَلنا هذا القُرآن عَلیٰ جَبَلٍ لَرَاَیتَهُ خاشعاً مُتَصَدِعاً مِن خَشیَةِ اللهِ...» واتە: ئـەگەر ئـەم قـورئانەمان لە سـەر كێوێك دا دابەزاندبایە، وە كێوەكە ئەوی بدیایە، لە ترسی خوا شە قی ئەبردو وردوخاش ئە بوو.

٢١- دیاردی‌یە بە فەرمایشتێكی پێغـەمبەر، لە زمانی پێغـەمبەرەوە ئـەیگێڕنەوە كە خـوا ئەفەرمێ: «یامَلائكَتی قَداستَحَیتُ مِن عَبدیٰ وَ لَیسَ لَهُ غَیری فَقَد غَفَـرتُ لَه» واتە: ئـەی فریشتەكانم، من لە بەندەی خۆم شەرمەزارم، چـونكە ئـەو جگـە لە من كەسـێ‌تری نیە، بەس ئەوا لە ئەو بووردم ولی‌ی خۆش بووم. (سەرەتای گوڵستان)

٢٢- خوای مەزن لە قورئانا ئەفەرمێ: وَاَعِدّوُا لَهُم ما استَطَعتُم مِن قُوَّةٍ وَمِن رِباطِ الخَیل تُرهِبونَ بِهِ عَدُوّاللهِ وَعَدُوّكُم...» واتە: بۆیان ئامادەكەن ئەوەی كە ئـەتوانن، وە لە ڕەووی ئەسپان دوژمنی خواو دوژمنی خۆتانی پێ‌بترسێنن...» واتە: بۆتێ شكـاندنی دوژمن لە هێزی ئەسپانی شەڕی كە ڵك وەرگرن.

٢٣- لە خـولی بتپەرەسـتی داباو بووە كە عەرەبەكان لە جیاتی دانەوەی قــەرز، ژنانی یەكتریان لە لای یەك بۆماوەێی دائەنا.

٢٤- لۆپی یا لوو، یەكێ لە هونەرانی كۆنی وڵاتی چینە، ئەو بە جۆرێ سرشتی بینیووەو هەسـتی پێ‌كردووەو پیایا هەڵگـوتووە كە بیری ئێمەی پێ‌ناگا. (سـەر نجـی پەڕاوی: «درسهای تاریخ ادیان» - نووسراوی شەریعەتی بدەن)

٢٥- سەرنجی «ابوذرغفاری» وەرگێڕاوی دوكتۆر شەریعەتی بدەن.

٢٦- ئەم دەستە کۆچیان کردبووە مەدینەو کارو ماڵیان نەبوو، وە پێغەمبەر سـەکۆیێکـی لە گۆشەی مزگەوت دا دروست کرد تا لە ویٚ دا ژیان بەرنە سەر، تەنانەت پێغەمبەر لەگەڵ یارە کانیا خوردو خۆراکی بۆیان ئامادە ئەکردو پێیانی ئـەدا، ئـەوانیش هەمیشـە ئـامادەی ئەنجـامی راسپێررەکانی پێغـەمبەر بوون، وە پیاوانی وەکوو سـەلمان‌و ئـەبووزەریان تێدا هەڵکەوت.

٢٧- ئەمە قسەی حوسەین کوڕی عەلی‌یە کە ئەفـەرمیٚ: «انما الحياة عقيدة و جهـاد» واتە: ژیان بڕواو خەباتە.

٢٨- دیاردی‌یە بۆ فەرمایشتی پێغـەمبەر کە ئـەفـەرمیٚ: «مِدادُ العُلماء أفضَـل من دِماءُالشهداء» واتە: پێنووسـی زانایان لە خـوێنی ئـەوانەی وا لە ڕیٚی خـوا دا کوژراون بەرترە.

٢٩- چیرۆکی دیدارو چاوپیٚ کەوتنی ئەبوو عەلی‌سینا لەگەڵ ئەبووسەعید ئـەبوولخـەیر دا، قەگەرچی بنەڕەتێکی نیە، بە ڵام گە لیٚ واتای هەیە. ئەبوو عەلی ئەڵیٚ: ئە وەی کە من ئەیزانم ئەو بە چاو ئەیبینیٚ، وە ئەبووسە عیدیش ئـەڵیٚ: ئـەوەی کە من ئـەیبینم ئـەو ئەیزانیٚ.

٣٠- دیاردی‌یە بۆ فەرمایشتی پێغـەمبەر کە ئـەفـەرمیٚ: «زَهّادالليل وأسـدالنَهار» واتە: پارێزکاری شەوەو شێری ڕۆژ.

٣١- پەڕاو و تەرازوو و ئاسن: من ئەم سـیٚ ناوە لە قـورئان دا بە سـیٚ تشـتانوكو قەوسەلە دا ئـەنێم. پەڕاو بریتی‌یە لە فـەرهەنگ‌و زانسـت و بزۆنی، وە تەرازوو بریتی‌یە لە بەرابەری و دادگەری و ماف، وە ئاسن بریتی‌یە لە هێزی ئـەنبووژەنی. وە ئـەتوانین بڵێین کە ئەم سـیٚ ناوە بریتی‌یە لە فـەرهەنگ‌و دادگەری‌و هێز. بە تایبەت کە ئـەم سـیٚ ناوە لە دووئایەتی پەیاپەی دا هاتووە، وە ئەیەویٚ ئەوەمان تیٚ گەیێنیٚ کە تاك و کۆمەڵ تە نیا بەم سی‌یە پێویستی هەیە. مێژووپیشانی داوە کە شـارستانیە تەکان‌و کۆمەڵەکانی مرۆیی، هەر کام بە هۆی لە دەسـتدانی یە کیٚ لەم سیٚ شتانە کە هەرکامیان مایەی فەڕۆشکـۆی ژیانی مرۆن، تێك روخاون. هندئـاسنی نەبووە، وە ڕۆم تەرازوو، وە لە هەندیٚ شـوێنیش داپەڕاو نەبووە. ئەوسائەتوانین بڵێین کە شاری ئاخوە وە ند یا«مدينةالفـاضله» بریتی یە لەم سـیٚ شتە. ئەگەر ڕۆشنبیران لەم ڕێگەوە تەقـەلا بدەن‌و وڵات‌و شـاری داهاتووی بەرەی مرۆ بە

سیٚ برج ودژی پەڕاوو تەرازوو و ئاسن دامەزرێنن، دیارە بەهەشتی ئـارە زووە کانی بەرزی مرۆ لە نێوانی ئەم سیٚ شوورە دائەپشکێتەوە، چونکە کۆمەڵو شارستانیەتی مرۆیی لەگەڵ ئەم سیٚ وشـە گەلیٚ سـەختە. یەکەم پەڕاوە کە لە هەموو شـتیٚ بەرترە، پاشـان تەرازووە وئینجائاسنە. پەڕاو: بنەڕەتی مرۆڤـایەتیو شـیرازەی کۆمەڵی مرۆیە. لەپاش ئـەوو لەپاڵ ئەواخێرا نابیٚ ئـاسن دانریٚ. ئـاسن و پەڕاو نابیٚ لەپاڵ یەکترەوە دابنریٚ. چـونکە پەڕاو لە تەنیشتی ئاسنەوە لە ناو ئەچیٚ. ئاسن پەڕاو ئـەدڕیٚو لەگەڵ یەکا سـازگار نین، وە ئـەگەر لەگەڵ یەکا بسـازن، پەڕاو ئـەبێتە نۆکەری ئـاسن. چ گوناو کەتنیٚ لەمە گەورەتر!؟ دوو شەڕی جیهان سۆزو ماڵ ویٚران کەری ئەم دوایی یە ئاگریٚ بوو کە لەسازیانی ئەم دوانەوە بە دیهات. ئەمڕۆش بەرەی مرۆ تووشـی ئـەم گێچـەڵە بووە. فـاشیسمم مەگەر ڕۆڵەی شەلووفی ئەم پەیوەندە شـوومە نەبوو؟ شـارستانیەتی ئیمڕۆگیرۆدەی ئـەم بەدبەختیو دوو مۆریی‌یەیە، جـائەبیٚ چ بکـەین؟ ئـەبیٚ هەموو دەم لە نێوانی پەڕاوو ئـاسن و تەرازوو دا پەرچین دانین. تەرازوو، پەڕاو لە دەسـت درێژی ئـاسن ئـەپارێزیٚ، وە ئـاسنیش بە هۆی پەڕاوەوە رامی مرۆ ئەبیٚ.

خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزا ئەفەرمیٚ: «لقدارسلنا بالبینات و انزلنا معهم «الکتاب» و «المیزان» لیقوم الناس بالقسط و انزلنا «الحدید» فیه بأس شـدید و منافـع للناس و لیعلم الله من ینصره و رسـله بالغیب ان الله قـوی عزیز» واتە: پێغـەمبەرە کانمان بـە نشانەگەلێکی ڕۆشن هەناردو لەگەڵ ئەوانا پەڕاومان دابەزانو تەرازوومان دانا تاخـەڵك بۆ دادگەری ڕاپەڕن و ئاسنیشمان هەنارد، وەلەوە دا شەڕو سەختی هەست ئـەکریٚ و کەڵكو سوودیشی بۆخەڵك هەیە، تاخوابزانیٚ کە ئـەوو نێرراوەکانی، چ کەسـیٚ لە پێوار دا یارمەتی ئەدا، بە ڕاستی کە خوا بەهێزو چیرەدەستو قاندرە.

# ناونامه

خـوێنەری بەڕێزو هێژا، ئـەو ناوانەی کە لەم نووسـراوە دا تووشـیان دێی‌و نایان ناسـی لێرە دابە پیی پیتی ئـەلفو بێ بۆیان بڕوانە. ئـەوەش بزانە کە ئـەم «ناو نامەیە» هی منەو خۆم‌نووسیومە.

## بۆرەکەیی

## (ئ)

ئیپیکوور epîkūr: ئیپیکوور یەکێ لە پیتۆ ڵانی گەورەی یوونانە کە لە سـاڵی ٣٤٢ی بەرلە زاین لە «ساموس» دا کە لە نزیکی زەریای ئیژە دایە لە دایك بووەو لە ساڵی ٢٧٠ لە ئاتن دا کۆچی دوایی کردووە. ئەم پیتۆڵە سەرەتالە زێدی خۆیاو پاشان لە ئاتن‌و ئاسیای بوچك دا خەریکی فێر بوونی زانست بووەو ئەوسا قوتابخانەیێکی فەلسەفی بە ناوی «ئیپیکـووریسم»ەوە داناوە. لە تافـی جـوانی دا گەلێ شـوێن گەڕاوەو سەرئەنجـام لە سـاڵی ٣٠٦ی بەر لەزاین گەڕاوەتەوە ئـاتن‌و ماڵێکـی لە نێوانی باخێکا دروست کردووەو لەوێدا خەریکی دەرس وتنەوەو نووسـینی پەڕاوو نامیلکـە بووە، وە وەکوو ئەڵێن نزیکەی سێصەد تۆمارو چل پەڕاوی نووسیوە بەڵام جگـەلە چەند پەڕاوی نەبێ ئەوانیتری تیاچوون، لایەنگری لە ئیپیکـوور یانێ لایەنگـری لە ئەنبووژەنی‌و بێ بڕوایی‌و ناخـوایی. چـونکە ئیپیکـوور لای وا بووە مرۆ ئـەبێ بە خۆشی‌یەوە ژیان باتە سەر؛ وە جگە لە خـۆشی بە شـتێکی تر بیر نەکاتەوە و هەتا ئەتوانێ رابوێرێ.

ئـوپانیشادەکان opānîšādakān: ناوی چـەند نامیلکـەی ئـایینی‌یە کە لە بارەی

شی‌کردنەوەی قیداکانەوە نووسراوە. کۆنترین ئۆپانیشاد بریتی‌یە لە: «موندە کیە، چەندوگیە، ئیتی‌هاسە، پورانە» زۆربەی ئۆ وپانیشادەکان لەم دوایی‌یەدا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی‌و لە چاپ دراوە.

ئەبووزەر abūzar: ناوی جوندوب کوڕی جونادە لە هۆزی غەفاری بووە، وە بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی لەساڵی ۳۲ی کۆچی‌دا مردووە. وەکوو ئەڵێن چوارەمین یا پێنجەمین کەسێك بووە کە هاتووەتە سەر ئایینی ئیسلام. لە شاری شام‌دا دژی موعاویە دواوە کە کۆشکی کەسکی بە هەژدە بار زێڕی دارایی رەش‌و رووتی موسڵمانان دروست کردووە. پاشان بردوویانەتە مەدینەو لە مەدینەش دەرکراوە بۆ شوێنێك بەناوی «رەبەزە»و سەرئەنجام لە دەشتو بیاوان‌دا کۆچی دوایی کردووە، وە ئەوەندەی نەبووە بەشی دووگەزە جاوی کفنەکەی بکا.

ئەبووسەعید abūsaîd: ناوی فضل‌الدین کوڕی ئەحمەدە کە بە ئەبوو سەعید یا بوو سەعید بەناوبانگە. ئەبوو سەعید کە یەکێ لە خواناسان‌و زانایانی گەورەی ئێرانە، لەساڵی ۳۵۷ی کۆچی لە دێی میهەنەی خوراسانا لە دایك بووە. هەر لە منداڵی‌یەوە خەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی بووەو پاشان لە لای شێخ «ابوالفضل»و «عبدالرحمن سلمی» خوێندوویەتی‌و لەم رێگەدا بە پلەو پایەیێکی بەرز گەیشتووەو گەلێ پەیرەوی پەیدا کردووەو ژیانی بە رێنموونی خەڵك بردووەتە سەر تا لە ساڵی ٤٤٠ لە تەمەنی ۸۳ ساڵی‌داکۆچی دوایی کردووە. لەئەبوو سەعیدەوە گەلێ چوارخشتەکی بەجێ ماوە کە لە بارەی خواناسی‌و خۆپاریزی‌یەوەیە.

ئەبوو عەلی سینا abu ̄, ali ̂ sînâ: ناوی حوسەین کوڕی عەبدوڵلای سیناو بە ئەبوو عەلی‌و بوو عەلی‌و ئیبنی سینا بە ناوبانگە. ئەم زانا گەورەیە کەبە یەکێ لە بژیشکان‌و پیتوڵان‌و نووسەرانی ئێرانی دێتە ئەژمار، لە سەدەی چوارەم‌و پێنجەمی کوچی‌دا ژیاوە. ئەبوو عەلی وەکوو ئەڵێن لە دە ساڵی‌دا قورئانی پیرۆزو هەندێ لە زانستەکانی تریش فێر بووەو پاشان «منطق»و «اقلیدس»و «المجسطی» لە لای «ابو عبدالله‌الناتلی» خوێندووە.لە پاش ئەوە خەریکی خوێندنی بژیشکی‌و ژمارە بووە، وە وەکوو ئە گێڕنەوە لە هەژدە ساڵی‌دا لە تەواوی زانستەکانی ئەو خولەدا سەرکەوتووە. ئەبوو عەلی بەهۆی خۆش کردنەوەی نۆحی سامانی سەری لە دەرباری سامانی یەکانەوە دەرکردو پاشان چووە خوارەزم‌و لەوێوە رۆیشتە گورگان‌و رەی و هەمەدان، وەماوەی نۆساڵ لە هەمەدان‌دا مایەوە. لەو دەمەدا «شمس‌الدولة الدیلمی» تووشی نەخۆشی کوڵنج بوو، وە ئەبوو عەلی نەخۆشی‌یەکەی چارەسەر کردو پاشان بووە وەزیر. بە ڵام لەپاش مردنی

«شمس‌الدوله»، ئـەبوو عەلی سـینا بە تاوانی نامە نووسـین بۆ «علاءالدوله»ی کاکۆیە گیراو خرایە بەند. وەلەپاش ئـازاد بوونی چـووە ئـەسپەهان‌و لەوێشـەوە رۆیشتە هەمەدان‌و پاشـماوەی ژیانی لەو شـارەدا بردەسـەر تا لە سـاڵی ٤٢٨ی کۆچی گیانی بە گیان ئـافەرین سپارد. ئـەبوو عەلی سـینا گەلێ پەڕاوی داناوە، وە وەکوو ئـەڵێن نزیکـەی ٢٤٠ی پەڕاوو نامیلکـەی لێ بەجێـی ماوە. لە پەراوە بە ناوبانگەکانی ئەو ئەتوانین پەڕاوی «شفا»و «قانون»و «اشـارات»و «نجـات» ناو ببەین.

ئەرەستوو arastu: ئەرەسـتوو لە سـاڵی ٣٨٤ی پێش زاین لە «مەقـدونیە» دا لە دایك بووەوله ساڵی ٣٩٩ لە تەمەنی ٧٠ سـاڵی‌دا لە جیهـان ماڵ ئـاوایی خـواستووە. ئەرەستوو هەر لە سەردەمی مناڵی‌یەوە خەریکی فێر بوونی زانست بووە، وەلە تافی جـوانی داوەکوو باوکی حـەزی‌لە زیندەوەرزانی کردووەو لەم بارەوە گەلێ لێکۆڵیوەتەوە. لە حەقد ساڵی‌دا بووە شاگردی ئەفلاتون‌و تا بیستویەکساڵی‌دا کە مامۆستاکەی زیندوو بووە لە خەرمانی زانسـتی ئـەو زانا گەورەیە گەلێ توێشـووی زانیاری کۆ کردووەتەوە. ئەرەستوو گەلێ حـەزی لە گەڕان کردووەو هەر لە تافـی لاوی‌دا چەندین وڵات گەڕاوە، پاشان کە ئەسکـەندەر چـووەتە سـەر تەخـت گەڕاوتەوە ئاتن‌و قوتابخانەی پیتۆڵی «مشایی» دامەزراندووەو زانستەکانی «رەوان ناسی»و «ژی‌ناسـی» داناوە. ئـەو لەبەر ئەوەی حـەزی لە دەوڵەتداری‌و وڵاتداری ئەکرد، ئەوە بوو کە بۆ شارەکان‌و ناوچەکانی یوونان یاسـای بنەڕەتی نووسی‌و ئەو یاسا چەندین سەدە بۆ گەلی یوونان بەرێز بوو. لە نووسراوە گرنگەکانی ئەرەسـتوو ئەتوانین: مێژووی جـانەوەران، ئـاسمانەکان، رامیاری، سـرشت، ئـەندامەکانی لەشی جانەوەران ناو ببەین. زۆربەی پەڕاوەکانی بە عەرەبی تەرجـەمەکراوەو گەلێ لە پیتۆڵانی ئیسلامی کەوتوونەتە شوێن فەلسەفەی ئەو.

ئەژی‌دەهاك âžîdahāk بە پێی ئەفسانەکانی ئێرانی،ئەژی دەهاك بە فریوی ئـەهریمەن باوکی‌کوشتووەو بووەتە جێنشـینی. پاشـان پەری ڕەشـك هەر دوك شـانی ماچ کردووەتەوەو لە شـوێنی ماچـەکانیا دوومار رواوە کە ئـەژی دەهاکیان گەلێ ئـازار داوە، هەر چـی مارەکانیان بڕیوە دیسـانەوە رواوە. بژیشکـانیش کارێکیان بۆ نەکراوە. سەرئەنجام ئەهریمەن بە شـیوەی بژیشکـێ خـۆی دەرخسـتووەو پێی وتووە کە مێشکی مرۆ بداتە دەرخـواردی مارەکان تا دەردەکەی ئـەهوەن بێتەوە. لەوەوپاش هەموو رۆژێ دوو لاویان بۆسەربڕیوەو کردوویانەتە خۆراك بۆ مارەکانی سەرشانی ئەژی دەهاك. سـەرئـەنجـام گەلی ئێران بە رێبەرایەتی کاوەی کوردی ئـاسنگەر راپـەڕیوەو ئـەژدەهاکیان گرتووەو لە کێوی دەماوەندا بەندیان کردووەو

گەیاندوویانەتە سزای خـۆی. بەڵام ئـەمە هەر وەك وتمان ئـەفسـانەیەو ڕاستەقینەکەی ئەوەیە کە ئەژی دەهاك ناوی پادشای هەرەدوایی مادە کە لە (٥٥٠ - ٥٨٤ی پێش زاین) داژیاوەو پاشان دەوڵەتەکەی بەهۆی کوورشەوە لەناوچـووە. ئیتر لەبەر ناحـەزی یەکەیان بۆ لەناوبردنی شـوێنەواری ماد هەوڵیان داوە، مادەکانیش چونکە لەناو خۆیانا ناکۆك بوون تەقـەلاو کۆششـی ئـەوان سـەری گرتووە. هیرۆدۆت کە لە ساڵی ٤٥٠ی پێش زایندا ڕووێشتووەتە خـۆرهەڵاتو بە ئێراندا گەڕاوە ئەڵێت: کە من چوومە ئێران ناوبانگو شـوێنەواری مادەکان لەناو خەڵکا زۆر کەم بووەوەو خەڵك ڕووداوەکانی پێشوویان لەبیرنەما بوو.!؟

ئەفلاتوون aflātūn: ئەفلاتوون یەکێ لە پیتۆڵانی گەورەی یوونانە کە لە سـاڵی ٤٢٨ی پێش زاین لە ئاتن‌دا لەدایك بووەو لە سـاڵی ٣٤٧ لە تەمەنی ٨١ سـاڵی‌دا کۆچـی دوایی کردووە. ئەو لە حەوت ساڵی دا خراوەتە بەر خوێندنو خـەریکـی فێر بوونی خوێندنو نووسینو ژمارە و مووسیقی بووە، وە لە چـواردە سـاڵی دا خـەریکـی وەرزش بووەو ئەندامی پەروەردە کردووە. ئەفلاتوون هەر لە مناڵی‌یەوە حـەزی لە هۆنینەوەی هۆنراو ئەکرد، وە وەکوو ئەڵێن چـەند تراژیدی هۆنیوەتەوە. لە هەژدە ساڵی‌دا چووەتە ناو پیتۆڵانو لە وتوویژەکانیان بەهرەمەند بووەو لە بیست‌سـاڵی‌دا بووەتە شـاگردی سـوقراتو دیوانی هونراوەکانی سـووتاندووەو خـێی داوەتە فەلسەفەو پیتۆڵیو هەژدە ساڵی ڕەبەق لە لای ئەو ماوەتەوە. پاشان کە سـوقرات ژاری خواردووەتەوەلەبەر ئەوەی نەی‌ویستووەچاوی بکـەوێتە ناوچـاوی ناحـەزانی سوقرات، ئـەوەبوو کە ڕۆیشـتووەتە «مگـار»و لەوێدا لە لای «ئقلیدس» ماوەیێ ماوەو پاشان گەڕاوەتەوە ئـاتنو بووەتە سـەرباز، وە، لەبەر ئـەوەی لەشـەڕی «کورنت»دا ئاتنی‌یەکان تێ‌شکـاونو ئـەسپارتەکان بە سـەریانا سـەرکەوتوون، ئەفلاتوون ڕۆیشتووەتە «میسـر»و لەپاش لێکـۆڵینەوە لەڕێو ڕەوشـتو یاسـاو زانیاری میسری‌یەکان گەڕاوەتەوە تاتن‌ولەوێدا زانستگایێکی دامەزراندووەو وانەی فەلسەفەی تێدا وتووە، وە لەگەڵ دەرەبەگەکانو پادشازادەکانو ڕێبەرانی دەوڵەت‌دا کەوتوەتە بەربەرەکانێو داوای لێیان کردووە کە لەجیاتی ئـریستۆکراسی، دموکراسی لە وڵات‌دا دامەزرێو ئەمانەیە لەپەڕاوی «کۆماری»دا دەربڕیوە.

ئیبنی ڕۆشد ebne rusd: ناوی موحـەممەد کوڕی ئـەحمەد لە سـاڵی ٥٢٠ی کۆچـی لە «قـرطبە» دا لە دایك بووەو لە سـاڵی ٥٩٥ لە تەمەنی ٧٥ سـاڵی لە مەراکش دا مردووەو بە پێی ئەسپاردەی خۆی لە زێدەکەی دا نێژراوە. ئـەو یەکێ لە پیتۆڵانو بژیشکانی بەناوبانگی عەرەبی ئسپانیایی‌یە. لە پەڕاوە بەناوبانگەکانی ئەو ئـەتوانین «تهافت التهـافت» ناو ببەین کە گەلێ بایی دارە. ئـەم زانا بەناوبانگـە لە فقهـی

ئیسلامی‌و بژیشکی‌و ئەستێرەناسیش دا دەستێکی باڵای هەبووە، وە نزیکەی پەنجا بەرگ پە ڕاوی نووسیوە. پەڕاوی «الکلیات»ی ئەو لەبژیشکی دا بە زمانەکانی لاتین‌و ئیسپانیایی‌و عبری وەرگێڕاوە.

## ( ب )

بایەزید bāyazīd طیفوور کوڕی عیسا کوڕی سرۆشان کە بە بایەزید بەناوبانگە لە ساڵی ۱۸۸ی کۆچی لە بەستام دا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوەو لە ساڵی ۲٦۱ لە تەمەنی حەفتاو سێ ساڵی لە زێدەکەی خۆی دا کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی بەستام دا نێژراوە. سرۆشان باپیری بایەزید کە زەردەشتی بووە، هاتووەتە سەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام. بایەزید هەر لە منالی‌یەوە لە لای باوك‌و باپیری خەریکی خوێندن بووەو لە ری‌و رچەی خواناسی دا بووەتە مامۆستاو گەلێ شاگردی پێگەیاندووە. هەندێ لە بارەی ئەوەوە نووسیویانە: «بایەزید پیاوێکی ئۆمی‌و نەخوێندەوار بووەو گەلێ راستەقینەی بۆ دەرکەوتووەو پێی نەزانیوە...» بەڵام بایەزید لەم بارەوە ئەڵێ: خەڵك زانست لە مردووەکان وەرئەگرن‌و ئێمە لە زیندووەکان زانستمان وەرگرت کە هەرگیز نامرێ.» دیسانەوە لە ئەویان پرسی پیری تۆ کێ بووە؟ وتی: پیرەژنێ!.. ئەڵێن لە بەر ئەوە خەڵك لە قسەکانی تێنەئەگەیشتن، چەند جار لە شار دەریان کرد. بەڵام ئەو لە سەر ری‌و رچەی خۆی رۆیشت‌و گەلێ شاگردی وەکوو: «ابو موسی خادم» و «ابوموسی دیبلی» و «سعید راعی» و... بارهێنا کە لەزانست‌و وێژەو خواناسی دا ناوبانگی بەرزیان هەیە.

بوودا būdā: بەدی‌هێنەری ئایینی بوودایی‌یە کە یەکێ لە زانایان‌و پیتۆڵانی سەدەی پێنجەمی پێش‌زاینە. بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی‌و نامیلکەکانی ئایینی، بوودا لە شاری «کاپیلاواستۆ» دا هاتووەتە جیهانەوە. لەم دوایی‌یە دا بەهۆی باستان ناسانەوە ئەستوونێ لە دەستکردەکانی خولی «ئاشۆکا»وە لە «۲۷۳ - ۲۳۲ی پێش‌زاین» دا کەوتووەتە دەست کە لە سەر ئەو ئەستوونە دا ئەم چەند دێڕە هەڵکەنراوە: «بوودا لە بنەماڵەی «ساکیاها»یەو لە «کاپیلاواستۆ» دا لە دایك بووە» کە لە هەرێمی نیپال دایە. لە نزیکی ئەو ئەستوونە دا بارگایێکیش پەیدا بووە کە گوایە دایکی بوودای تێدا نێژراوە. پەڕاوی پیرۆزی بوودایی‌یەکان ناوی «ترێ پی‌تاکا» یە کە بە واتای «سێ‌سەبەتەی زانست»ە. بوودا ئەڵێ: سەراسەری جیهان پڕلە دەردو رەنجو ئەرکە، وە بنجو ریشەی تەواوی ئەو رەنجانە هۆی ئەوەیە کە بنیادەم لە هیواو ئارە زوو و نیاز دا ژیان ئەباتە سەر، جا هەر کەسێ بیەوێ ئەو دەردو رەنجانە لەناو بباو لە ئەرکی جیهان رزگاری بێ، ئەبێ

بڕواو کردەوە و قسەو ڕێو ڕەوشتو خوو و خدەو بیرو ئـەندێشـەی چـاك بێو لە ڕێی چاکە دا هەنگاو هەڵگرێو ڕێگای ببڕێ. پەیڕەوانی ئەم ئـایینە پتر لە چینو ژاپونو هند دا ئەژین.

**بیروونی bîrûnî:** ابو ریحان محمد کوڕی ئەحمەدی بیروونی کە یەکێ لە گەورەترین زانایانی زانستی ژمارەیە، لە ساڵی ٣٦٢ی کۆچی لە بیروونی خـوارەزم دا لە دایك بووەو هەر لەو ناوچە دا خەریکی خـوێندن بووەو پاشـان چـووەتە لای «شـمس المعـالی قـابوس» کوڕی وشـمگیرو لە لای ئەو ماوەیێ ماوەتەوەو پەڕاوی «آثارالباقیە»ی لە ساڵی ٣٩١ی کۆچـی بە ناوی ئـەوەوە داناوە. ئـەبوو ڕێحـان، پاشان گەڕاوەتەوە خوارەزمو کاتێ سـان مەحموود بە سـەر خـوارەزما دەسـەڵاتی پەیداکردووە، ئەوی بردووەتە غەزنەین. بیروونی لە گەڵ سان مەحمووددا چووەتە هندو لەتەك زانایانی هندی دا ئاشنا بووەو لەوێ دافیرێ زمانی سانسکرتیش بووە. پێرستی پەڕاوەکانی ئەبوو ڕێحـان تا سـاڵی ٤٢٧ی کۆچـی نزیکـەی ١١٣ پەڕاو بووە کە زوربەی ئەو پەڕاوانە لەبارەی ئەستێرەناسیو مێژوو و جواغرافیاو فیزیكو دەواناسییەوە نووسیویەتی. لە شـوێنەوارە بە ناوبانگـەکانی ئـەوپەڕاوی «تحقیق ماللهند»ە کە لەو پەڕاوە دا لەبارەی بڕواو ڕێو ڕەوشتی هندیییەکانەوە ئەدوێ. ئەبوو ڕێحان بە دوو زمانی فارسیو عەرەبی ماموستا بووەو بەیەکێ لە ماموستایانی گەورەی دەوری خوی دێتە ئەژمار.

**بیکن Bîkin:** فرانسیس بیکن یەکێ لە پیتوڵانی ئینگلیسە کە لە سـاڵی ١٥٦١ی زاین لە لەندەن دا لە دایك بووەو لە سـاڵی ١٦٢٦ دا کوچـی دوایی کردووە. بیکـن گەلێ پەڕاوی لە بارەی فەلسـەفـەو مێژوو و ڕامیاریو لێکـوڵینەوە نووسـیوە، وە دژی دەوڵەتی پادشـایی بووەو لەگەڵ ئـەوەش بووەتە سـەرەك وەزیرو پاشـان بەهوی دژایەتییەوە گیراوەو خراوەتە بەندو لەپاش ئازاد بوونی ئیتر نە یانهێشتووە لە کارو باری دەوڵەتی دا دامەزرێتەوە، ئەویش پاشـماوەی ژیانی بە لێکـوڵینەوەو توژانەوە بردووەتە سەر.

## (ت)

**تائو tao:** ناوی ئایینێکە کە شەش سەدە پێش زاین لە وڵاتی چینا پەیدا بووە. ئەم ئایینە بە هوی «لائوتسە» وەبەدیهاتووەو «چوانگ تسە» ئایینەکەی بو خەڵك لێکداوەتەوەو شیکردووەتەوە. پەیڕەوانی تائو ئەبێ لە هەموو جورە خەباتو تێکـوشینێ دەسـت هەڵگرنو دڵی خویان بمرێننو پیێبەندی جیهـاننەبن. ئـامانجی بەرزی لائـوتسە ئەوەیە کە خەڵك لە هەموو چەشنە خراپەیێ خویان بپارێزنو لە خوپەسەندیو دوو دڵی خویان لادەن. لەم ئایینەدا خوایانی جور بە جور ئەپەرسترێ.

تەبەت Tabat: تەبەت لە ئـاسیای ناوەندی لە نێوانی چینو هندوسـتانو برمە دایە. پایتەختی تەبەت،لهاسایە. خەڵکی ئەم وڵاتە پەیرەوی ئایینی بوودان.

## (ج)

جین Jîn: یەکێ لە ئـایینەکانی کۆنی هندە کە لە سـەدەی شـەشـەمی پێش زاین دا پەیدا بووە. بە پێی ئەم ئـایینە هیچ کەسـێ مافـی ئـەوەی نیە کە هیچ گیاندارێك ئەشکەنجەو ئـازاربدا. ئـایینی جین لە پەیرەوانی خـۆی داوای خـۆپارێزیو فەرامۆشـیو گۆشـەگیری کردووەو گەلێ بایەخـی داوەتە رۆژ. لەم ئـایینە دا هەر کەسێ ئەبێ زانستو برواو خۆپاریزی بکـاتە رێنموونی خـۆی، وە بەگوێرەی ئـەم ئـایینە هەمووشتێ تەنانەت ماکیش لە جیهـان دانەمرە. جینیزم بە لایەنگـرانو پەیرەوانی ئایینەکە ئەڵین، وە یەکێ لە پەڕاوە پیرۆزە کانی ئەم دینە «ئـالاماس»ە کە داگری چلو شەش دەفتەرە.

## (چ)

چین Cîn: چین ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی ئاسیاوەو بە سەر کەناری زەریای ئارام دا ئـەڕوانێ. سنووری لای باکووری سـیبری و مەغوولـسـتانو لای باشـووری ڤێتنامو لاوسو برمەو هیندو سـنووری لای خـۆرهەڵاتی زەریای ژاپونو لای خـۆرئاوای تاجیکسـتانو ئـەفغـانستانە. ژمارەی دانیشـتووانی پتر لە ٨٠٠ ملیۆن دانراوە. زۆربەی خەڵکـی چین پەیرەوی ئـایینی بووداو کۆنفـۆسیوسو لائـۆتسەن. گەلێ موسڵمانو مەسیحیشی تێدایە.

## (ح)

حەلاج halaj: ناوی حوسەین کوڕی مەنصووری حەلاجە کە لە ساڵی ٢٤٥ی کۆچـی لە بەیضای فارس دا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە لە عیراق لە شاری «واسـط» دا خەریکی خوێندن بووە. لە پازدە سـاڵی دا چـووەتە شـووشتەرو لە لای سـەهل کوڕی عەبدوڵلای تسـتەری کە یەکێ لە خـواناسانو زانایانی گەورەی زانسـتو وێژەو ریئۆنی بووە، خوێندنەکەی خۆی پەرە پێداوەو پاشـان رۆیشـتووەتە شـاری بەصراو بووەتە شاگردی عەمرۆ کوڕی عوثمانی مەکیو نزیکەی سـاڵو نیوێك لەو شارە دا ماوەتەوە تا لە سـاڵی ٢٦٤ دا چـووەتە بەغداو لە لای جـونەیدی بەغدادی ماوەیێ ماوەتەوەو ئینجا چووەتە مەکەو لە ساڵی ٢٨٤ گەڕاوەتەوە ئەهوازو ماوەی دوو ساڵ لەو شارە دا خەریکی گۆشەگیریو بیر کردنەوە بووە، پاشان رۆیشتووەتە

خوراسان‌و لەوێشەوە گەڕاوەتە مەکەو سەرئەنجام لە ساڵی ٢٩٣ فەلسەفەی هندو بوودایيسم ئەوی بەرەو هندوستان راکێشـاوەو پاش ئـەوە چـووەتە تورکسـتان‌و خەریکی لێکـۆڵینـەوەو نووسـینی پەڕاوو رێنموونی خـەڵك بووە. بەڵام پاشـان دەستی لە نووسین کێشاوەو خۆی‌و خـوای ناسـیوەو گەیشـتووەتە پلەو پایەیێکـی بەرز کە جگە لە خوا کەسی نەدیوەو لە خۆشیا «انا الحـق» هاتووەتە سـەر زمانیا. بەم هۆیەوە گیراوەو خـراوەتە بەند، بەڵام پەیڕەوانی، ئـەو لە بەند ئـازاد ئـەکەن. ناحەزان یەکێ لە شاگردەکانی ئەگرن‌و گەلێ ئەشکـەنجـەو ئـازاری ئـەدەن کە شوێنی ماموٚستاکەی پێیان پیشان‌دا، بەڵام‌شاگردەکەی‌حەلاج ئەوئەشکەنجانەی‌بە گرژینەوە وەرگرت‌و بە مـاموٚستاکەی خۆی گزی نەکرد. حەلاج لە سـاڵی ٣٠١ی کۆچـی دا دیسـانەوە گیراو هەشـت سـاڵ زیندانیان بۆ بڕی‌یەوە، وە لە بەندیش دا بێکار دانەنیشت‌و خەریکی پەرە پێ‌دانی بیرو ڕای خۆی بوو تا سەرئەنجام‌بڕیاریان‌دا بیکوژن‌و ئەمە بوو کە لەساڵی ٣٠٩ دا دایان لە دار. شیخ‌عەتار لە پەڕاوی «تذکرة الاولیا» دا ئەڵێ: کاتێ حەلاجیان بردە پێ‌ی‌دار، بە کۆت‌و زنجیرەوە هەڵئەپەڕی‌و ئـەڵێن کاتێ گەیشـتە پێ‌ی دار، سێ‌دارەکەی ماچ کردەوەو لەوێدا وتیان ئێسـتا چۆنی؟ وتی‌سەرکەوتنی پیاو لە سێدارە دانە. کاتێ چـووە سـەر سـێ‌دارەکەوە دەستێکیان پەڕان‌و ئـەویش پێ‌کەنی. وتیان بۆ پێ کەنیت؟ وتی: دەسـتی بنیادەم بەستن ئـاسانە، بەڵام مەرد ئـەبێ هەموو دەمێ خـوای لەبیر بێ‌و بە شـادمانی‌یەوە ناوی ئەو ببا. ئینجا پێکـانیان بە هەرە بڕی‌یەوەو وتیان ئێسـتا چـۆنی؟ بزەیێکـی گرتەوەو وتی: بەو پێمەوە ڕێگەم ئەبڕی، بەڵام بەم پێکەی ترمەوە هەر دوو جیهان ئـەگەڕێم. پاشـان خـوێنی هەر دوو دەسـتی کە لە بنا پەڕانبوویان ماڵیە ڕوومەتیا. وتیان ئەم کارەت لەبەرچی کرد؟ وتی: گەلێ خوێنم لێ ڕۆیشتووە بۆیە ئەم کارەمە کرد کە نەڵێن ترساوەو ڕەنگی زەرد هەڵگـەڕاوە. وتیان ئـەی بۆچـی خـوێنت ماڵیە مەچەکت؟ وتی: دەست نوێژم گرت. وتیان چ دەست نوێژی؟ وتی: بۆ ئەوین ئەبێ دوو ڕکات نوێژ بخوێنرێ کە دەست نوێژەکەی ئـەبێ بە خـوێن بگیرێ. هەمووی خـەڵك لە دەوریا کۆ بووبوونەوەو هەندێك بۆی ئـەگریان‌و هەندێکیش پەڵیان تێ گرت‌و گوێ‌و لووتیشیان بڕی، وە لە کاتی نوێژی شێوان‌دا سەریشـیان بڕی‌و لەم کاتەدا بزەی گرتەوەو گیانی دەرچوو. لە حاڵێکا لە سەرتاسـەری ئـەندامیا ئـاوازی «انا الحق» هەڵئەسا، لەشی ئەویان سـووتان‌و لە خـۆڵەکەوەشـی‌ئـاوازی «انا الحـق» ئـەهاتە گوێ، هەر وەها لە کاتی کوشـتنیا لە هەر دڵۆپێ خـوێن کە لە لەشیەوە ئەتکا، وشەی «الله» ئەبیسرا.

دانته dānta: یەکێ لە هونەران‌و نووسەران‌و وێنەکێشانی ئیتالیایە کە لە سـاڵی ١٢٦٥ی زاین لە شـــاری فلۆرانس دا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منالی‌یەوە خەریکی خـوێندن بووەو لە هەژدە ســاڵی دا فێری هەمووی زانســتەکانی ئـەو سەردەمە بووەوە بووەتە لێکـۆڵەرو پیتۆڵ‌و وێنەکێش‌و وێژەوانێکـی شـارەزا، بەڵام پسپۆری ئەو زیاتر لە پیتۆڵی ئـاییەکان دا بووە. لەو خـولەداخـە ڵك لە بەرامبەری ستەمی دەرەبەگەکان دا راپەڕیون‌و دانتەش چووەتە ریزی ئازادی خوازان‌و لەگەڵ دەرەبەگەکان دا بەربەرە کانێی کردووەو بۆ مافـی چینی هەژار گەلێ تێکـۆشاوەو سەرکەوتووە. ئـەو لەگەڵ ئـەوەی مرۆڤێکـی دیندار بووە، دوژمنی درۆو دەلەسـەو نەزانیش بووە. بەم چـــەشـــنە ژیانی بردووەتە ســـەر تا لە ســـاڵی ١٣٢١ی زاین لەتەمەنی ٥٦ ساڵی دا کۆچی دوایی کردووە.

داوود dāūd: کوڕی ئیشـاو لە رەسـەنی یەهووزای کوڕی بەعقـووبەو یەکێ لە پێغـە مبەرانی جـوولەکەیە. وەکوو ئـەڵێن لە ســاڵی ٩٧٠ی پێش زاین دا هاتووەتە جیهانەوە، وە لە ساڵی ١٠٧٠ لە تەمەنی ١٠٠ ساڵی دا کۆچـی دوایی کردووە. لە زەمانی ئشموویلا لە خەڵاتی کوشتنی جـالووت دا، تالووتی کچـی خـۆی پێدا، وە لەبەر ئەوەی پیاوێك نەبەزو نەترس‌و شەڕی بوو، رۆژ بە رۆژ ســەرئـە کەوت . کە تالووتی ژنی مرد، بوو بە پاتشای جوولەکەو پاشان لە لایەن خواوە بووە پێغەمبەرو «زبوور»یشی بۆ هەناردرا. سەرئەنجام لە پاش چـل سـاڵ پێغـەمبەری لە تەمەنی صەد ساڵی دا کۆچی دوایی کرد، وە وەکوو ئەڵێن گۆڕەکەی لە شام دایە.

زەڕدەشت zardašt یا زەرتوشـترە کە کوڕی پوورووشـەسپ‌و نەوەی سسپیمانە. بە پێی نووسراوی نووســەرانی یوونانی کۆن، وەکوو ئیکـــزان تووس‌و ئـــەفـــلاتوون‌و ئەرەستوو و پلینووس‌و...، زەڕدەشـت لە نزیکـەی ٦٥٠٠ سـاڵی پێش زاین دا لە کەناری گۆمی شـــێز کە لە نزیکـــی تیکـــانتەپەی هەوشـــاردایە لە دایك بووە، هەندێکیش ئەڵێن خەڵکی لای گۆلی ورمێیە. لە سـی سـاڵی دا لە لایەن خـواوە بووەتە پێغەمبەرو دەستی کردووەتە بانگ کردنی خەڵك بۆ پەرستنی خوایێکی تاق‌و تەنیا. موغەکان‌و نەیاران لێ هەستاونەتە سەرپێ‌و ناچار رای کردووەتە سەرچۆمی «تائیتی» کە لە نزیکـی گورگان دایە. ئینجـا چـووەتە بەلخ‌و رۆیشـــتووەتە لای گوشتاسپ‌و ئەویش ئایینی زەڕدەشتی پەسەند کردووەو هاتووەتە سەر رێ‌و رچەی خوایی ئەوو پاشان پەرەی داوەتە ئایینەکەی، لە دوایی داشەڕێك لە نێوان ئەمان‌و ئەرجاسپی تۆرانی دا رووی داوەو زەڕدەشت لە وشەڕە دا کوژراوە. بەڵام ئایینەکەی

لەناو خەڵکا ماوەتەوە. پەڕاوەکەی زەردەشت ناوی ئاوێستایەو بە زمانی مادی یا کوردی نووسراوە. چونکە سپیمانی با پیری زەردەشت بە پێی بەڵگەکانی مێژوویی لە گەلی ماد یاکورد بووەو زەردەشتیش پەڕاوەکەی بە کوردی داناوە. زەردەشت لە ئاوێستا دا خەڵك بەم چە شنەئامۆژگاری ئەکا:

ئەم سیٚ شتانە بە گویٚ بسپێرن ... ڕێگەی ژیانتان وەها رابوێرن
یەکەم وتاری جووان هەڵرێژن ... وتەی بێخەوش‌و بایدار بێژن
دووهەم بیرێکی زۆر چاك هەڵێنن ... هەتا لە ژینا سەرکەوت ببینن
سێهەم کردەوەی جووان بنوێنن ... بە ئەم سیٚیانە خەفەت ئەڕوێنن
لە کارو فرمان بکەن ئەندێشە ... بیرێکی جووان بکەنە پێشە
لە گەورەهەتا ڕەنجبەرو شووان ... وتاری بەنرخ بێرنە زووان
کردەوەی باش‌و ڕەفتارێکی چاك ... هەتاکوو ماون بنوێنن لە خاك
لە ڕێگەی چاکەو باشی تێکۆشن ... تا شیرەی چاکەی ژیان بنۆشن
هێربەدا هەڵسە بەیانە سادەی ... بە نەواێی بەرز سا زووکە ئادەی
هەر ئەشم وهوو وەهیشتم ئەستی: ... بخوێنە تاکوو دوور بی لە پەستی

ژۆل سزار **žol sizār**: لە «١٠٠ - ٥٦ی پێش زاین» دا ژیاوە. تافی جوانی خۆی لە شەڕو شۆڕەکانی رامیاری رۆم دا بردوەتە سەر. قەڕاڵی رۆم کە لەو دەمە دا ناوی «سوڵا» بووە، داوای لێکردووە کە ژنەکەی بەڕەڵا کا.بەڵام سزار گویٚی پیٚ نەداوەو لە ترسی ئەو دا هەڵاتووەو لە پاش مردنی سوڵا گەڕاوەتەوە رۆم‌و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رۆما کەوتووەتە بەربەرەکانیٚ‌و پاشان رۆیشتووەتە ئیسپانیاو لەوێوە چووەتە «تیبر»و لەگەڵ پۆمپەو کراسۆس دا پەیمانی بەستووەو لەپاش ماوەیێ رۆمیان گرتووە. ئەوسا بۆ بەدەست هێنانی ئوروپای خۆرئاوایی، ماوەی حەوت سال بە شەڕ هاتووە، بەڵام بە هیوای خۆی نەگەیشتووەو بە دەستی کاسیۆس‌و پروتوسەوە کوژراوە.

## (س)

سپارتاکۆس **sipārtākos**: لە ساڵی ٧٣ی پێش زاین دا ژیاوە. سەرکردەی کۆیلەی رۆمی گرتووەتە دەست‌و لە رامبەری کۆیلەداران‌و زۆردارانا راوەستاوەو شۆرشێکی هەڵگرساندووەو بەشی زۆری باشوروی ئیتالیای کەوتووەتە دەست‌و کۆیلەکانی لە دیلی رزگار کردووە. ساڵی ٧١ی پێش زاین دوژمنان بە سەرکردەیی «کراسۆس»

و پۆمپیۆس»، سپارتاکۆسیان تێ شکاندووەو لە تۆڵەی ئەو شۆڕشەش دا شەش هەزار کۆیلەیان خنکاندووە.

**سن ئوگوستن sinugustin:** لەساڵی ٣٥٤ی زاین لە تاگاستی نزیکی شاری توونس دا لە دایك بووەو لە ساڵی ٤٣٠ی زاین لە تەمەنی ٧٦ ساڵی لە ئەلجەزایر دا کۆچی دوایی کردووە. وەکوو ئەڵێن ئوگوستن هەر لە منداڵی‌یەوە ئێجگار بە بیرو هۆش بووە، وە باوكـ‌ودایکی، ئەویان بۆ خوێندنی زانست ناردووەتە شاری مادۆراو پاشان چووەتە «قرطاجنه»و لەوێ دا فیرێ پیتۆڵی بووەو لە نۆزدە ساڵی دا خۆی بە خوێندنی ریئۆنی خەریك کردووەو پاشان چووەتە سەر ئایینی مانی. مانی بڕوای لە سەر دوو گەوهەری تیشك و تاریکی بووە، وە لای وابووە ئەگەر مرۆ خۆی لە خراپی بپارێزێ‌ئەوا تیشکی خوایی ئەچێتە دڵی‌و هەموو دەم وەکوو تیشك ئەدرەوشێتەوە، ئەگەر وانە بێ ژیان لە تاریکی دا ئەباتە سەرو پاشان گیانی ئەچێتە قالبی گیاندارانی دڕندەوە. ئوگوستن لەپاش ماوەیێ وازی لە ئایینی مانی هێناو چووە رۆم‌و بووە مەسیحی‌و پاشان رۆیشتە ئەلجەزایرو بووە قەشەی شاری هیپۆ. لە ئوگوستنەوە گەلێ پەڕاو لە بارەی پیتۆڵی‌یەوە بە جێ ماوە.

**سوقرات suqrāt:** سوقرات کە یەکێ لە پیتۆڵانی گەورەی یوونانە لە ساڵی ٤٦٩ی بەر لە زاین‌لە ئاتن دا لەدایك بووە. باوکی پەیکەرسازو سەنگتاشێکی بێ‌وێنە بووە، وە دایکی مامانی کردووە. سوقرات لە ماوەیێکی کەم دا فیرێ هەندازەو ئەستێرەناسی‌و مووسیقی بووەو هەر لە منداڵی‌یەوە لەگەڵ «سوفستایی‌یەکان» دا پیلەبازی کردووەو لە هونەری لێکۆڵینەوەو ڤەپژلاندن دا گەیشتووەتە پلەو پایەی مامۆستایی. جارێکیان لە سرۆشی پەرستگای «دلف» پرسیار کرا کە لە سەرتاسەری یوونان دا لە سوقرات زاناتر هەیە؟ لە وەڵام دا وتی: «هیچ کە سێ لە ئەو ژیرترو زاناتر نیە». لەوەی کە زۆربەی خەڵك رێزیان ئەگرت‌و روویان تێ ئەکرد، گەلێ دڵتەنگ‌و زویر ئەبوو، چونکە ئەیوت من شتێ نازانم. یەکەمین بیرو ئەندێشەی سوقرات ئەوە بوو کە لە نێوانی پیشەی باوكـ‌و دایکیا یەکێکیان هەڵبژێری‌و خەریکی خزمەتی خەڵك بێ. بەر لەوەی خەریکی کارێ بێ، چووە خزمەتی سەربازی‌و لە مەیدانی شەڕ دا بە چەشنێ زیرەکی نواند کە هەموو فەرماندەکان خۆشیان ئەویست. لە پاش خزمەتی سەربازی خەریکی دەرس وتنەوە بوو. کەمێ‌زێوی بە کەلەپوور بۆ مابووەوە کە دایە یەکێ لە شاگردەکانی تا کاری پێوە بکاو ئیتر پێویستی بە وەرگرتنی پوول لە شاگردەکانی یەوە نەبێ. ئەم کارەی بووە هۆی ئەوە کە ئاموژیارەکانی‌تر داوێنی ئەولە کەدار بکەن‌و لە وانەوتنەوە بیخەن‌و سەرئەنجام بە هۆی کۆشش‌و تەقەلای دوژمنانیەوە لە ساڵی

۲۹۹ی بەرلە زاین ئەویان بەتاوانی ئەوە کە لاوان بەرەو بێبڕوایی ڕائەکێشی لە دادگای فەرمایشتی دا بە مەرگ تاوانباریان کرد. سوقرات لەبەر ئەوەی ڕێزی بۆ یاسای وڵاتەکەی دا ئەنا، ئەوەبوو کە پیاڵەیێ ژاری خواردەوەو گیانی بە گیان ئافەرین ئەسپارد. شاگردەکانی «ئەریستیپ»و «مدون»و «ئقلیدس»و «ئەفلاتوون» ڕێی ئەویان گرتەبەر، وە ئەفلاتوون بە چەشنێ ڕێی ما مۆستاکەی ڕۆشن کردەوە کە ناوبانگی ئەو لە جیهان دا دەنگی دایەوە.

سورن sūrin: یا سوورنا یەکێ لە سەردارانی بەناوبانگی پارتی‌یە کە لە زەمانی ئەشکی سێزدەهەم دا ژیاوە. لە ساڵی ۵۳ی بەر لە زاین دا کراسوس سەرداری بەناوبانگی ڕۆمی تێك شکاندووە. وەکوو ئەڵێن سوورنا وەك مادەکان جل‌و بەرگی ئەکردە بەرو پێی خۆش بوو بەوێنەی ئەوان ژیان باتە سەر. ئەم سەردارە قارەمانە لەگەڵ ئەوە «ئەردی» گەیاندە سەر تەختو ڕۆمی‌یەکانی شکست دا، لە جیاتی پاداشتو دەست خۆشانەو خەڵات کە چی بە دەستی ئەوەوە کوژراو لە خاك دا نێژرا.

سەلمان salmān: بە سەلمانی پارسی بەناوبانگەو گوایە ناوی ڕاستەقینەی «ڕۆژبە»و خەڵکی ڕامهورمز بووە. لە ڕێگا دا ڕێگر گرتوویانەو پاشان بە دیلی فرۆ شراوەو لە مەدینە دا پێغەمبەری گەورەی ئیسلام ئەوی لە جوولەکەیێك بە سێبەنداری خورماو هەندێ زێڕ کڕیوەو بووەتە یەکێ لە یارانی هەرە بەڕێزی پێغەمبەر. ناوبراو لە سەردەمی عوثمان داکراوەتە فەرمانڕەوای مادایان یا مەداین، وە لە ساڵی ۳۵ یان ۳٦ی کۆچی هەر لەو شارە دا مردووەو لەوێش نێژراوەو بارگاکەی بە ناوی «سەلمان پاك» لە لای خەڵك نا سراوە.

سەیلان saylān: یەکێ لە وڵاتەکانی ئاسیایی‌یە کە کەوتووەتە باشووری خۆرهەڵاتی هندوستانەوە. بەرهەمی ئەم وڵاتە پتر چای‌و گوێزی هندی‌و برنج‌و میوەیە. شارە گرنگەکانی سەیلان بریتین لە: کندی، گال. کێوی پیرۆزی بوودایی‌یەکان کە بە ناوی «کێوی ئادەم» ناسراوە لە باکووری ئەم وڵاتە دایە.

سیك SÎK: یەکێ لە ئایینەکانی نەتەوایەتی هندە کە بە هۆی «ناناك» ەوە لە سەدەی پانزەهەمی زاین دا دامەزراوە. پەیڕەوانی ئەم ئایینە پتر لە پەنجاب دائەژین. سیکهیزم بە پەیڕەوان‌و لایەنگرانی ئەم ئایینە ئەڵێن.

## (ص)

صلاح‌الدینی ئەیووبی Saláhuddiñi aýubi: صلاح‌الدین لە ساڵی ۵۳۲ی کۆچی دا هاتووەتە جیهانەوە، هەر لە سەردەمی مناڵی‌یەوە چووەتە قوتابخانەو خەریکی

خوێندنی فقهی ئیسلامیو قورئانی پیرۆز بووە، بەدەم ئەمیشەوە فێری سواریو راوو رمبازیان کردووە بە جۆرێ کە خاوەنی پەڕاوی «حیاه صلاحالدین الأیوبی» ئەڵێ: کە صلاحالدین لەبەر ئەوەی لە رەسەنی کوردە لە سوار چاکیو ئازاییو نەبەزیو نەترسی دا بێ وێنە بووە. لە تەمەنی سیو دووساڵی دا لە لایەن خەلیفەوە کراوەتە وەزیری میسر، وە لە پاش ماوەیێ شاری «قابس»و هەمووی «تەرابولسی خۆرئاوا» و «توونس»ی گرتووە وتووران شای برایشی ناردووەتە یەمەنو ئەوێشی خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. صلاحالدین پشتی بە نەتەوەی کورد قایم بووە، وە زۆربەی سپاکەی داگری سۆرانیو هەکاریو میرانیو زەزاریو هۆزە کوردەکانیتر بووە. بە کورتی صلاحالدین دەوڵەتێکی زۆر بە دەسەڵاتی ئەو دەورەی پێکەوە ناوە، وە لە ساڵی ٥٧٠ی کۆچیش دا شامی داگیر کردووە. صلاحالدین ئەیەویست کە هەمووی گەلانی موسڵمان رێك بکەونو ببنە هێزێك، وە لە بە رامبەری دوژمنانی ئیسلامەوە راوەستن. تەقەلاو کۆششی صلاحالدین بە فیرۆ نەچوو، وە گەلێك لەفەرمانرەوایانی ئیسلام سەریان بۆی دانەواندولەساڵی٥٧٥ی کۆچی دا پەیمانی یەکیەتییان لەگەڵ دا بەست. سەردارەکانی فەرەنگ کە لەو دەمە دا فەلەستینیان بە دەستەوە بوو، رێگەیان بە کاروانەکانی ئیسلامی ئەگرتو رووتیان ئەکردەوەو هەندێ جاریش بە دیل ئەیانیانگرت، ئەوە بوو کە صلاحالدین لە شاری «بوسرا» دا بارەگای هەڵدا، وە لە ساڵی ٥٨٣ی کۆچی لەبەر «حطین» دا شەڕێکی گەورە لە نێوانی لەشکری ئیسلامو خاچ پەرستەکانا رووی داو سەرئەنجام لە پاش پێنج ساڵ شەڕو شۆڕ فەرەنگەکانی تێشکاند. ئەمجار ریچاردی شێردڵ بە نوێنەری خاچ پەرستەکان چووە لای صلاحالدینو داوای ئاشتی لێکردو لە ساڵی ٥٨٨ی کۆچی دا پەیمانی ئاشتییان بەست بە مەرجێ کە وڵاتی ئیسلام بەجێ بێڵنو ئەمانیش کاریان بە خاچپەرستەکانەوە نەبێ. وە بەم چەشنە فەلەستین لە دەستی فەرەنگەکان سەنرایەوە. بە داخەوە صلاحالدین لە پاش ئەم سەرکەوتنە ئەوەندە نەژیاو نەخۆش کەوتو لە ساڵی ٥٨٩ی کۆچی لەتەمەنی ٥٧ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد. رۆژی مردنی ئەو بە جۆرێ کە مێژوو نووسەکان نووسیویانە یەکێ لە رۆژە سەخڵەتبارەکانی گەورە بۆ ئیسلامو موسڵمانان بووە.

## (ع)

**عەلی ali** : کوڕی ئەبوو تالبو ئامۆزاو زاوای پێغەمبەری گەورەی ئیسلامو خەلیفەی چوارەمی موسڵمانانە. لە ساڵی ٣٥ی بەر لە کۆچی لە مەکە دا هاتووەتە جیهانەوە،

وە لە ساڵی ٣٥ی کۆچــی دا بووەتە خــەلیفــەو لە زۆربەی شــەڕەکانی زەمانی پێغەمبەرا هاوبەشــی کردووە. بە داخــەوە لە دەوری ئــەوا گەلێ ئــاژاوە لە ناوی موسڵمانا رووی داوە، گەرچیئاگری‌هەمووی ئەو ئــاژاوانەی کوژانووەتەوە، بەڵام سەرئەنجام لە ساڵی ٤٠ی کۆچی لەتەمەنی شەصــتو ســێ ســاڵی دا بە دەســتی پیاوێکی ناپاك لە هۆزی «بنی مراد» کوژراوەو لە کووفــە دا نێژراوە. هافــی عەلی پیاوێکی نەبەزو نەترس‌و شەهتۆت و بەزمان بووە، وە سەرتاسەری ژیانی خۆی بە سەختی بردووەتە ســەر. حــەزی لە کار کردن کردووەو هیچکــاتێ بێکــار دا نەنیشتووەو گەلێ دیندارو دادگەر بووە.

عیسا îsá : کوڕی مریەم‌و یەکێ لە پێغەمبەرانی (اولوالعــزم)ە. لە ســاڵی ٦٢٢ی بە رلە کۆچی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام لە فەڵەستین دا لە دایك بووە و ســاڵی لە دایك بوونی ئەو بووەتە مێژووی زاین، لە سی ساڵی دابووەتە پیغــەمبەرو لە ســی‌و ســێ ساڵی دا بە دەستی جوولەکەییێك لە خاچ دراوە.

## (ف)

فردەوسی firdawsî: یەکێ لە هونەرانی ســەدەی چــوارەم‌و پێنجــەمی کۆچــی‌یە، وە وەکوو ئــەڵێن لە دەورو بە ری ســاڵی ٤١١ یا ٤١٦ی کۆچــی لە شــاری تووس دا ماڵ ئاوایی لە جیهان خواستووە. یەکێ لە کارە کرنگەکانی ئەو کە ئەنجامی داوە، کۆکردنەوەو هۆنینەوەی چیرۆکە کۆنەکانی ئێرانی‌یە کە لە ساڵی ٤٠٠ی کۆچی دا تەواوی کردووەو ناوی ناوەتە «شانامە».

فلۆتین *flotîn*: لە ســاڵی ٢٠٥ی پێش زاین دا لە دایك بووەو لە ســاڵی ٢٧٠ لە تەمەنی ٦٥ ساڵی دا مردووە. لە بنەڕەتا خەڵکی رۆم بووەو لە ئەسکەندەریە دا لە خــزمەتی ئومۆنیۆس ســاکاس دا بووەو حــەزی لە زانیاری‌و فــەرهەنگــی ئێرانی‌و هندی کردووە. کاتێ ویستیان پەیکــەری ئــەو دروســت کەن، وتــی‌لــەش‌و ئــەندام بە کەڵکی‌چی دێ، دڵ‌و دەروون ئەبێ پاك‌و خاوێن‌و پڕ لە خــواناسی بێ. بۆ ئــاشنایی لەگەڵ زانیاری ئێرانی‌یەکان دا هاتووەتە ئێران‌و لە گەڕانەوەی دا بورۆم کۆچــی دوایی کردووە. فلۆتین لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیا پەنجــاو چــوار نامیلکــەی لەبارەی پیتۆڵی‌یەوە نوسیوە. ئەو خوای بە سەرچاوەی هەمووشتێ داناوە.

## (ق)

قاروون qárún: ئامۆزای مووسایەو گوایە لە مووساوە فێری کیمیاگەری بووەو گەلێ لە

ئـــەردەزینەکانی کردووەتە زێڕو گەلێ ســـامان‌و دارایی کۆ کردووەتەوە. وە کوو ئەڵێن: چل‌خانووی پڕ لەگەنجی بووەو هیچی بە هەژار نەداوەو گوێشی بۆ مووسا شـل‌نەکردووەو پاشـان خــواقاری لیٚ‌گرتووەو لەگەڵ گەنجـــەکانیا نوقمی زەوی کردووەو لە ناوی بردووە.

## (ك)

**کانت kánt**: ناوی ئیمانوییلەو یەکیٚ لە پیتۆڵانی هەرە بە ناوبانگــی ئـەڵمانی‌یەو لە ســاڵی ١٧٢٤ی زاین لە شاری کۆنیگسبرگ دا پیٚی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە لە ساڵی ١٨٠٤ دا لە جیهان ماڵ ئاوایی خواستووە. لە هەشـت سـاڵی دا چـووەتە فێرگەو خەریکی خوێندن بووەو لە سێزدە ساڵی دا دایکی لە دەست داوە. دایکی کە ژنێکی پارێزکارو دیندار بووە لەم ماوە دا لە بارهێنان‌و تۆرەو شـێوازی ئـایینی‌و خـــوو و ڕەوشتی ئەو کۆتایی نەکردووە، بە پیٚی ڕەوشتی ئەو سەردەمە لە شازدە سـاڵی دا چووەتە زانستگەی کۆنیگسبرگ‌و لە زانکۆی پیتۆڵی دا خەریکی خوێندن‌بووە. لە ساڵی ١٧٤٦ دا باوکی کۆچی دوایی کردووەو ئەویش ناچار خــەریکــی وانە وتنەوە بووە، بە ڵام دەستی لە خوێندن نە کێشاوەو سەرئەنجام زانکۆی پیتۆڵی بە ئەنجـام گەیاندووەو پاشان چە ندین بەرگ پەڕاوی لەبارەی پیتۆڵی‌یەوە نووسیوەو لە چاپی داوە. کانت تا کۆتایی تەمەنی لە زانستگەی کۆنیگسبرگ دا خەریکــی وانە و تنەوە بووە. مەرگی ئـەو هەمووی خـەڵکــی ئـــازیەت‌بار کردووە، وە تەرمەکەی لەژێر هەیوانی دەرەوەی کلیسای شارەکەدا سپێرراوەتە خاك. لە ســەر گۆڕەکەی دا ئــەم کۆشــە کە لەیەکیٚ لە پەڕاوەکانی دا هەڵبژێرراوە هەڵکــەنراوە: «ئـــاسمانی پڕ لە ئەستێرە لە ژوورسەرم دایە و یاسای هیمی لە دڵی من دا جیٚی گرتووە».

**کراســۆس Kirásos**: لە «١١٥ - ٥٣ی پێش زاین» دا ژیاوە. یەکیٚ لە ســـەرداران‌و کەمۆیانی ڕۆمە کە لە ســـاڵی ٧١ دا بووەتە دادیاری ڕۆم‌و سپارتاکۆســـی تیٚ شکاندووەو لە سـاڵی ٦٤ دا بووەتە فـەرمانڕەوای ســووریەو لەم دەمە دا چـــووەتە گژی ئێراناو شەڕێکی سەخت دەستی پیٚکردووەو لەو شەڕە داکوژراوە.

**کندی Kindî**: ناوی یەعقــووب کوڕی ئیســـحاق، یەکیٚ لە زانایان‌و پیتۆڵان‌و ژمارەزانانی سەدەی سیٚهەمی کۆچی بووە. کندی لە لای زانایانی خول‌و سەردەمی خۆی فێری زانست بووە، وە «ابومعشر البلخی» یەکیٚ لە شـاگردانی ئـەو بووە. وەکوو ئـەڵێن ئەو لە ساڵی ٢٥٠ی کۆچـی دا لە جیهـان ماڵ‌ئـاوایی خـــواستووە. لە کندی‌یەوە گەلیٚ پەڕاوو نامیلکــە بەجــیٚ ماوە کە زۆربەی ئـــەو پەڕاوانەی لە یوونانی‌یەوە وەرگێڕاوەتە ســەر زمانی عەرەبی، وە گەلیٚ شـوێنەواریشــی لەبارەی پیتۆڵی‌و

ئەستێرەو هەندازەو بژیشکی و موسیقی‌یەوە داناوە.

کۆنفوسیوس Konfusyus: لە ساڵی ٥٥١ی بەر لە زاین دا هاتووەتە جیهـانەوە، وە لە ساڵی ٤٧٩ لە تەمەنی ٧٢ سـاڵی دا کۆچـی دوایی کردووە. لە بیسـت سـاڵی دا قوتابخانەیێکـی بۆ لاوان بەدی‌هێناوە تا ئـارەزوومەندانی قـەوسـەلەی دەوڵەتی، فێری رەفتارو کردەوەی باشتر بن. بۆ هەڵچـەرخـاندنی ئـەم فێرگەیە چـووەتە پایتەخـتو لە گەڵ «لائـۆتسە» دامەزرێنەری «تائـۆییسم» دیدارو وتو وێژی کردووە. هەر لەم دەمە دا کراوەتە وەزیری کشتو و کاڵی فـەرمانڕەوای مەڵبەندی «لوو» کە ئێستا ناوی «شـانتونگە». پاشـان دەسـتی لە کاری دەوڵەتی بە رداوەو ژیانی خۆی تەرخانی هەژاران‌و نووسینی نووسراوو پەڕاو کردووە. وتەکانی ئەو لە پێنج پەڕاو دا کۆ کراوەتەوە کە بریتین لە: «پەڕاوی مێژوو، پەڕاوی گۆڕان، پەڕاوی هۆنراو، پەڕاوی رەوشـتو باس‌و خـواسی بە هارو پاییز». دو و سـەدە لەپاش مردنی ئەو «تسین» قـەڕاڵی چین تێ‌کۆشـی کە شـوێنەوارەکانی لەناو ببا، بەڵام لە بەر ئەوەی پەیڕەوی زۆر بوو نەیتوانی ئەم کارە بکا. ئێستاش کە چـەندین سەدە لەمەرگی ئەو تێ‌پەڕیوە، لە چین وژاپون‌و خـۆرهەڵاتی دوورا پەیڕەوی زۆرە. کۆنفۆسیۆس هەرگیزخۆی بە پێغەمبەر دانەناوەو شتی وایشـیە نەگوتووە، بە ڵکـوو ئەو لە نووسراوەکانیا خەڵکی ئامۆژگاری کردووە کە ڕێگەی راستو دورست بگرنە بەر، وە بە سـووکی تەماشـای یەکتر نەکەن. کورتەی قسـەکانی ئـەمەیە: لەگەڵ خۆتا یەکڕوو و راس بە، وە لەگەڵ خەڵکا هەتا ئەتوانی خاس بە.

## (گ)

گاندی gándî: لە ساڵی ١٨٦٩ی زاین دا لە دایك بووەو لە ١٩٤٨ لە تەمەنی ٧٩ سـاڵی دا کۆچی دوایی کردووە. هەر لە مناڵی‌یەوە لە هندوسـتان دا خـەریکـی خـوێندن بووەو پاشان چـووەتە ئینگلسـتان‌و خـوێندنی تەواو کردووە. سـەرەتا لە بومبەیی‌و ئەوسا لە ئەفـریقای باشـووری دا بە کاری را میاری‌یەوە خـۆی خـەریك کردووەو لەگەڵ کەڵەگایی دا کەوتووەتە بەربەرەکانێ بۆ مافـی نەتەوەکەی، ئینجـا هەندێ یاسای ستەمکارانە کە لە لایەن ئینگلیسـی‌یەکانەوە بۆ گەلی هند دانرا بوو بەهۆی بەربەرەکانێ‌ی گاندی‌یەوە هەڵوەشایەوە. گاندی لەپاش ئەم سـەرکەوتنە گەڕایەوە هندو لە هندیش دا لەگەڵ نەیارانی گەل دا کەوتە بەربەرەکانێ و کراسێکی سادەی ئەکردە بەرو خۆراکی لە شـیری بزنێ بوو کە خـۆی بە خێوی ئـەکرد، لەخـوری بزنەکەش بەنی ئەڕیسـاو بڕوای لەسـەر ئـەوە بوو کە هندی‌یەکان بە پیشـەی نەتەوایەتی خۆیان پشـت ببەسـتن وشـت لە دەرەوە نەکڕن. لە سـاڵی ١٩٢٢ دا

ئـەویان بە تاوانی ئـاژاوە نانەوە زیندانی‌کردو شـەش سـالْ بە ندیان بۆ برِی‌یەوە. بەلاّم لەدوو سـالْ پتر لە بەندا نەبوو، پاشـان کە لە بەند ئـازاد بوو، بووە سـەرۆکی ئەنجـومەنی نەتەوایەتی‌و لەوێش دا بۆ رزگاری گەلی هندو هندوسـتان تێکـۆشی. سەرئەنجـام وڵاتی هندوسـتانی بە سـەربەخـۆیی گەیاندو کەڵەگایی راونا، بەلاّم بە داخەوە لە سالّی ١٩٤٨ی زاین دا بە گولەی دوژمنێکـی ناپاکەوە پێکـراو گیانی بە گیان ئافەرین ئەسپارد.

**گوشتاسپ gušt´asp**: کوڕی لوهراسپی کەیانی‌یە. بەپێی ئـەفسـانەکانی کۆنی ئێرانی، گوشتاسپ لەبەر ئـەوەی لەگەلْ باوکیا نێوانێکـی خـۆشی نەبووە، چـووەتە رۆم‌و کەتایوون کچی قەیسەری رۆمی خواستووەو پاشان باوکی یەکێ لە کوڕەکانی‌تری کە ناوی زەریر بووە ناردوویەتە شوێنیا وئەویش گەڕاوەتەوەو چووەتە سەرتەخـت‌و ئاینی زەردەشتی پەسەند کردووەو برِوای پێ‌هێناوەو پەرەی پێ‌داوە.

## (ل)

**لائۆتسە l´aotisa**: لە سالّی ٦٠٤ی پێش زاین داژیاوە، وە یەکێ لە زانایانی وڵاتی چینە. ئــەم زانایە ئــاینێکی بە ناوی «تائـۆییسم» بەدی‌هێناووە پەڕاوێکــی بە ناوی «تائۆتهگنیك» نووسیوە کە پڕیە لە زاراوەی شاراوەی خواناسی. بۆ نموونە وشەی تائۆی بەو جۆرە شی‌کردووەتەوە: «تائـۆ وەکوو دەفـرێکی چـوّلە کە مرۆ ئـەتوانێ ئاویشی لێ‌هەلْکێشێ، ناوەرۆکیشی ئەوەندە قووڵ‌و بێ‌بنە کە هەرگیز تەواو بوونی بۆنیە. تائۆ وەکوو ئەستێڵێکی قـووڵە کە ئـاوەکەی هەرگیز وشـك نابێ. لائـۆتسە لای وایە کە زانست بۆ مرۆ زیانی هەیەو ئادەمیزاد سەرئەنجام بەهۆی زانستەوە لە ناو ئەچێ.

## (م)

**مانی m´ani**: وێنەکێشی بەناوبانگ‌و پێغەمبەرێکی ناسراوە کە لە سـالّی ٢١٦ی زاین لە سالّی چوارەمی پاتشایی ئەردەوانی پێنجەم لە شاری بابل دا لە دایك بووە. دایکـی لە شازادەکانی ئەشکانی بووەو باوکی فاتەك خەلْکی هەمەدان بووەو رۆیشـتووەتە بابل‌و لە یەکێ لە گەڕەکەکانی تیسفوون دا نیشـــتەجــێ بووە. مانی لە ســالانی ٢٤٠-٢٤١ی زاین دا بووەتە پێغـەمبەرو پەڕاوێکـی بە ناوی شــاپووری کوڕی ئەردەشێری بابەکان نووسیوەو ناوی ناوە «شاپورگان». لە سالّی ٢٧٧ لە خـولی بارامی یەکەمی ساسانی دا کە تەمەنی شەصت سـالْ بووە گیراوەو خـراوەتە بەندو

هەموو رۆژێ ئەشکەنجەو ئازاریان داوە، بەوەشەوە وازیان لێنەهێناوەو پێستیان گرتووەتەوەو پڕیان کردووە لە کاو لە سەر دەروازەی گوندی شاپوورا هەڵیانواستووە. ئایینەکەی لەپاش خۆی پەرەی سەندووەو لە بەشێکی گەورەی ئاسیاو ئوروپاو ئەفریقا دا بڵاو بووەتەوە. پەڕاوە ئایینییەکەی کە بە وێنە رازاوەتەوە ناوی «ئەرژەنگ»ە.

مووسا músá: کوڕی عومرانو یەکێ لە پێغەمبەرانی بەناوبانگی جوولەکەیە. وەکوو لە پەڕاوە ئایینییەکانو قورئانی پیرۆز دا هاتووە: دایکی لە ترسی فرعونی میسر ئەوی نایە سەندووقێکو فڕەی دایە ناو ئاوی رووباری نیلەوە، ئەویان لە ئاو گرتەوەو ئاسیەی ژنی فرعون بە نهێنی بە خێوی کردو باری هێنا. لە خولی لاویەتیو تافی جوانی دا چووە لای شوعەیب پێغەمبەرو لەجیاتی سێ ساڵ شوانی کچەکەی خواستو گەڕایەوە میسر. شوعەیب گالۆکێکی دابووە مووسا، لەرێ داژنەکەی ژانی گرتو ئەویش چوو ئاوی بۆ بێنێ. لە سەر دارێك دا چاوی کەوتە تیشکێك کە دەنگێکی لێوە هاتو وتی: «انی انا الله» واتە من خوام. ئەوسسا لە لایەن خواوە بووە پێغەمبەر، پەرجوو موجزەیشی ئەمە بوو کە گالۆکەکەی ئەبووە ئەژدیهایێ. پاشان بوورزگار کردنی جوولەکەکان رۆیشتە میسرو ئەوانی لەگەڵ خۆیا بردە دەشتی سینا. مووسا بۆ رازو نیاز ئەچووە کێوی «طور»و خوایش لەوێ دا «تەورات»ی بۆ دابەزان. کاتێ مووسا لەگەڵ خوا دا قسەی ئەکرد، داوای لێکرد کەبە چاو ببینێ. خوا وەڵامی دایەوە: «لَن تَرانی» واتە: تۆ ناتوانی بمبینی. بەم جۆرە ئەم پێغەمبەرە ژیانی خۆی بۆر زگاری گەلەکەی بردەسەر تا لە تەمەنی ١٢٠ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد.

مەزدەك mazdak: یەکێ لە پێغەمبەرانی کۆنی ئێرانە کە لە زەمانی قوبادی ساسانی (٤٨٨-٥٤١ی پێش زاین) دا سەری هەڵداوە. بنەڕەتی ئایینەکەی بە پێی بەرامبەریو هاوبەشی سامانو دارایی دانراوە. قوباد ئایینەکەی پەسەند کردووەو بڕوای پێهێناوە. بەڵام لە بەرئەوەی دەرەبەگەکانو سامندارانی ئەو سەردەمە رووی خۆشیان لەگەڵ ئەم ئایینە پیشان نەداوە، قوبادیش رووی لە مەزدەك وەرگێڕاوەو لە ئاخرو ئۆخری پاتشایەتی دا تەواوی پەیڕەوانی مەزدەکی لە جێییك دا کۆ کردووەتەوەو هەموویانی کوشتووە ئەڵێن ئەو کوشتارەش بە دەستی نەوشیرڤانی کوڕی ئەنجام دراوەو پاشان مەزدەکیشیان زیندە بە گۆڕ کردووە.

مەلاصەدرا malá sadrá: ناوی صدرالدین موحەممەد کوڕی ئیبراهیمی شیرازییە کە بە «مەلا صەدرا» بە ناوبانگە، وە بە یەکێ لە پیتۆڵانو زانایانی سەدەی یازدەهەمی کۆچی ئێران دێتە ئەژمار. مەلا صەدرا لە شیراز دا لە دایك بووەو لە پاش مەرگی

باوكی رۆیشتووەتە ئـەسپەهان‌و لە لای میر دامادو شـیخ بەهایی دا خـەریكـی خوێندن بووەو چەند جاریش چووەتە مەكە. مەلا صـەدرا گەلێ شـوێنەواری داناوە كە گرنگترینی ئەو پەڕاوانە بریتین لە: «اسفار اربعه و شواهد الربوبیه»و «واردات القلبیه»و «شرح اصول كافی».

**مەولەوی** mawlawî: مەولانا «جـلال الدین محمد بن بهـاءالدین» كە بە مەولەوی‌و مەلای رۆمی بە ناوبانگـە، لە سـەدەی حـەوتەمی كۆچـی دا ژیاوە، وە بە یەكێ لە خـواناسان‌و هونەرانی گەورەی ئێران دێتە ژمار. جـلال‌الدین لە بەلخ دا لە دایك بووە بەڵام لە بەر ئـەوەی زۆربەی ژیانی لە قـوونیە دابردووەتە سـەر بە رۆمی ناوبانگـی دەركردووە. بهـاءالدین باوكی لەبەر ناكۆكییێك كە لەگەڵ خوارەزمشایی‌یەكانا هەیبوو لە ساڵی ٦١٠ی كۆچـی داریگـەی بەغدای گرتە بەرو لەسەر ریگاكەیەوە كە بە سەر نیشـابوورا تیپەڕی، شـیخ عەتاری چـاو پی‌كەوت‌و عەتار پەڕاوی «اسرار نامه»ی پیشكەش كردە جلال‌الدین كە لەو دەمە دا منالێكی گچكە بوو. بهـاءالدین لە پاش حـەج كردن‌و گەڕانێكـی زۆر بەسـەر وڵاتە ئیسلامی‌یەكان دا رۆیشتە شام‌و ماوەییك لەوێ دا مایەوە. پاشان چـووە قـوونیەو پاشماوەی ژیانی لە وێ دا بردە سـەر تا لە سـاڵی ٦٢٨ی كۆچـی لە جیهـان ماڵ‌ئاوایی خواست. جـلال‌الدین كە لە كاتی مردنی باوكیا تەمەنی بیسـت‌و چـوار ساڵ بوو، بەپێی ئەسپاردەی باوكی‌و تكای علاءالدین لە جـێی ئـەوا دانیشـت‌و خەریكی رێنموونی خەڵك‌و دەرس و تنەوە بوو. لە ساڵی ٦٤٢ دا لە گەڵ خواناسی بە ناوبانگ «شـمس‌الدین محمد»ی تەوریزی دا ئـاشنا بوو، وە لە پاش ئـەم ئاشنایەتی‌یە، مەولەوی بە جـۆرێ شـەیدای شـەمس بوو كە لە بەر ئـەو وازی لە هەموشتێ هێناو پەیوەندی خۆی لەگەڵ رابردوو دا پچڕی‌ولە ریزی پەیرەوانی ئەو دا دەرهات. شەمسی تەوریزی لە ساڵی ٦٤٥ لە قوونیە دەرچووو ئیتر نەگەڕایەوە. مەولەویش لە ئەوینی ئەو دا سووتاو خەریكـی هۆنینەوەی هۆنراو بوو تا لە سـاڵی ٦٧٢ی كۆچـی دا كۆچـی دوایی كرد. مەولەوی هۆنراوی خـواناسی گەیاندە پلەو پایەییكـی بەرز، وە گرنگترین پەڕاوی ئـەو «مثنوی»و «دیوانی شـەمسـی تەوریزی»یە.

## (ن)

**نرۆن** niron: لە سـاڵی ٣٧ی زاین دا هاتووەتە جیهـانەوە، وە كلۆدیۆس ئـەوی بە كوڵەوەسی بە خێو كردووەو لەپاش مەرگی ئەو بووەتە قەڕاڵی رۆم. وەكوو ئـەڵێن پیاوێكی شێت‌و خـوێنخۆر بووە، هە ركە بووەتە قـەڕاڵی رۆم، براو دایك وژنەكەی

کوشتووەو هەموودەم خـۆی بە هونەرمەندو گۆرانیبێژێکـی باش داناوە, زۆری لە خەڵك کردووە کە سـتایشی کەنو پیایا هەڵبڵێن. لە سـاڵی ٦٨ی زاین د بە هۆی تەوژمی خەڵکەوە کوژراوە.

## (ه)

هند **hind**: هند یەکێ لە وڵاتە پانو بەرینەکانی جیهانە. دانیشتوانی ئەم وڵاتە بە زۆری لە دەشتی باکووری هندستان دا بڵاو بوونەتەوە، چونکە ئاوی زۆرەو هەر دوو رووباری (سند)و (کنگ)ی پێدا رەت ئەبن. لەم وڵاتە دا نزیکـەی ١٧٩ زمانو ٥٤٤ شـێوە زمان هەیە کە هەندێکیان زمان و شێوە زمانی ناوخـۆیی هەندێ هۆزو تیرە بلاۆون بەم لاو بەو لای هەرێمەکەدا. بەڵام گرنگترینی ئەو زمانانەی کە لە کیشوەری هند دا بڵاون بریتین لە سێ زمان: هندیو ئوردوو و بەنگالی. هندوستان پێشـینەیێکـی مێژوویی بەرزی هەیە، لەم دواییەدا هەندێ شوێنەوار بە هۆی باستان ناسـانەوە دۆزراوەتەوە کە بە پێی ئەو شـوێنەوارانە دەرکەوتووە کە پێنج هەزار سـاڵ لەمەو پێش لەم وڵاتە دا شـارستانیەتێکـی بەرز هەبووە. لەم هەرێمە دا ئـایین گرنگترین هۆیە کە کار ئـەکاتە سـەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بە جـۆرێ کە جـلو بەرگو خـواردنیشی پێوە بە سـتراوە. لە هەزارەی پێش زاین لەو ڵاتی هندا بوودا سـەری هەڵداو ئایینێکی دامەزراند. لە ساڵی ٣٢١ی پێش زاین لە تاکسـیلاو تالیپوترا دا، پیاوێ لەبنە ماڵەی مۆریا بووە پاتشاو سێهەمین ئەندامی ئەم بنەماڵەیە (ئاشۆکا) یە کە لە ساڵی ٢٦٨ی پێش زاین دا بووەتە میرو پەرەی داوەتە ئایینی بوودا. ئـایینی ئیسلامیش لە لای باکووری خۆئاواوە هاتووەتە ئـەم وڵاتەوە، وە ئێسـتا نزیکـەی ١٥٠ ملیۆنی خەڵکی هند موسڵمانن، وە هەر وەها گەلێ ئایینی تریش لەم وڵاتە دا باوە.

هیروودیس **hîrûdîs**: ناوی پادشاییێکی جـوولەکەیە کە هافـی عیسـا لە زەمانی ئـەو دا سەری هەڵداوە، وە ئەم پادشـایە لەگەڵ ئـەوەی پیاوێکـی زیرەكو وشـیار بووە، گەلێ فـریوکارو دەغەڵبازو سـتەمکـارو دڵرەق بووە، وە کاری هەر کوشـتنو خوێنڕێژتن بووە، بە چەشنێ کە پادشاکانی دوای ئەویش ئـەم ناوەیان پێ دراوەو بە زنجیرە رۆیشتووە.

## (ی)

یوونان **yúnán**: یەکێ لە وڵاتە کۆنەکانی جیهـانە. لەسـەدەی پێنجـەمی پێش زاین دا یوونان بە هێزترین کیشوەری جیهـان بوو. لە سـاڵی ٤٤٦ی پێش زاین کەوتە ژێر

دەسـەڵاتی رۆمو لە ١٤٥٣ی زاین دا کەوتە ژێر دەسـەڵاتی عوثمانی. لە سـاڵی ١٨٣٠ دابووە وڵاتێکی سەربەخۆ. پایتەختی ئەم وڵاتە «ئـاتن»ە. باکووری یوونان هەرێمێکی کوێستانی‌یەو ئاوو هەوایێکی ساردو فێنکی هەیە. خـەڵکـی یوونان زۆربەیان مەسیحین‌و بە زمانی یوونانی وت‌وویژ ئەکەن.

# فەرهەنگۆك

«ئا»

ئاپۆر: ئاپۆرە، رووشە). (بلاء)
ئاخەفتن: ئاخافتن، ئاخاوتن، قسەکردن، دوان.
ئاستەم: ئەستەم، زۆرسەخت.
ئالۆس: ئالوودە، پیس.
ئالوودە: پیس. تێکەڵاو.
ئاور: ئاگر، ئاتر.
ئاوەز: ئاریش، ژیری.
ئۆگر: هۆگر.
ئەردەزین: ئەردزین. (فلز).
ئەزموودە: تاقیکردنەوە ـ لە «ئازمای» یەوەهاتووە.
ئەستێڵ: هەسێڵ، ئەستێر، ئەستێرك ـ گۆلێکی گەورەیە لەبەر ئاوی کانی یاسەرچاوەیێکا دروست ئەکرێو پاشان شینایی پێ ئاو ئەدرێ.
ئەنبووژەنی: (مادّیات).
ئەوین: ئەڤین، دڵداری. (عشق).

«ب»

باسەری: فیز، شوٚگایی (تکبر)
باشوور: ژێرۆ. (جنوب).
باکوور: لایچەپ. (شمال).
بانگێشتن: بانگ کردن.
بزە: زەردەخەنە، گرژینەوە.

بژۆنی: زەهلە. (معنویات).
بژیشك: پزیشك، حەکیم.
بلیمەت: پێگەیشتوو، هەڵکەوتوو.
بنج: ریشە.
بووکەشووشە: بووکیمناڵانە، بووکۆکە.
بەژ: وشکانی.
بێتۆرە: بێشێواز، بێئەدەب.
بیر: ویر، هویر، بیراهی. چاڵاو
بێروون: دەرەوە.
بێوەری: بێبەری. (محروم).

«پ»

پاتشا: پادشا.
پاودان: رەویەت. (حالت).
پسپۆر: کەسێ کە لە کارێکا زۆر زانا بێ. (متخصص).
پەتەر: ئاپۆرە، رووشە، ئاسیو.
پەراوێز: کۆبە، سباندە، (حاشیە).
پەرتووك: پەڕاو، کتێب.
پەرتووکخانە: کتێبخانە.
پەرجۆ: کارێکی هەڵکەوتووە کە لاسایی نەکرێتەوە. (معجزە).
پەریرەشك: ئەهریمەن. (شیطان).
پەز: رانی مەڕ.
پیتۆڵ: پیتۆر. (فیلسوف).
پێشە: پیشە، کار.
پیلەبازی: دەمەقاڵە. (مجادلە).
پێوار: بزری، نەدیویی. (غیب).

«ت»

تاریگەور: تاریك و روونیبەیانی.
تازیانە: قامچی، قەمچی.
تاژانگ: تازیانە.
ترۆم: رەگەز، رەسەن.
تشتانۆك: قەوسەلە. (رمز).

**تۆره:** شێواز. (ادب).
**تۆژانەوە:** لێکۆڵینەوە. (تحقیق).
**تووڵانەوە:** خراپە. (فساد).
**تەریك:** جێگای بەتاڵ. (خلوة)
**تەنك:** نازك.

«چ - خ»

**چۆك:** ئەژنۆ، وژنگ، زەنگۆڵ، زرانی.
**خواجە:** خواجا ـ بەواتای ئەو کۆیلانەیە کە دەرەبەگ و خاوەن کۆیلەکان ئەیانخەساندن و لە ماڵەوە لە نێوان ژنەکان و کچەکانیان دا کاریان پێ ئەکردن.
**خۆرئاوا:** رۆژئاوا. (غرب).
**خۆرهەڵات:** رۆژهەڵات. (شرق).

«د»

**در:** زوور، زبر.
**دردۆنگ:** بەشك، دوودڵ.
**دڵاوا:** بەخشندە.
**دڵۆوان:** خاوەن بەزەیی.
**دۆخ:** مەرە. (حال).
**دوومۆریی:** بیوڵەتی، دۆبرێی. (نحوست).

«ر»

**راڤە:** شیکردنەوە. (شرح).
**رامیاری:** کەمویی. (سیاسی).
**روان:** سەوزبوون.
**رەتاندن:** غاردان و ماندووکردنی گیاندار.
**رەچەڵەك:** بنەچە، بناچە، بنەچەك. (نسل).
**رەوو:** رەوە، رەوگ ـ گەلەورانی ئەسپ
**ریئۆنی:** زانیاری. (حکمت).

«ز»

**زانکۆ:** زانستگە.
**زبر:** درشت.
**زەریا:** زریە، دەریا.
**زەلام:** پیاو.

زی: هۆش
زێد: شوێنی لە دایك بوون.

«ژ - س»

ژیار: شارستانیەت. (تمدن).
سڕگوم: نادیار.
سرۆش: ئەو فریشتەیەی کە هەواڵ لە نەدیوی‌یەوە ئەهێنێ.

«ش - غ - ف - ڤ»

شەلووف: زۆڵ، بیژوو.
شەهتۆت: بەزمان، زماندار. (فصیح).
غەوارە: بێگانە، بیانی.
فرە: زۆر، گەلێك.
فێرگە: قوتابخانە.
ڤەپژلاندن: بەربەرەکانێ کردن، دەمەقاڵە.

«ق»

قامچی: قەمچی، تازیانە.
قاندڕ: زاڵ، چیرە، سەرکەوتوو.
قڕنووسی: رژدی، خوەزۆکی. (حسادت).
قەڕاڵ: خونکار، ئیمپراتۆر.
قەراڵستان: ئیمپراتۆری.
قەشە: پێشەوای ئایینی مەسیحی‌یەکان.
قەڵس: تووڕە.
قەوسەلە: مامك، تشتانۆك. (رمز).

«ك»

کارا: کارامە، کارامەد، کارزان.
کۆش: عبارت.
کۆیلە: کۆلە، کەدی، بەنی، بەندە.
کەزێ: حەسیر، حەسیل.
کەزێچن: حەسیرچن
کەڵکەڵە: خولیاکەوتنەسەر.
کەڵەگایی: داگیر کردنی وڵاتی گەل و نەتەوەیێك لە لایەن دەوڵەتێکــی بیانی‌یەوە. (استعمار).

کووشنەنگە: شەڕگە. (معرکە)

کەوشەن: سنوور. (حدود).

«گ»

گاڵۆك: گۆچان.
گرنگ: پێشەم، بەرکەتی. (مهم).
گرژینەوە: بزە، زەردەخەنە.
گەڕوو: گەلوو، قوڕوو.
گێچەڵ: تەشقەڵە، فیڵ.
گێچەڵباز: تەشقەڵەباز، فێڵباز.
لۆك: وشتری
موخابن: موخابین، داخ
موغ: پێشەوای ئایینی زەردەشتی.

«ن - و - ه - ی»

نامۆ: غەوارە، بێگانە.
نەسەقچی: جەلاو (جلاد).
واتا: مانا.
وانە: دەرز، دەرس.
وجاخ: وەجاخ، کوانوو، کوچکاور.
ودم: دەستوور. (اجازە).
وشکەڕن: گوڵمەز.
وشیار: وریا، بەهوش.
وڵس: ئاژاڵ، ئاژەڵ، ماڵات.
وڵکە: قاد، وڵات.
وەڵام: وڵام، بەرسیف. (جواب).
هوزان: زۆرزانا، بلیمەت (علامە)
هەنداز: ئەندازە. (هندسە).
هێژا: بەڕێز، بەنرخ.
هیم: نەریت، خوو ورەوشت. (اخلاق).
یارمەتی: یاریدە، یاریکاری، هامەیاری.
یاری: گەمە، کایە.

## سەرنج

### چاوەڕوانی ئەم پەڕاوانە بن:

١- بەندیوەرگێڕاوی: هۆشیار

٢- داهاتووی ئیسلام - نووسراوی: سید قطب - وەگێڕاوی: صدیق بۆرەکەیی

٣- عرفان، بەرانبەری، ئازادی - نووسراوی: دوکتۆر شەریعەتی - وەرگێڕاوی: ماموستا هەژار

٤- بەرەو ڕێبازی سەرکەوتن - نووسراوی: بورهان ئەمینی

٥- دووبەیتییەکانی بابەطاهیری هەمەدانی - وەرگێڕاوی: صدیق بۆرەکەیی

٦- ناسینی ڕاستەقینەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام - وەرگێڕاوی: صدیق بۆرەکەیی

٧- چوارخشتەکیەکانی خەیام - وەرگێڕاوی: صدیق بۆرەکەیی

٨- لەسێبەری قورئاندا - نووسرواي: سید قطب - وەرگێڕاوی: صدیق بۆرەکەیی

سروش

۳۵۰۰ تومان